# دامودەزگاكانی سوپای نوێی ئێراق (سوپای مالیكی، شیعە و بەعس)




یەكشەممە 4.11.2012
دەرسیم دیبەگەیی
Darsim2006@hotmail.com


**پێشەكی:**

بەدرێژایی مێژووی دەوڵەت و سوپای شۆڤێنی سەر بە حكومەتە یەك لەدوا یەكەكانی ئێراق، ئەو سوپایە هەرگیز سوپای تەواوی پێكهاتەكانی ئێراق بە (عارەب، كورد، توركمان و ئاشووری) نەبووە بەڵكو هەردەم سوپای عارەب و پارتی دەسەڵاتدار بووەو بە بەردەوامی كوردی كوشتوە، ستەمی لە كورد كردووە، شار و دێهاتی كوردستانی خاپور، بۆمبا باران و ژەهر باران كردووە. بۆیە كوردو سەركردایەتی كورد ئەو هەڵەیەی كە كاتی خۆی ئەو هەشت ئەفسەرە پلە بەرزە كوردەی لە ڕێكەوتی (6.1.1921)دا كردیان و سوپای دڕندەی ئێراقیان بە هاوبەشی لەگەڵ (6) ئەفسەری دیكەی عارەبی ئێراقی دامەزراند، نەدەبوایە ئەوان لەدوای ڕوخانی ڕژێمی دیكتاتۆری سەدام كە سوپای ئێراق هەڵوەشایەوە، دووبارە سەر لە نوێ دروستی بكەنەوە.

بە بۆچوونی خۆم دامەزراندنی سوپای ئێراق لە ساڵی (1921) بە هاوكاری سەرەكی (8) ئەفسەری كورد، ئەگەر هەڵەیەكی گەورە یان (ناپاكی) بێت لە كورد، ئەوە بەدڵنیایی دووبارە دامەزراندنەوەی سوپای ئێراق لە دوای ڕوخانی ڕژێم لە ڕێكەوتی (9.4.2003)دا لەلایەن سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دەچێتە خانەی ناپاكی نەتەوەیی، چونكە ئەو (8) ئەفسەرە كوردە كردەوەو ڕەفتاری سوپای ئێراقیان نەدیبوو هەروەها پێشتر سوپایەك نەبووە بەناوی سوپای ئێراق، بەڵام پارتی و یەكێتیی نەك شارەزای ڕەفتار و كردەوەكانی ئەو سوپایە بوون بەڵكو گورزی توندی دەستی ئەو سوپایە بەر هێزە سیاسی و سەربازییەكانی خۆیان كەوتبوو.

دوای ڕوخانی ڕژێم، سوپا شۆڤێنی و دڕندەكەی ئێراق بە بڕیارێكی برێمەر هەڵوەشایەوە، بەڵام پاش ماوەیەكی كەم و كەمتر لە تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر بڕیارەكەدا بە هاوكاری زۆری كورد دووبارە سوپا و تەواوی دامودەزگا سەربازییەكان دامەزرایەوە. تا حكومەتی نوێی ئێراق لاوزبوو و دەسەڵاتی هیچیان نەبوو، ئەو دوو پارتە كوردییە ڕۆڵەو پێشمەرگەی كوردیان وەكو پاسەوان بۆ بەرپرسە حزبی و حكومییەكان دابین كردبوو، بۆ نموونە (50) پێشمەرگەی كورد تەرخان كرابوو بۆ پاسەوانی كەسێكی وەكو عەدنان ئەلدلێمی شۆڤێنی و دوژمنی كورد. شەڕی ناو موسڵ، فەلوجە، بەغدا و شارەكانی دیكەی باشووری ئێراقیان بە كورد كرد، بەڵام ئەوكاتەی ئەوان بەهێز بوون و پێویستیان بە كورد نەما، لەدوای ساڵی (2007)ەوە ڕۆژانە سوكایەتی و تەشقەڵە بە كورد دەكەن و هەڕەشەی كۆنترۆڵكردنی تەواوی ناوچە دابڕاوەكانی باشووری كوردستان و دەركردنی هێزی پێشمەرگە و كورد لەو ناوچانە دەكەن.

بۆیە ئەوەی سەركردایەتی كورد لەپێناوی دووبارە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی ئێراق و سوپا فاشی و ڕەگەزپەرستەكەی عروبە كردیان، ڕێك ئاوەدانكردنەوەی ماڵی دوژمن و كاولكردنی ماڵی خۆمان بوو وەكو هەڵبەستوانێكی فارس دەڵێ:

وای قومی كشته دتبیر غیر
كار أو تخریب خود تعمیر غیر

واتە؛ (وای لەو نەتەوەیەی كوشتەی تەكبیرە بۆ بێگانە، كارەكەی دارمانی خۆی و ژیانەوەی بێگانەیە). ئێمەی كورد زۆر توندین لە بەرامبەر نزیكترین كوردی خۆمان، كەچی بەپێچەوانەوە زۆر نەرمین لەگەڵ سەرسەختترین دوژمنی كوردو كوردستان.

سوپای نوێی ئێراق پێكهاتووە لە (14) تیپ (فرقة) و (3) تیپی سەر بە فەرماندەیی هێزە تایبەتییەكان لەگەڵ (3) تیپی هێزی پۆلیس-یش. هەر تیپەی لە چوا لیوا و هەر لیوایەكیش لە چوار پۆل (فەوج) پێكدێت و ژمارەی هەر تیپێك (14) هەزار سەربازە. ژمارەی تێكڕای سوپاكە نزیكەی (350) هەزار سەرباز دەبێت. سوپای نوێی ئێراق، نزیكەی (149)

تانکی (M1 Abrams – ئێم وان. ئەبرامس)ی ئەمریکی و (170) تانکی ڕوسی و هەنگاری (مەجەری) هەیە لەگەڵ نزیکەی (50) هەلیکۆپتەری شەڕکەریش.

لە ساڵی (2008)دا نوری مالیکی فەرماندەی هێزی وشکانی عەلی غێدان مەجید (شیعە) و کۆنە بەعسی بۆ خانەقین و دەوروبەری نارد بۆ ئەوەی ناوچەکە بەشەڕ بخاتەوە ژێر دەستی عارەب، بەڵام بۆیان نەچووە سەر. مالیکی لە کۆبوونەوەیەکدا لەسەر کێشەی خانەقین لە بەغدا لەبەردەم بەرپرسانی کورد، هەڕەشەی ئەوەی کردبوو کە تەواوی کوردستان بە هێزی سەربازی و شەڕ دەخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی. وەڵامی درابوەوەو پێی گوترابوو: (فەرموو خۆت تاقی بکەوە، ئێمە ڕووبەڕووی سوپا دڕندەکەی سەدام بووینەوە، ڕووبەڕووی تۆش دەبینەوەو هەڕەشەکەت نامان ترسێنێ). مالیکی گوتبوی: (گاڵتە دەکەم. ئەو قسەیەم هەر بۆ گاڵتەکرد). بەڵام گاڵتە نیوەی ڕاستییەو، مالیکی خەریکە گاڵتەکەی دەکات بەڕاست.

ساڵی (2011) سوپای ئێراق و حکومەتی ئێراق چەندین جار کێشەیان لەناو کەرکوک دروستکرد. دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە پارێزگای کەرکوک، لە ڕێکەوتی (6.8.2011)دا ئەمریکییەکان خاڵەکانی پشکنینی دەروازەکانی کەرکوک-یان بەڕووی شارەکانی هەولێر، سلێمانی و بەغدا بە هێزێکی هاوبەشی (پێشمەرگە، پۆلیسی کەرکوک و سوپای ئێراق) سپارد کە ناوی شێری ئاڵتونی (ألأسد الذهبي) لێنرا و خرانە ژێر دەسەڵاتی پارێزگاری شارەکە، بەڵام حکومەتی ئێراقی دەیویست ئەو خاڵانە بەتەنیا بدرێنە دەست سوپا کەچی بۆیان نەچووە سەر.

دوای پێداهەڵچوونی پۆلیسی کەرکوک و سوپای ئێراق لەسەر وەرگرتنەوەی فڕۆکەخانەی کەرکوک لە هێزەکانی ئەمریکی، ڕێکەوتنێکی دوولایەنە لەنێوان پارێزگاری کەرکوک و وەزارەتی بەگری ئێراق لە ڕێکەوتی (17.11.2011)دا مۆرکرا، بەگوێرەی ڕێکەوتنەکە سەرەتا دەبوایە سوپا لەوێ جێگیربکرێت و دواتریش دەبێ سوپا لە ڕێکەوتی (30.5.2012)دا فڕۆکەخانەی کەرکوک چۆڵ بکات و ڕادەستی دەسەڵاتدارانی شاری کەرکوک بکرێتەوە. بەڵام تاوەکو ئێستا سوپای ئێراق (فەوجی دووی لیوای (15)ی سەر بە فرقەی (12)ی کەرکوک) فڕۆکەخانەی کەرکوک-ی چۆڵ نەکردووە، بۆیە پێویستە لەسەر پارێزگار بەزووترین کات ئەو هێزەی سوپا دەربکات و پۆلیسی کەرکوک لە شوێنیان دابنێت.

دامەزراندنی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی دیجلە کە تاکە مەبەست لێی باڵادەستی عارەب و سەرەتا پەراوێز خستنی کورد و دواتریش بەعارەبکردنەوەی کەرکوک و تەواوی ناوچە دابڕاوەکانی باشووری کوردستانە، بۆیە کوردو سەرکردایەتی کورد بەتوندی لەدژی دەوەستنەوە. فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی دیجلە، تەواوی هێزەکانی وەزارەتی بەرگری، وەزارەتی ناوخۆ و پارێزگار دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. کە ڕێک وەکو نووسەر (سەباح تاهیر) لە نووسینێکدا ئاماژەی پێکردووە، فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی دیجلە شوێنی نووسینگەی ڕێکخستنەکانی باکوور (مكتب تنظيم الشمال)ی حزبی بەعس و فەریق عەبدولئەمیر زەیدی شوێنی عەلی حەسەن مەجید-ی گرتۆتەوە. خۆ بەڕاستیش بڕیاری دانان و دەسەڵات پێدانی ڕەهای عەلی حەسەن مەجید و فەریق عەبدولئەمیر زەیدی یەک ژمارەن کە ژمارە (160) و ڕۆژی دەرچوونی بڕیارەکانیشیان (29)ی مانگە بەڵام ئەوەی عەلی حەسەن مەجید (29.3.1987) و ئەوەی زەیدیش (29.5.2012)یە. هەرچەندە لەو ڕۆژانەدا هەندێک لە عارەبەکان پێشنیاری دروستکردنی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی باکوور (قيادة عمليات الشمال)یان کردووە، کە هەمان مەکتەب تەنزیمی شیمالە.

فەریق عەبدولئەمیر ڕەزا زەیدی فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی دیجلە، لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (5.11.2012)دا ڕایگەیاند: (ئێمە وەکو دەزگایەکی ئەمنی دوورین لە جیاوازیکردنی ڕەگەزی و ئایینی و دامەزراندنی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی دیجلە لەدژی هیچ پێکهاتەیەک نییە، بەڵکو بۆ یەکخستنەوەی هەوڵە ئەمنییەکان و بەهێزکردن و چالاککردنی دەزگا ئەمنییەکانە لە ناوچە گرنگە هاوبەشەکانی نێوان حکومەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان. لیژنەی هاوبەش هەیە کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان کاردەکات بۆ یەکخستنی کاری ئەمنی و بڵاوکردنەوەی هێزی چەکدارو پێشمەرگە لەو ناوچانەدا). فەریق عەبدولئەمیر زەیدی دەڵێ (ئێمە دوورین لە جیاوازیکردنی ڕەگەزی و ئایینزایی)، بەڵام لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی (8.11.2012) فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی دیجلە داوای کۆکردنەوەی زانیاری کردووە

لەسەر ئەفسەرانی کورد و ناوی تەواوی ئەفسەرە کورد و تەنانەت ئەو تورکمان و عارەبانەشی بە کورد نووسیووە کە دۆستی کوردن. دیارە کۆکردنەوەی زانیاری بەتەنیا لەسەر ئەفسەرانی کورد بە بۆچوونی عەبدولئەمیر زەیدی کۆنە بەعسی و تازە شیعەی سەر بە حزبەکەی مالیکی، جیاوازی کردن نییە! هەروەها زەیدی و فەریق یەکەمی ڕوکن عەلی غێدان مەجید هنێدی ئەلعەتەبی (شیعە)، فەرماندەی هێزە وشکانییەکان (قائد القوات البرية)ی ئێستای نوری مالیکی و کۆنە بەعسی بە پلەی (عضو الفرقة)ی حزبی بەعس لە ڕۆژی سێشەممە، ڕیکەوتی (13.11.2012)دا گوتیان: (کارێکی وا دەکەین لەمەودوا کوردەکانی هەرسێ شاری هەولێر، سلێمانی و دهۆک بە کارت و کەفیل سەردانی شاری کەرکوک بکەن). دیارە بە بۆچوونی ئەوان ئەو لێدوانەی زەیدی و غێدان ناچنە خانەی جیاوازی کردن و دژایەتیکردنی پێکهاتەی کورد؟ عەبدولئەمیر زەیدی، هەر لەو ماوەیەدا ڕایگەیاند کە: (دەیەوێت بارەگاکانی حزبە کوردییەکان دابخات و لە کەرکوک دەریان بکات). هەروەها گوتیشی: (لە ڕابردوودا دوژمنی کورد بووم و ئێستاش هەر دوژمنی کوردم). پێدەچێت زەیدی داخستنی بارەگاکانی حزبە کوردستانییەکان بەکارێکی ئاسان و ئاسایی بزانێت و پێی وابێت کە ئەوە هەردەم ئەرکی سوپا دڕندە و شۆڤێنیەکەی ئێراق بووە هەر لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا! ئەگەر ئێراق و حکومەتەکەی بێلایەن بونایەو جیاوازیان نەکردایە لەنێوان کورد و عارەب، دەبوایە ئێستاکە عەبدولئەمیر زەیدی لە زیندان بوایەو چاوەڕێی دادگاییکردنی بکردایە لەسەر ئەو قسەیەی کە دوژمنی کورد بووە لە ڕابردوو و داهاتووشدا!!

دیارە عەبدولئەمیر زەیدی و فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی دیجلە، هانا بردن و داوا لە مالیکی کردن بۆ خانەنشین کردن و دوورخستنەوەی ئەفسەرە کوردەکان، بە چالاککردنی دەزگاکانی ئەمنی شاری کەرکوک و بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان کورد و عارەب دەزانن!

بەگوێرەی زانیارییەکان دەمێکە نوری مالیکی و شیعەکان هەوڵی کۆنترۆڵکردنی تەواوی دەسەڵاتەکان و پۆستە ئەمنی، سەربازی و حکومییە گرنگەکان دەدەن، یەکەم هەنگاویش لەدوای نیوەی یەکەمی ساڵی (2009) دەستی پێکرد و تەواوی فەرماندە ئەمنی و سەربازییەکانی گۆڕی کە دژی خۆی بوون یان لایەنگری ئەو نەبوون و کەسانی سەر بە خۆی و ئەندامی حزبی دەعوەی لە شوێنیان دانا. ئەو هەنگاوەی مالیکی، زیاتر لەپێناوی مسۆگەرکردنی بردنەوەی هەڵبژاردنی ڕۆژی (7.3.2010) بوو کە نزیک ببووەوە. هەروەها نوری مالیکی لە ڕێگەی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان، وەزارەتی بەرگری و فەرماندەیی هێزە وشکانییەکان بە دەیان هەزار کەسی سەر بە میلیشیا شیعەکان خولی ماوە کورتیان بۆ کرایەوەو دواتر هەموویان پلەی ئەفسەریان پێدرا لە ئەفسەری یەک ئەستێرە تا عەقید و تێکەڵ بە سوپا کران.

لەکاتی کێشەی نێوان سوپای ئێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دەڤەری شەنگال لە مانگەکانی تەموز و ئابی ساڵی (2012)دا، نوری مالیکی لە ڕێکەوتی (12.8.2012)دا لە لە لێدوانێک بۆ میدیای ئەنادۆڵی تورکی گوتی: (پێشبینی جیابوونەوەی کوردستان و لەدایکبوونی دەوڵەتێکی کوردی دەکەم لە باکووری ئێراق). ئەو لێدوانەی مالیکی وەکو فیتەی حەرام زادە وایە، ئەگینا بۆ ئەو لێدوانە بۆ تورک دەدات کە ئەوان نایانەوێت دەوڵەتێکی کوردی لە ئەفریقیا دروست بێت، جا لەبن پاڵیان!

بەگوێرەی ڕاپۆرتی فەریقی یەکەم بابەکر زێباری سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێراق کە لە ڕێکەوتی (9.4.2011)دا بۆ جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری ئێراقی ناردووە، دەمێکە مالیکی و حزبی دەعوەی شیعە هەوڵی کۆنترۆڵ کردنی تەواوی پۆست و پایە گرنگەکانی بەتایبەت دامودەزگا سەربازییەکان دەدەن لەپێناوی کۆنترۆڵ کردنی دەسەڵاتەکان و هەنگاوی باشیان بریوەو سەرکەوتوو بووینە. هەر بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە زێباری ئاماژە بە کۆبوونەوەیەک دەکات کە لە ساڵی (2009)دا لە ماڵی وەزیری بەرگری بە ئامادەبوونی: (عەبدولقادر محەمەد جاسم عوبەیدی وەزیری بەرگری، فەریق یەکەمی ڕوکن مۆحان حافز، فەریق ساڵح سەرحان، لیوا ڕوکن عەلاء عامری، لیوا حازم بەخیت و دکتۆر غالب). لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار لەسەر ئابلۆقەدان و لاوازکردنی ڕۆڵی کورد دراوە لەناو دامودەزگاکانی سوپادا، هەروەها پلانێک دانرابوو بۆ ئەو مەبەستەو گفتوگۆش دەربارەی چەندین خاڵ کرابوو، بەڵام لێرەدا تەنیا ئاماژە بە دوو خاڵ دەکەم و لینکی ڕاپۆرتەکە دادەنێم بۆ ئەوەی خوێنەر تەواوی ڕاپۆرتەکە بخوێنێتەوە:

1. عەبدولقادر عوبێدی، باسی کردبوو کە: (ئێستاکە سەرۆک ئەرکانی سوپا هیچ دەسەڵاتێکی نییە و ئێمە ئەوەمان دەوێت و دەمانەوێت وەکو دیکۆر لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە لە بەردەم فراکسیۆنە سیاسییەکان و لەبەردەم ڕای گشتی لە ئێراق تا بڵێین سەرۆک ئەرکانی سوپا سەر بە نەتەوەی کوردە).
2. فەریق ڕوکنی یەکەم مۆحان حافز ئەلفریجی (شیعە)، ڕازگری گشتیی وەزارەتی بەرگری و ڕاوێژکاری سەربازی وەزارەت کە زۆر دژی کوردە بە دکتۆر عەدنان شەهاب-ی بەرپرسی بەرپرسی نەخشەی سیاسەتی ستراتیژی و ئامادەکردنی هەڵسەنگاندنە داراییەکان لە وەزارەتی بەرگری گوتووە: (نازانی بۆ پلان دادەنێین بۆ ژمارەیەکی گەورەی سوپا. ئەوە فەرمانی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان (نوری مالکی)یە. دوو ئەرکی ستراتیژی لە پێشماندایە، یەکەمیان گەڕانەوی کوێت و بەئەدەب کرانیان، دووەمیش لەوە گرنگتر کۆنترۆلکردنی هەرێمی کوردستان و گەڕانەوەی بارودۆخە وەکو پێشوو، هەروەها وەستان لە ڕووی کشانی کوردی). دەقی ئەو گفتوگۆیەی سەرەوە دکتۆر عەدنان شەهاب بۆ بابەکر زێباری گێڕاوەتەوە.

سەبارەت بە ڕق و کینەی نوری مالیکی لەدژی کورد، موقتەدا سەدر لەکاتی سەردانیدا بۆ هەولێر و لە سەردەمی هەوڵەکان بۆ لادانی مالیکی، گوتبووی: (نوری مالیکی و قاسم سلێمان فەرماندەی سوپای قودس جنێویان بە کورد دەدا بە بەکارهێنانی وشە و خەسڵەتی وا کە بەکارهێنانیان شیاو نییە بۆ سەرۆکی دەوڵەت). مالیکی بە تەنیا نییە لە دژایەتیکردنی کورد و دەربڕینی ڕق و کینە، بەڵکو لەشکێکی شیعەی لە پشت وەستاوە.

جەلالەدین سەغیر (شیعە)، سەرکردەی دیاری ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی (المجلس ألأعلى للثورة ألإسلامية) و ئەندامی پێشووی پەرلەمان لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (27.7.2012) لە وتارێکی ئایینیدا لەژێر ناوی (أحداث الشام وطلائع الفجر المهدوي)دا لە مزگەوتی بوراسا (جامع براثا)دا گوتی: (کوردەکان لە ئایین دەرچوون. ئیمام مەهدی ڕیشەکێشیان دەکات. یەکەم شەڕ کە مەهدی بیکات لەگەڵ کورد دەیکات، ئەو نە شەڕی کوردی سوریا و نە شەڕی کوردەکانی ئێران و تورکیا دەکات، بەڵکو بەتایبەت شەڕی کوردی ئێراق دەکات کە لە ئایین دەرچوون). ئێستاکەش دەقی وتارەکەی ناوبراو لە یوتوب هەیە، بەڵام جەلالەدین سەغیر دواتر زۆر بێشەرمانە پەشیمان بووەوەو گوتی: (من باسی کوردەکانی سوریام دەکرد، نەک کوردەکانی ئێراق. ئەوە کاری بەعسییەکانە کە لە هاوپەیمانێتی کورد و شیعە زەرەرمەندن ئەوەیان بۆ دروستکردووم).

نوری مالیکی سەرۆک وەزیران، لە ڕێکەوتی (8.8.2012)دا بە بڕیارێکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (1373) نووسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان-ی لە بەغدا داخست بەبیانوی ئەوەی دەستووری نییە. چەند ساڵە ئەو نووسینگەیە لەکاتی بێهێزی حکومەتی ئێراق دەستووری بووە، بەڵام چیتر بە دەستووری نامێنێتەوە مادام حکومەتی ئێراق بەهێز بووە. ئەی ئەوە نییە دکتۆر هومام حەمودی سەرکردەی دیاری شیعە و ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی هاوپەیمانی نیشتمانیی ئێراقی ڕایگەیاند: (ئێمە کاتی خۆی دەستوورمان لەژێر فشاری زۆری کورد نووسیوەتەوەو پێی ڕازی بووینە). ئەو لێدوانەی هومام حەمودی ئەوە دەگەیەنێت کە ئێتر ئەوان بەهێزن و بەو دەستوورە قایل نابن.

سامی جاسم عەتیە فەرحان ئەلعەسکەری (شیعە)ی ناسراو بە سامی عسکەری، ئەندامی پەرلەمانی ئێراق لە لیستی دەوڵەتی یاسای سەر بە نوری مالیکی سەرۆک وەزیران لە ڕێکەوتی (12.11.2012)دا بۆ بەرنامەی (بين القوسين)ی کەناڵی سۆمەریە گوتی: (بە ڕوخاندنی ڕژێم هاوپەیمانێتی نێوان کوردو شیعە کۆتایی هات، قسەکردن لەسەر هاوپەیمانێتی کوردو شیعە درۆیە. سەرکردە کوردەکان دەستیان هەبووە لە دۆزی ناکۆکی شیعە و سوننە. بەعسییەکان کۆنترۆڵی وەزارەتی دەرەوەیان کردووە).

لێرەدا تەنیا وەڵامی یەک خاڵی سامی عەسکەری دەدەمەوە سەبارەت بە ناکۆکی نێوان سوننە و شیعە، کە نیازی ئەو لەو لێدوانانە تەنیا گەورەکردنی کێشەکانی نێوان کوردو شیعەیە. ناکۆکی و دوژمنایەتی نێوان سوننە و شیعە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی زۆرتر لە (1400) ساڵ و نموونە زۆرە و بە چەند دێرێک وەڵام نادرێتەوە. شەڕی نێوان تورکە عوسمانییەکان و فارسە سەفەوییەکان و دەستگرتنیان بەسەر بەغداو بەسرا، ئەگەر فارسەکان

بەغداو بەسرایان بگرتایە سوننە قڕان بوو، خۆ ئەگەریش عوسمانییەکان بەغداو بەسرایان بگرتایە ئەوە بەپێچەوانە دەبووە شیعە قڕان. کەواتە دوژمنایەتی و ناکۆکی شیعە و سوننە زۆر کۆنترە لەوەی ئێستاکە باسی لێوە دەکەن. هەر دوێنێ (19.11.2012) عزەت شابەندەری شیعە و ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی دەوڵەتی یاسا، قسەکانی سامی عەسکەری بەزیادەوە دووبارە کردەوەو پەیوەندی نێوان کورد و شیعەی نە هاوسەرگیری موتعە ناوبرد. عزەت شابەندەری سیخوڕی ئێران، کە خۆی دانی پێدا دەنێت ئەیاد عەلاوی دەنگوباسی ئێراقی دەدا بە ئەوان و ئەوانیش دەیاندا بە ئێرانییەکان، ئەگەر بەمشێوەیە بە حزبەکەی خۆی بڵێت: (حزبی دەعوە دواکەوتووە، خێلێکی بەدە، بێکەڵک، ماندوو. حزبی دەعوە نە ئایینی هەیە نە ڕەوشت. ڕۆژئاوا ئایینی نییە بەڵام ڕەوشتی هەیە)، دەبێ کورد چی چاکی لێ ڕەچاو بکات! کورد دەبێ ئەوە باش بزانێت کە عارەب تەنیا لەکاتی لاوازی و پێویستیدا برای کوردن، خۆ ئەگەر عارەب بەهێز و لە دەسەڵاتدا بوو ئەوکاتە کورد نەک هەر برای عارەب نییە بەڵکو تێکدەرە و لە هەوڵی پارچە پارچەکردنی ئێراق دایەو دەیەوێت ئیسرائیلی دووەم لەدژی عارەب دروست بکات.

ڕیاز عوبێد عەباس ئەلزەیدی (شیعە)ی ناسراو بە ڕیاز زەیدی ئەندامی پەرلەمانی ئێراق لەسەر لیستی تەیاری سەدری (فراکسیۆنی ئەلئەحرار)، لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (6.11.2012)دا گوتی: (پرچەککردنی سوپای ئێراق تەنیا حکومەتی فیدراڵی دەگرێتەوە و حکومەتی هەرێم مافی ئەوەی نییە پشکی هەبێت. لە دەستووردا مادەیەکی تیایە کە باس لە هەبوونی هێزەکانی پاسەوانی سنوور دەکات لە هەرێمی کوردستان و ئەوەش تەنیا بۆ بەهاناوە هاتنە لەکاتی پێویستداو پێویستیش ناکات فڕۆکەو چەکی قورسیان هەبێت، چونکە ئەم کارە مەترسی هەڵگەڕانەوەی لە حکومەتی ئێراقی لێدەکرێت). ئەوە بۆچوونی تەواوی عارەبە بە شیعە و سوننە کە کورد نابێت فڕۆکە و چەکی قورسی هەبێت، بۆ ئەوەی ئەوان بە ئارەزووی خۆیان هەرکاتێک بیانەوێت بڕیارەکانی خۆیان بەسەر کورددا بسەپێنن و کورد بکوژن، ڕاگوێزن و ناوچە دەوڵەمەندەکان بە نەوت و ناوچە گرنگەکان دووبارە بەعارەب بکەنەوە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەرپرسێکی باڵای حزبەکەی مالیکی و حکومەتی مالیکی ڕایگەیاند: (کوردەکان لەدوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام چەندین تانک و تۆپی قورسیان بەرەو کوردستان برد، پێویستە ئەو تانک و تۆپە قورسانەمان بدەنەوە). ئەو بەرپرسەی ئێراق و نوری مالیکی بۆ ڕێگەیان دەدا خەڵک لە ڕێگای وەزارەتی بازرگانی ئێراق لەدوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام ئەو هەموو فڕۆکە مێک (21، 23، 25)، تانکی (T-72) و جۆرەها تانکی دیکە و زرێپۆش لە سەربازگەکانی (نەهرەوان)ی ڕۆژهەڵات و (سویرە)ی باشووری بەغدا کە ناویان نابوون گۆڕستانی فڕۆکەو تانکەکانی سەدام، بەشێوەیەکی فەرمی و بەئاشکرا بە کۆمپانیا ئوردەنی و تورکییەکان بفرۆشن کە هەمووی بۆ ئەو دوو وڵاتە بردران؟ خۆ وەزارەتی بازرگانی ئێراق بۆ هەر یەک تۆن لە ئاسنی فڕۆکە و تانکەکان کە پێیان دەگوترا ئاسنی وردە (خردة) ئەوکاتە (35) دۆلاری ئەمریکی وەردەگرت!! دواتر کە وەزارەتی بازرگانی ئێراق بە ئاشکرا ئەو تانک و فڕۆکانەی فرۆشتبێ، بۆ دەبێت داوا لە کورد بکرێت بیانگەڕێننەوە؟ بۆ داوای گەڕاندنەوەیان لە هەردوو وڵاتانی تورکیا و ئوردەن ناکەنەوە؟ یان ئەو داوایە تەنیا بیانوە بۆ شەڕ پێ فرۆشتن؟

ئەی باشە بۆ ئەو سەرکردە شیعانەی سەر بە حزبەکەی مالیکی و عارەب داوای ئەو (148) فڕۆکە ئێراقییە لە ئێرانی برایان ناکەنەوە، کە لە مانگی یەکی ساڵی (1991)دا لەگەڵ هێرشی ئاسمانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان بۆ سەر ئێراق پەنایان بۆ ئێران برد و لەلایەن ئێرانەوە زەوتکران، ناکاتەوە؟ ئایە مەترسی فڕۆکە زۆرترە بۆ سەر دوارۆژی ئێراق و عارەب یان تانک؟ خۆ ئەگەر کێشەکەش ئابووری بێت، ئایە نرخی ئەو (148) فڕۆکە ئێراقییەی کە ئێران زەوتی کردووە زۆرترە یان نرخی چەند تانکێک ئەویش ئەگەر کورد بردبێتی یان کڕیبێتی؟

مالیکی لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (2012)دا بەپێی چەند گرێبەستێک دوو هەزار تانکی (M1 - Abram)ی لە سێ وڵاتی ئۆکرانیا، چیکۆسلۆڤاکیا و پۆڵۆنیا کڕیوە کە بای (6) ملیار دۆلارە، هەروەها مۆرکردنی (24) فڕۆکەی مەشق و سوزیکردن (ألإستطلاع) و چوار فڕۆکەش بەدیاری وەردەگرن. مالیکی پێشتریش لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرێبەستی کڕینی (36) فڕۆکەی (F16)ی مۆرکردووە. هەرکاتێک ئەو فڕۆکە مۆدێرنانە و ئەو ژمارە زۆرەی تانکی پێشکەوتوو بگەنە دەست مالیکی و شیعە، لەوانەیە داوا بکەن هەر کوردستان-یشی بۆ چۆل بکەین!!

سەبارەت بە فڕۆکە (ئێف. 16)کانی ئەمریکا، کورد زۆر داوایکرد کە بە مەرج بە ئێراقی بفرۆشن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە کێشە ناوخۆییەکاندا بەکارنەهێنرێن، بەڵام باڵوێزخانەی ئەمریکی لە بەغدا لە رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (29.8.2012)دا ڕایگەیاند: (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەرمریکا هیچ مەرجێک بەسەر ئێراق ناسەپێنێ سەبارەت بە بەکارهێنانی فرۆکەکانی ئێف. 16).

لەماوەی ڕابردوودا باسی ئەوە کرا کە پرۆژە یاسایەک هەیە سەبارەت بە دیاریکردنی ماوەی سێ سەرۆکایەتی (سەرۆک کۆمار، سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆک وەزیران)، کە لە دووجار زیاتر بۆیان نەبێت لە دەسەڵاتدا بمێننەوە. بەڵام چونکە مالیکی و حزبەکەی بڕیاریان داوە هەتا بۆیان بکرێت وەکو سەدام و بەعس زۆرتر لەسەر دەسەڵات بمێننەوە، بۆیە عەبدوڵلا عەلی محەمەد تاهیر ئەلنائلی (شیعە)ی ناسراو بە عەبدوڵلا ئەلنائلی سەر بە دەوڵەتی یاسای نوری کامل مالیکی سەرۆک وەزیران لە ڕێکەوتی (10.11.2012)دا ڕایگەیاند: (دەوڵەتی یاسا دژایەتی دیاریکردنی ماوەی سێ سەرۆکایەتییەکە دەکات، کە تەنیا دووجار بۆیان هەبێت بمێننەوە). ئەوانە وەکو دەڵێن هاتوون بۆ ئەوەی بمێننەوە، تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی کۆبۆنی خۆراک لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەلایەن حکومەتی مالیکی بەنیازی ئەوە بووە مالیکی و شیعە بە ئارەزووی خۆیان ساختەکاری بکەن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، هەرچەندە لە ڕابردوودا ساختەکاری زۆریان کردووەو بە گەواهی چەند عارەبێکی بەسراو زوبێر کە بەشداری هەڵبژاردنەکانی پێشووی ئێراقیان کردووە لەو دوو شارەدا، باسی هێنانی سەدان هەزار عارەبی ئەهواز و ئێران-یان بۆ کردم کە تەنانەت لەلایەن حکومەتی مالیکی ڕەگەزنامەی ئێراق-یان پێدراوە بۆ ئەوەی لە هەموو هەڵبژاردنێکی داهاتوودا بەشداری بکەن. بەشێوەیەکی گشتی عارەب ڕێژەیەکی کەمیان نەبێت نەتەوەیەکی ویژدان مردوون، هەست بە ماف و چەوسانەوەی نەتەوەکانی ژێردەستی خۆیان ناکەن و ئەو قوربانییەی بۆ درێژەدان بە داگیرکارییەکانی خۆیان دەیدەن بەتایبەت لە کوردستان، هەمان قوربانیە کە لەپێناو بەناو ڕزگارکردنی خاکی داگیرکراویان دەیدەن، هەروەها ڕەفتاری عارەب لەگەڵ نەتەوە ژێردەستەکانی خۆیان بەتایبەت بەرامبەر بە کورد لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، هەمان ڕەفتارە کە لە بەرامبەر بەناو داگیرکەری خاکەکەیان لە فەلەستین لەدژی ئیسرائیل دەیکەن. کورد لە کوردستان کە خاکەکەی لەلایەن عارەبەوە داگیرکراوە، بە داگیرکەرو ئیسرائیلی دووەم دەزانن، کە لە ڕاستیدا دەبوایە بەپێچەوانە بوایەو کورد عارەبی بە ئیسرائیل و ئیمپریالیزم ناو ببردایە و هەرگیز عارەبی بە برای خۆی نەزانیبایە، کەچی ئەوان بە برایەتی کورد و عارەب قایل نین. بۆیە هەرگیز باوەڕناکەم بەدرێژایی مێژوو نەتەوەیەکی دیکە خاکی عارەبی داگیرکردبێت و بۆچوونێکی وا لام دروست بووە کە عارەب هەردەم داگیرکەر بووە نەک خاکی داگیرکرابێت، هەروەها لەهەر کونجێکی ئەم جیهانە کێشە لەنێوان عارەب و هەر نەتەوەیەکی دیکەدا هەبووبێت، ئەوە بەدڵنیایی نەتەوەکانی دیکە بە ڕەوا بزانم، سەیرکەن ئەمازیغەکان، بەربەرەکان، قیبتییەکان و هتد....!

هیچ سوپایەک بەقەد سوپاکەی مالیکی فەریق ڕوکن و لیوا ڕوکنی تێدا نییە، کە زۆربەی هەرە زۆریان شیعەی کۆنە بەعسین یان سوننەی کۆنە بەعسی تازە شیعەن کە ئایینزای خۆیان دوای ڕوخانی ڕژێم لە سوننەوە بۆ شیعە گۆڕیوە. کاتی خۆیشی لە سەردەمی ڕژێمی سەدام و بەعس (80%)ی فەرماندە و سەربازەکانی فەیلەقی یەکی (کەرکوک) و فەیلەقی پێنجی (هەولێر) کە (40%)ی سوپای ئێراقیان پێکدەهێنا، سەر بە ئایینزای شیعەی عارەب بوون. هەروەها ڕێژەی عارەبی شیعە لە گەورە بەرپرسانی حزبی بەعس عەرەبی دەسەڵاتدار لە ئێراق لە (90%) بووە: (لێدوانێکی جەلال تاڵەبانی بۆ گۆڤاری – ألأهرام العربي – ژمارە - 219 – ڕۆژی 21.4.2001). بۆیە بەلاتانەوە سەیر نەبێت کە ئەمڕۆکە سوپا بۆتە سوپای سێکوچکەی مالیکی، شیعە و بەعس!

بەر لە ڕوخان و لەدوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام و بەعس، سەرکردایەتی سیاسی کورد لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سەدام و دواتریش هاوپەیمانە عارەبەکانی هەڵەی کوشندەی زۆری کردووە کە هۆکارن بۆ دروستبوونی ئەو کێشانەی ئەمڕۆکە. یەکێک لە هەڵە زەقەکانی سەرکردایەتی کورد دیاری نەکردنی سنووری فیدراڵی باشووری کوردستان بووە کە لەگەڵ عارەبی ئۆپۆزسیۆن باسیان نەکردووە. لە ڕێکەوتی (20.4.2002)دا لە کۆڕێکی دکتۆر فوئاد مەعسومی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری ئۆغوس لە دانمارک، پرسیاری

ئەوەم لێکرد: (ئایە ئێوە وەکو سەرکردایەتی کورد ئەوەندە شانازی بەوەوە دەکەن کە لایەنی عارەبی فیدراڵی هەرێمی کوردستانی پەسەندکردووە، سنووری ئەو فیدراڵییەتان لەگەڵ ئەوان دیاری کردووە)؟ لە وەڵامدا دکتۆر فوئاد گوتی: (ئێمە باسی دیاریکردنی سنوورمان نەکردووە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عارەبی، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە کە ئەوان ئەو فیدرالیەیان پەسەندکردووە، پرسی دیاریکردنی سنوور ئەوە چەند شتێکی تەکنیکییە و بە چەسپاندنی فیدراڵی ئۆتۆماتیکی چارەسەر دەکرێت). بە دکتۆر فوئاد مەعسوم-م گوت: (بەو کارەتان گەورەترین کێشەتان بۆ خۆتان و بۆ کورد دروستکردووە، کە پێموایە ئەوان بەس ئەو ناوچانەی ئێستاکە لەبەردەستی کورددان هەولێر، سلێمانی دهۆک بە کوردستان دەزانن و ئەو فیدراڵییەتەی کە عارەب دانی پێدا دەنێت بەلای ئەوانەوە تەنیا بۆ ئەو سێ شارەیە و لەدوای ڕوخانی ڕژێمیش هەڵوێستی ئەوانمان بۆ دەردەکەوێت و دەیبینین). ئەوەی دکتۆر فوئاد مەعسوم باسیکرد ساویلکەیی، خۆشباوەڕی و نابوێری سەرکردایەتی کورد دەسەلمێنێت، کە بەدرێژایی مێژوو ئەو سەرکردایەتییە کلاسیکییە ئەوەندە ساویلکە بووینە کە هەردەم باوەڕو متمانەیان بە پەیمان و بەڵێنەکانی دوژمنانی داگیرکەر هەبووە و لە ئەنجامیشدا فێڵیان لێکراوە، هەروەها نابوێریش بووینە لە بەرامبەر باسکردنی مافە ڕەواکانی کورد لەگەڵ سەرانی عارەبدا.
سەرکردایەتی سیاسی کورد، تاکو ئێستا نەیتوانیوە قەزای مەخمور بە هەرسێ شارەدێکانی (دیبەگە، گوێڕ و قەراج) کە لەسەردەمی سەدام حوسێنی دیکتاتۆردا بەشێک بووینە لە سنووری ئۆتۆنۆمییە کارتۆنییەکەی ناوچەی کوردستان و لەدوای (31.8.1996)دا بە بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس و سەدام خراوەتە سەر پارێزگای موسڵ، بگەڕێننەوە. دوو سێ ساڵ بەر لە ئێستاکە سەرکردەی پارتێکی کوردستانی پێی گوتم: (دەمێکە حکومەتی ئێراق بڕیاری گەڕاندنەوەی مەخمور و شارەدێکانی سەر بەو قەزایەی دەرکردووە، بەڵام سەرکردایەتی کورد ئەوەیان دواخستووە بۆ ئەوەی بەهۆی ئەوانەوە تەواوی پارێزگای موسڵ بگەڕێننەوە بۆ سەر باشووری کوردستان). لە وەڵامی ئەو بۆچوونەی سەرکردایەتی کوردستان گوتم: (خۆزگە وابوایە، بەڵام پێموایە ئەو ناوچانەش دەکەنە قوربانی پارێزگای موسڵ و هیچیان پێ وەرناگیرێتەوە). زۆر پێم خۆشە ئەو بۆچوونەم تەواو دەرنەچێت و سەرکردایەتی کورد ڕاست دەرچێت.

**یەکەم: فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان**

دکتۆر نوری کامل محەمەد حەسەن عەلی ئەلمالیکی (دکتۆر نوری مالیکی/ 20-6-1950- بابل) سەرۆک وەزیرانی (20.5.2006-2012)، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان.
فەریق یەکەمی ڕوکن عەبدولقادر محەمەد جاسم عوبەیدی، ڕاوێژکاری سەربازی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان. عەبدولقادر عوبەیدی پێشتر لە نێوان (20.5.2006-25.11.2010) وەزیری بەرگری بووە لە حکومەتی یەکەمی نووری مالیکی. فەریق عەبدولقادر محەمەد عوبەیدی، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الشعبة-ی لە حزبی بەعس لە (شعبة اليرموك)دا هەبووە).
فەریق یەکەمی ڕوکن فاروق ئەلئەعرەجی (شیعە)، بەڕێوەبەری نووسینگەی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان.
لیوا ڕوکن عەلی حەمید، بەڕێوەبەری پلاندانانی ئۆپراسیۆنەکان لە نووسینگەی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان.
فەریق ڕوکن عەلی سەلمان، لە نووسینگەی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان.

**دووەم: وەزارەتی بەرگری**

دکتۆر سەعدون جوەیر ئەلڕیشاوی ئەلدلێمی (1954 – الأنبار)، وەزیری بەرگری لە حکومەتی دووەمی مالیکی، کە لە ڕێکەوتی (17.8.2011)دا بە بڕیارێکی ناوری مالیکی دامەزراوەو تا ئێستاکە بەردەوامە. سەعدون دلێمی لە سەردەمی حکومەتی دکتۆر ئیبراهیم جەعفەر-یش، وەزیری بەرگری بووە لە نێوان (1.6.2005-3.6.2006). دکتۆر سەعدون

دلێمی، ئەفسەری پێشووی هەواڵگری سەربازی سەدام حوسێن بووە بە پلەی عەمید، بەڵام لە ساڵی (1986) دوای ئەوەی بۆ خوێندن لە ئێراق دەرچوو، خۆی وەکو ئۆپۆزسیۆنی ڕژێمی سەدام ڕاگەیاند.
فەریق یەکەمی ڕوکن موحان حافز فەهد نەسیر ئەلفریجی (شیعە – ڕێکخراوی بەدر)، ڕازگری گشتیی وەزارەتی بەرگری و ڕاوێژکاری سەربازی پێشەنگ (ألأمين العام وكالة و المستشار العسكري ألأقدم). پێشرتیش فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی بەسرا بووە. لە سەردەمی بەعس بە موحان حافز تکریتی ناسرابوو، پلەی حزبی (عضو فرقة) بووە لە بەڕێوەبەرێتیی هەواڵگری گشتیی، کە تا سەر ئێسقان دوژمنی کوردەو هەردەم مالیکی و سەرکردەکانی حزبی دەعوە و فەرماندەکانی سوپا هان دەدات بۆ دژایەتی کردنی کورد.
فەریق ڕوکن غالب ئیبراهیم سەلیم ئەلعەزاوی، جێگری ڕازگری گشتیی لە وەزارەتی بەرگری. غالب عەزاوی، لە سەردەمی ڕژێمی بەعس بە پلەی عەمید ڕوکن یارمەتیدەری بەڕێوەبەری گشتیی هەواڵگری (معاون مدير المخابرات العامة) بووە، لە سەردەمی لیوا ڕوکن تاهیر جەلیل حەبوش کە لە (9.4.2003-11.10.1999) بەڕێوەبەری گشتیی هەواڵگری سەدام بووە.
فەریق ڕوکن خالید حەمود جەبار موحسین ئەلشمالی (شیعە)، ڕازگری نهێنی گشتیی وەزارەتی بەرگری (لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە). پێش ئەو فەریق ساڵح سەرحان (شیعی)، ڕازگری نهێنی گشتیی وەزارەت بووە.
فەریق ڕوکن محەمەد عەبدولجەبای ئەلیاسری (محەمەد ئەلعەسکەری – شیعە - سەر بە المجلس ألأعلى)، ڕاوێژاری ڕاگەیاندنی وەزیری بەرگری (لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی هەبووە لە حزبی بەعس).
فەریق ڕوکن عەزیز ئەلیاسری (شیعە)، ڕاوێژکاری سیاسی لە وەزارەتی بەرگری، کە لە ڕێکەوتی (25.6.2007) لە میوانخانەی مەنسور میلیا لە بەغدا بەهۆی تەقینەوەیەک کوژرا.
فەریق ڕوکن عەلی فکری، سەرۆکی لیژنەی ناوەندی بۆ گەڕاندنەوەی سیاسییە دەرکراوەکان.
عەمید عەلی حوسێن عەونی، ڕێکخەری نێوان وەزارەتی بەرگری و ئەمینداریێتیی گشتیی ئەنجومەنی وەزیران (منسق وزارة الدفاع مع ألأمانة ألعامة لمجلس الوزراء).
لیوا ڕوکن سەمیر مەهدی پاشا، بەڕێوەبەری مەشقی بنچینەیی و چەکدارکردن (مدير التدريب ألأساسي وألتعبوي) کە لە ڕێکەوتی (21.5.2006) دامەزرایەوە. لیوا ڕوکن سەمیر مەهدی پاشا، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی هەبووە لە حزبی بەعس.
لیوای ئەندازیار زەمان ساحب، فەرماندەی فەرماندەیی کاروباری بەڕێوەبردن لە وەزارەتی بەرگری (آمر آمرية ألشؤون ألإدارية في وزارة الدفاع).
عەمید ڕوکن جاسم محەمەد حەسون، یارمەتیدەری بەڕێوەبەری مەشقی بنچینەیی و چەکدارکردن لە وەزارەتی ناوخۆ (معاون مدير التدريب ألأساسي والتعبوي في وزارة الدفاع).
عەمید ڕوکن سەلاحەدین ئەحمەد، سەر بە بەڕێوەبەرێتی مەشقی بنچینەیی و چەکدارکردن لە وەزارەتی بەرگری.
ڕائید ڕوکن سەیف جەواد کازم، ئەفسەر لە لیوای (56)ی سەر بە بەڕێوەبەرێتیی مەشقی بنچینەیی و چەکدارکردن.
عەقید تەڵەب عەبدوڵڵا حەمود، فەرماندەی بنکەی مەشقی هاوبەش (آمر مركز التدريب المشترك).
عەمید سەباح کازم، بەڕێوەبەری بەشی مەشقکردن لە بەڕێوەبەرێتی تاقیکردنەوە و دەستەی کارگێڕی.
عەمید مەحمود یاسین، بەڕێوەبەری بەشی ئامادەکردن لە بەڕێوەبەرێتی تاقیکردنەوە و دەستەی کارگێڕی.
عەمید جاسم عەبدولحوسێن عەبد عەمار، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن. پێش ئەو عەمید عەباس ئەلتەمیمی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بووە.
لیوا ڕوکن عەبدولڕەزا حەمید موحسین، ڕازگری نهێنی پەیوەندیکردن لە ڕازگری نهێنی گشتیی وەزارەتی بەرگری.
لیوای مافپەروەر دکتۆر غالب عوبێد ئەلبهادلی (شیعە)، ڕاوێژکاری گشتیی یاسایی وەزارەتی بەرگری.

لیوای مافپەروەر غالب ئیبراهیم سەلیم ئەلعەزاوی، ڕاوێژکاری یاسایی وەزارەتی بەرگری (لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی هەبووە لە حزبی بەعس و یارمەتیدەری لیوا ڕوکن تاهیر جەلیل ئەلحەبوش-ی بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی (9.4.2003-11.10.1999) بووە).
لیوا مەحمود حەسەن، بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخستنی بودجە و بەرنامەکان (مدیر عام الموازنە والبرنامج).
لیوای پزیشک سەمیر عەبدوڵڵا حەسەن، بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری پزیشکی سەربازی.
لیوا ڕوکنی پزیشک عەبدولحوسێن داغر جەبر.
عەمید ماجد ئەلجسمی، بەڕێوەبەری ئەندازیاری سەربازی (کە دوای ناوەڕاستی مانگی نۆی 2012 هاتە شوێنەکەی لیوا ڕوکن هادی عەزاب). پێشتر لیوا ڕوکن هادی عەزاب سەلمان ئەلقەیسی (شیعە)، بەڕێوەبەری دەستەی ئەندازیاری سەربازی (لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی هەبووە لە حزبی بەعس). پێشی ئەوانیش هەریەک لە لیوا ڕوکن سەعد حەمید یاسین خەڵەف ئەلعوبەیدی، عەمید ڕوکن نەبیل ئەحمەد و عەمید تاریق کەریم، بەڕێوەبەری دەستەی ئەندازیاری سەربازی بووینە، کە لە ڕێکەوتی (25.9.1933) دامەزراوە.
عەقید زیاء ئەلوەکیل، وتەبێژی فەرمی بەناوی وەزارەتی بەرگری و فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا.
عەقید یوسف لەتیف ئەلعەزاوی، یارمەتیدەری فەرماندەی خوێندنگەی پەیوەندیکردن لە وەزارەتی بەرگری (معاون آمر مدرسة ألإتصالات في وزارة الدفاع).
عەمید نوعمە مەهدی سکەر، بەڕێوەبەری دەستەی مۆسیقای سەربازی. یەکەم جوقی سەربازی ئێراقی لە ساڵی (1923) دامەزراوە، دوای ڕوخانی ڕژێم لە ساڵی (2007)دا هەوڵی پێکهێنانی یەکەم تیپی مۆسیقی سەربازی دراو دواتریش لە ڕێکەوتی (10.3.2010)دا مۆسیقای سەربازی بەتەواوی دروست کرایەوە.

**سێیەم: سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا**

فەریقی یەکەم ئەبابەکر بەدرخان شەوکەت ئەبابەکر زێباری (کورد)، سەرۆکی ئەرکانی سوپا.
فەریقی یەکەم ڕوکنی فرۆکەوان نەسیر ئەرکان ئەلعەبادی (شیعە)، جێگری سەرۆک ئەرکانی سوپا.
فەریق یەکەمی ڕوکن عەبود قەنبەر هاشم خیون ئەلمالیکی (شیعە - سەر بە حزبی دەعوە)، یارمەتیدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ ئۆپراسیۆنەکان (لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی هەبووە لە حزبی بەعس). پێش ئەو فەریق ڕوکن ئەحمەد هاشم عۆدە سوڵتان (شیعە) یارمەتیدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ ئۆپراسیۆنەکان بووە، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە و لەکاتی ئەنفالەکان فەرماندەی تیپی (22)ی گاردی کۆماری بووەو لەدوای کۆچڕەوی بەهاری ساڵی (1991) خۆی و تیپەکەی پەلاماری شاری سلێمانیان داو لەسەر دیواری شارۆچکەی ڕزگاری سەر بە پارێزگای سلێمانی نووسیبوویان (فرقة (22) حرس الجمهوري الموت للأكراد/ تیپی (22)ی گاردی کۆماری مردن بۆ کوردەکان). ئێستاکەش فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدایە.
فەریق ڕوکن خورشید سەلیم حەسەن دۆسکی (کورد)، یارمەتیدەری سەرۆک ئەرکانی سوپا بۆ مەشقکردن. پێش ئەو فەریق ڕوکن حوسێن جاسم دوحی (شیعە)، یارمەتیدەری سەرۆک ئەرکانی سوپا بۆ مەشقکردن بووە (لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە)، کە لە ناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (2011)دا بە بڕیارێکی نوری مالیکی لادراو فەریق خورشید دۆسکی هاتە شوێنەکەی.
لیوا ڕوکن مەزهەر شاهر نسەیف، سەرۆکی ئەرکانی فەرمانگەی مەشقکردن (رئيس أركان دائرة التدريب)، لەکاتی فەریق ڕوکن سەلیم دۆسکی.

لیوا ڕوکن سامی جاسم ئەللامی (شیعە)، سکرتێری یارمەتیدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ مەشقکردن لە سەردەمی فەریق ڕوکن حوسێن جاسم دوحی. لیوا ڕوکن سامی ئەللامی، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە.
لیوا ڕوکن لوئەی سالّح ئەلتەمیمی، ئەفسەر لە فەرمانگەی معاونیەتی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا بۆ مەشقکردن و نوێنەری فەریق ڕوکن حوسێن جاسم دوحی یارمەتیدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ مەشقکردن (ساڵی 2011).
فەریق ڕوکن ڕەعد هاشم کازم شبیب، یارمەتیدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ بەڕێوەبردن.
فەریق ڕوکن عەبدولکەریم عەبدولڕەحمان یوسف ئەلعزی (شیعەی بەڕەگەز ئێرانی – حزبی دەعوە)، یارمەتیدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ کاروباری لۆجیستی (معاون رئيس أركان الجيش للإمداد/الميرة)، کە پێشتر فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ڕەسافە بووە. فەریق ڕوکن عەبدولکەریم ئەلعزی، (لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی - عضو الفرقة-ی هەبووە لە حزبی بەعس). پێش ئەو فەریق ڕوکن عەبدوللا محەمەد خەمیس ئەلدفاعی (شیعە)، یارمەتیدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ کاروباری لۆجیستی بووە (لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی هەبووە لە حزبی بەعس و بەڕێوەبەری پەیمانگای زرێپۆشی بووە).
فەریق ڕوکن عەبدولجەلیل خەڵەف شویل (شیعە/ ئەندامی ڕێکخراوی بەدر)، پشکێنەری گشتیی سەربازی، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە. پێش ئەو لیوا ڕوکن حەبیب حوسێن عەباس خیون ئەلمحیاوی (شیعە)، پشکێنەری گشتیی سەربازی بووە (لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی هەبووە لە حزبی بەعس). پێشتریش فەریق ئەشرەف زاجی فەرەج (شیعە و بەڕەگەز ئێرانی – ئەندامی حزبی دەعوە)، پشکێنەری گشتیی سەربازی بووە.
فەریق ڕوکن عەلی ئیحسان ئالموراد، یارمەتیدەری پشکێنەری گشتیی سەربازی.
لیوا خزەیر عەبد عەلاوی جەسان ئەللامی، بەڕێوەبەری دەستەی پشکێنەری سەربازی.
لیوا ڕوکن حەمزە عەبدولئەمیر، سەرۆکی دەستەی پۆلەکانی شەڕکەر (الصنوف المقاتلة) لە پشکێنەری سەربازی.
عەمید عەبدولئەمیر شامخ سەلمان، پشکێنەری ئەندازیاری ئامێری کارەبایی لە پشکێنەری سەربازی.
عەمید ڕوکن مونعم عەبدولستار داود، پشکێنەری زرێپۆش.
عەمید ڕوکن عەبدولخالق عەباس سەلمان، پشکێنەری کاری بارەگاکان (مفتش عمل المقرات).
عەمید ئەندازیاری دەریاوان فەلاح زیبەک مەهوەس، پشکێنەری پەیوەندییەکان و ڕێکخەری زانیارییەکان (مفتش ألإتصالات ونظم المعلومات).
عەقید ئەکرەم حەمە خانکە، پشکێنەری ڕێکخەری زانیارییەکان.
عەمید محەمەد عەبدولڕەزا، پشکێنەری لایەنی هونەری دەستەی خزمەتگوزاری و کاروباری بەڕێوەبەرێتی (مفتش الجانب الفني لهيئة الخدمات والشؤون ألإدارية).
عەقید قاسم محەمەد عاید، پشکێنەری مەشقی جەستەیی لە پشکێنەرێتیی گشتیی سەربازی (مفتش التدريب البدني في المفتشية العسكرية العامة).
لیوای ئەندازیار عەبدولمونعیم یاس دەهەش، بەڕێوەبەری ئەندازیاری کارەبایی ئالی (مدير الهندسة الكهربائية ألآلية).
بەڕێوەبەرێتیی ئەندازیاری سەربازی، کاتی خۆی لە ڕێکەوتی (25.9.1933) دامەزراوە.
عەمید ڕوکن سالّح قەدوری، یارمەتیدەری بەڕێوەبەری ئەندازیاری سەربازی.
عەقید ماجد عەبدوللا حەسەن ئەلجسمی، فەرماندەی خوێندنگەی ئەندازیاری سەربازی (آمر مدرسة الهندسة العسكرية).
عەمید حەسەن محەمەد زایەر، فەرماندەی خوێندنگەی بۆمبە دووبارە نەتەقیوەکان (آمر مدرسة القنابل غير المنفلقة).
لیوای ئەندازیار عەبدولمەجید جەلاب عاسی، بەڕێوەبەری چاپەمەنی.

لیوا عەبدولکەریم سەدام خەلیفە، بەڕێوەبەری وردبینی ناوەندی (مدير التدقيق المركزي)، کو لە ساڵی (2007) دامەزراوە.
لیوای ئەندازیار زەمان ساحب ئەلدەراجی، فەرماندەی فەرماندەیی کاروباری کارگێڕی.
لیوا عەدنان زاهیر ناهی، بەڕێوەبەری کیۆسکەکانی سەربازی (مدير الحوانيت العسكرية).
عەمید محەمەد زیاب ئەلجبوری، بەڕێوەبەری بەشی پێشانگاکان لە بەڕێوەبەرێتی کیۆسکە سەربازییەکان.
عەقید محەمەد حەمزە، فەرماندەی پێشانگای کیۆسکەکانی بەغدای سەربازی لە بەڕێوەبەرێتی کیۆسکە سەربازییەکان.
عەمیدی ئەندازیار کەمال عەبدولجەبار جاسم، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی کارگوزاری لە وەزارەتی بەرگری.
عەمیدی ئەندازیار ڕەحیم بەعرور، بەڕێوەبەری بەشی ئامادەکردنی دەزگاکان لە بەڕێوەبەرێتی کارگوزاری (مدير قسم التأهيل في مديرية ألإشغال).
عەمیدی ئەندازیار زایر سەید فلەیح نوعمە، بەڕێوەبەری نیشتەجێکردنی سەربازی.
عەمید فازڵ عەلوان شاتی، بەڕێوەبەری بەشی پۆستی ناوەندی.
لیوا عەلی تاڵب، بەڕێوەبەری تاقیکردنەوە و دەستەی کارگێڕی (العينة و الصنف الإداري).
لیوا ڕوکن عەبدولئەمیر عەبدولزەهرە (شیعە)، ڕازگری نهێنی مەشقکردن لە ئەمینداریتی نهێنی گشتیی (أمين سر التدريب في أمانة السر العام)، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە.
لیوا ڕوکن عەباس برێسم دەهام، ڕازگری نهێنی ئۆپراسیۆنەکان (أمين سر العمليات).
لیوا ڕوکن زیاء عەبدولجەبار سەعید، بەڕێوەبەری گشتیی پڕچەککردن و تروتیفاق پێدان (مدير عام التسليح والتجهيز).
لیوا ڕوکن مەزهەر شاهر نسەیف، ڕازگری نهێنی فەرمانگەی مەشقکردن.
لیوا ڕوکن عەدنان حەرین ئەحمەد ئەلوائیلی (شیعە)، بەڕێوەبەری دەستەی لۆجیستی و گواستنەوە (مدير صنف التموين والنقل)، کە کاتی خۆی لە ڕێکەوتی (24.7.1921) دامەزرابوو. عەدنان وائیلی، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە.
لیوا مەهدی یاسر، بەڕێوەبەری دەستەی پەیوەندییەکانی سەربازی (مدير صنف ألإتصالات العسكرية).
لیوا ڕوکن حەمار محەمەد جەواد، ڕازگری نهێنی فەرمانگەی کارگێڕی لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا.
لیوا ڕوکن سادق سەوبەڵلا محەمەد حوسێن عوبێدات، ڕازگری نهێنی فەرمانگەی لۆجیستی (أمين سر دائرة الميرة). سادق سەوبەڵلا محەمەد حوسێن عوبێدات، لە سەردەمی ڕژێمی ڕوخاوی بەعسدا بە پلەی ڕائید ڕوکن لە لیوای دووی کۆماندۆی سەر بە فەیلەقی چوار، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا کردووە، بۆیە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (19)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ. بەڵام دوای ڕوخانی سەدام سەرەتا بە پلەی لیوا ڕوکن لە وەزارەتی بەرگری پۆستی وەرگرت، لە کۆتایی مانگی سێی ساڵی (2011)دا لە ئەنجامی ناکۆکی لەگەڵ نوری مالیکی سەرۆک وەزیراندا، دەستگیرکرا و ڕادەستی دادگا کرا. لە ڕێکەوتی (16.5.2011)دا یەکەم دانیشتنی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق بە سەرۆکایەتی دادوەری کورد ئاسۆ محەمەد سۆفی، دەربارەی دادگاییکردنی سادق سەوبەڵلا محەمەد لەسەر دۆسیەی دووەمی ئەنفال بەڕێوەچوو، کەچی لە دووەم دانیشتنی دادگاکەدا لە ڕۆژی (2.6.2011)دا بە بیانوی نەبوونی بەڵگەنامەی پێویست ئازادکرا، دوای ئازادبوونیشی ئەو جارە لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا پۆستی ڕازگری نهێنی فەرمانگەی لۆگیستی (أمين سر دائرة الميرە)ی پێدرا. سادق سەوبەڵلا محەمەد عوبێدات، (لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی هەبووە لە حزبی بەعس و ئەفسەری ئیستخباراتی تیپی -11-ی سوپا بووە لە ناسریە).
لیوا ڕوکن عەباس محەمەد فەزع ئەلعقابی، بەڕێوەبەری مەشقی سەربازی (مدير التدريب العسكري)، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو عامل-ی لە حزبی بەعس هەبووە.
عەمیدی ئەندازیار سەباح ئادەم مەحمود، بەڕێوەبەری بەشی ئامادەکاری زانستی (مدير قسم ألتأهيل العلمي).

عەمید ڕوکن خالد ئەلبەیاتی، بەڕێوەبەری بەشی خولە دەرەکییەکان و ناردنە دەرەوە (مدير قسم الدورات الخارجية والإفادات).

عەمید ڕوکن فرقەد جودی عەبود، بەڕێوەبەری بەشی مەشقکردن لە فەرمانگەی بیروباوەڕی سەربازی (مدير قسم التدريب في دائرة العقيدة العسكرية).

عەقید قاسم حوسێن حەسەن، بەڕێوەبەری هۆبەی خوێنکاران لەسەر ئەرکی وەزارەتی بەرگری (مدير شعبة الدارسين على نفقة وزارة الدفاع).

عەقید حوسێن جیهاد، بەڕێوەبەری هۆبەی توێژینەوەکان (مدير شعبة الدراسات).

موقەدەم جەبار سەعید دەفار، بەڕێوەبەری هۆبەی هەڵسەنگاندنی بڕوانامەکان (مدير شعبة تقييم الشهادات).

موقەدەم محەمەد عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری هۆبەی توێژینەوە باڵاکان (مدير شعبة الدراسات العليا).

موقەدەم ڕوکن فوئاد ئەکرەم قەدوری، لە بەڕێوەبەرێتیی پلاندانان بۆ مەشقکردن لە فەرمانگەی مەشقپێکردنی سەربازی (من مديرية التخطيط للتدريب في دائرة التدريب العسكري).

فەریق ڕوکن مەرزی مشحەن ڕافع (مرضي مشحن)، بەڕێوەبەری جولە سەربازییەکان (مدير الحركات العسكرية)، کە پێشتر تا مانگی تەموزی ساڵی (2010) فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنبار بوو، پاشانیش لە سەرەتای مانگی ئابی (2012) کرا بە فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی زیقار. پێش ئەو فەریق ڕوکن هشام ئەلدەڕاجی، بەڕێوەبەری جولاندنی سەربازی بووە.

لیوا ڕوکنی ئەندازیار جەودەت نەجم عەبد عەلی ئەلڕوبەیعی، ڕازگری نهێنی پێشەنگ لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا (أمين السر ألأقدم لرئاسة أركان الجيش).

لیوا ڕوکن کەمال سەعدی حامد، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی کاروباری سەربازی بۆ مەبەستی شارستانی (مدير مديرية الشؤون العسكرية للأغراض العسكرية).

عەمید جاسم عەبدولحوسێن عەبد عەمار، بەڕێوەبەرێتی بەشی کاروباری پلەدارەکان لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا (إدارة قسم شؤون المراتب في رئاسة أركان الجيش).

لیوا ڕوکن عەبد گاتع تاهیر، بەڕێوەبەری دەستەی زرێپۆشی (مدير الصنف المدرع). زرێپۆشی بەڕێوەبەرێتییەکی سەر بە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپایەو لە ڕێکەوتی (5.11.2004) دامەزرایەوە.

عەمید ڕوکن عەباس فازڵ عەبدولساحب، فەرماندەی سەربازگەی بەسمایە (آمر معسكر بسماية).

عەمید ڕوکن جەواد کازم کەریم، فەرماندەی خوێندنگەی زرێپۆشی (آمر مدرسة الدروع).

عەمید ڕوکن فەلاح حەسەن شویل، بەڕێوەبەری بەش لە بەڕێوەبەرێتیی جولانەوەی سەربازی (مدير قسم في مديرية الحركات العسكرية).

عەمید ڕوکن سەعد مەزهەر موحسین ئەلعەلاق، بەڕێوەبەری دەستەی تۆپهاوێژی (مدير صنف المدفعية). پێشتر لیوا ڕوکن سەعد عەلی عاتی سەعد ئەلحەربیە (شیعە - سوق الشيوخ/الناصرية)، بەڕێوەبەری دەستەی تۆپهاوێژی بووە، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە و فەرماندەی لیوای هێزەکانی تایبەت (آمر لواء قوات الخاصة) بووە. پێشتریش لیوا ڕوکن قاسم محەمەد حەسەن، بەڕێوەبەری دەستەی تۆپهاوێژی بووە. دەستەی تۆپهاوێژی بۆ جاری یەکەم لە ڕێکەوتی (1.10.1921) دامەزراوە، دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و سەدام لە ڕۆژی (9.8.2009) دووبارە دامەزرایەوەو لە ڕێکەوتی (17.9.2009)دا بڕیاری دامەزراندنەکەی جێبەجێ کراوە.

عەقیدی تۆپهاوێژ عەلی لەتیف عەبدوڵلا، ئەفسەری ڕوکن لە خوێندنگەی تۆپهاوێژی (ضابط ركن في مدرسة المدفعية).

لیوا ڕوکن عەدنان حەرین ئەلوائلی، بەڕێوەبەری دەستەی لۆجیستی و گواستنەوە.

عەمید ڕوکنی پیادە مەحمود سەلمان ڕەشید، فەرماندەی خوێندنگەی پیادە (آمر مدرسة المشاة).

عەمیدی فڕۆکەوان عەلی موسڵح، بەڕێوەبەری بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا (مدير قسم إعلام وعلاقات رئاسة أركان الجيش).

عەمیدی مافپەروەر عەبد عەتیە فارس، ڕاوێژکاری یاسایی پێشەنگ لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا (المشاور القانوني ألأقدم لرئاسة أركان الجيش).
عەمید ڕوکن سائب عوبێد موحسین عەلوان ئەلحەیاوی، سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەرێتیی و لۆجیستی (رئيس هيئة ألإدارة و الميرة).
عەمید فازڵ سامر ئەلعگێلی، لە فەرمانگەی لۆجیستی و ئەمبارەکان (من دائرة الميرة و المستودعات).
عەمید ڕوکن زیاء فکری عەبدولجەبار، ئەفسەر لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا.
عەمید عادل عەبد حوسێن، ئەفسەر لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا.
عەمید سائر حەمادی محەمەد، لە فەرمانگەی ئۆپراسیۆنەکان.

**فەرماندەیی هێزە وشکانییەکان (قيادة القوات البرية )**

تاکە ئامانج لە دامەزراندنی فەرماندەیی هێزە وشکانییەکان وەکو فەرماندەیەکی سەربەخۆ و گواستنەوەی تەواوی فەرماندەیی تیپەکانی سوپا کە ژمارەی تەواوی هێزەکان بە نزیکەی (350) هەزار سەرباز دادەنرێت، دەرهێنانی ئەو هێزەو کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سەرۆکی ئەرکانی سوپا (فەریق یەکەم بابەکر زێباری)یە. بەستنەوەی فەرماندەیی هێزە وشکانییەکان بە وەزارەتی بەرگری، داماڵینی دەسەڵات و لاوازکردنی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپایە ئەویش چونکە سەرۆکەکەی کوردە. بێگومان دەرهێنانی (14) تیپی سەربازی و نزیکەی (350) هەزار سەرباز لەژێر ڕکێفی سەرۆکی ئەرکان و کۆکردنەوەیان لەژێر فەرماندەیی هێزە وشکانییەکان (کە تەواوی فەرماندەکانی شیعەن)، مانای بە شیعەکردنی سوپا و باڵادەستی ئەوان دەگەیەنێت لەناو سوپادا. لە هەمان کاتدا بە گواستنەوەی تیپە سەربازییەکان بۆ سەر فەماندەیی هێزە وشکانییەکان، مانای وایە سەرۆکی ئەرکان هیچ دەسەڵاتێکی نامێنێ و هیچ هێزێکی لەژێر دەست نییە بۆ جولە پێکردنی هێزی چەکدار و شەڕکەر.
فەرماندەکانی فەرماندەیی هێزە وشکانییەکان بریتیین لە:
فەریق یەکەمی ڕوکن عەلی غێدان مەجید هنێدی ئەلعەتەبی (شیعە)، فەرماندەی هێزە وشکانییەکان (قائد القوات البرية).
فەریق عەلی غێدان، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە.
فەریق ڕوکن ڕیاز جەلال تۆفیق ئەلقەیسەری (سوننە)، جێگری فەرماندەی هێزە وشکانییەکان. فەریق ڕوکن ڕیاز، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە). فەریق ڕوکن ڕیاز جەلال تۆفیق، ئەویش وەکو فەریق بابەکر زێباری هیچ دەسەڵاتێکی نییە و تەنیا بۆ ناو هێشتویانەتەوە.
لیوا ڕوکن عەبدولئەمیر جاروڵڵا یوسف ئەللامی (شیعە)، سەرۆکی ئەرکانی هێزە وشکانییەکان (لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە). پێشتر فەریق ڕوکن هشام داود عەزیز عەباس ئەلدەڕاجی (شیعە)، سەرۆکی ئەرکانی فەرماندەی هێزە وشکانییەکان بووە. هشام دەڕاجی، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی - عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە.
عەمید عیسا حەمید ئیبراهیم، بەڕێوەبەری مەشقکردن لە فەرماندەیی هێزە وشکانییەکان.
عەمید ڕوکن خالد عەبدولستار موسڵاوی، بەڕێوەبەری بەشی ئەرکە ئەرکانیەکان لە هێزە وشکانیەکان (مدير قسم واجبات ألأركان في القوات البرية)، کە پێشتر یەکەم فەرماندەی لیوای فریاکەوتنی خێرا بووە.
هێزە وشکانییەکانی سوپا پێکدێت لە (14) تیپ (فرقة)، کە ئەوانیش بەشێکیان بەش بووینە بەسەر چەند فەرماندەیی ئۆپراسیۆنێک و تەنیا فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا سەر بە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانە و ئەوانەی تریش سەر بە هێزە وشکانییەکان:

1. فەرماندەیی تیپی فریاکەوتنی خێرای یەکەم (قيادة فرقة التدخل السريع ألأولى). بارەگای ئەو تیپە لە شارۆچکەی فەلوجە-ی ڕۆژئاوای بەغدای پایتەختە و سنووری ئەرکەکانی پارێزگای ڕومادی (ألأنبار)ە. ئەو تیپە لەگەڵ تیپی پیادەی حەوتەم سەر بە فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنبار (قيادة عمليات ألأنبار)ن، کە فەرماندەکانی بریتین لە:

فەریق ڕوکن تارق عەبدولوەهاب جاسم ئەلعامری (شیعە)، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنبار (قائد قيادة عمليات ألأنبار) لە ڕۆژی (5.3.2012)ەوە، کە پێشتریش فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی دیالە بووە. تارق عەبدولوەهاب عامری، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە. پێشتر فەریق ڕوکن عەبدولعەزیز محەمەد جاسم ئەلعوبەیدی (سوننە)، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنبار بووە تا ڕۆژی (5.3.2012). پێش ئەویش لیوا ڕوکن مەرزی مشحن ڕافع ئەلدلێمی، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنبار بووە تا مانگی تەموزی ساڵی (2010). پاشان گواسترایەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپاو وەکو بەڕێوەبەری جولە سەربازییەکان (مدير الحركات العسكرية) دامەزرا، دواتریش مەرزی مشحن ئەلدلێمی بە پلەی فەریق ڕوکن لە ڕێکەوتی (6.8.2012) بە فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی زیقار دامەزراو بنکەی ئیمام عەلی ئاسمانی لە شاری ناسریە کرا بە بارەگای سەرەکی ئەو فەرماندەییە.

عەمید ڕوکن عادل عەباس شمل ئەلرجاج، جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنبار. پێشتر لیوا ڕوکن فارس عەبدوڵلا هاشم مستەفا (کورد)، جێگری فەرمادەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنبار. پێشتریش لیوا کازم محەمەد فارس محەمەد ئەلفەهداوی، جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنبار بووە، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە.

موقەدەم محەمەد ئیسماعیل ئیبراهیم، ئەفسەری ڕاگەیاندن.

ڕائید سەعدون عەلی خەڵەف، ئەفسەری ڕاگەیاندن.

دەستەی ئەرکانی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنبار پێکدێت لە (عەمیدی هێزە تایبەتییەکان عادل عەباس شبل، عەمید ڕوکن محەمەد شەلال، عەمید ڕوکن عەدنان عەلاوی و عەمید نورەدین حوسێن).

عەمید ڕوکن هشام فەیاز حەسەن (سوننە)، فەرماندەی پۆلی پشتیوانی و هاوکاری فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنبار (آمر فوج دعم و إسناد قيادة عمليات ألأنبار).

ڕائید محەمەد ئەلدلێمی، لە فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنبار.

ئەمانەش فەرماندەکانی تیپی فریاکەوتنی خێرای یەکەم-ن:

لیوا ڕوکن عەدنان جەواد عەلی شەلتاغ ئەلسەڕاج (شیعە)، فەرماندەی تیپی فریاکەوتنی خێرای یەکەم، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە. پێشتر لیوا ڕوکن باسم حوسێن عەلی ئەلتائی (شیعە)، تا ساڵی (2011) فەرماندەی تیپی ناوبراو بووە. پێشتریش لەنێوان ساڵانی (2007-2009) عەمید ڕوکن عادل عەباس شمل، فەرماندەی ئەو تیپە بووە. هەروەها ماوەیەک لیوا ڕوکن عەبدوڵلا محەمەد بەیدەر ئەلجبوری (شیعە)، فەرماندەی تیپی ناوبراو بووە. سەکران

عەمید ڕوکن سەباح فازڵ مەتەر ڕەحیم (شیعە)، جێگری فەرماندەی تیپی فریاکەوتنی خێرای یەکەم، پێشتریش سەرۆکی ئەرکانی هەمان تیپ بووە. پێش ئەو لیوا ڕوکن تارق عەبدولوەهاب جاسم ئەلعەزاوی، فەرماندەی ئەو تیپە بووە تا ڕۆژی (5.3.2012). پێشتریش هەریەک لە عەمید ڕوکن عەبدولئەمیر کامل عەبدوڵلا مزعل (شیعە) و عەمید نوحان عەبد نەجم مەتەر، جێگری فەرماندەی تیپی فریاکەوتنی خێرای یەکەم بووینە.

عەمید ڕوکن عەبدوڵلا ڕەمەزان عەتیە، سەرۆکی ئەرکانی تیپی فریاکەوتنی خێرای یەکەم. پێشتریش عەمید ڕوکن سەباح فازڵ مەتەر بوو، کە دواتریش کرا بە جێگری فەرماندەی هەمان تیپ.

عەمید ڕوکن قاسم محەمەد کازم، سەرۆکی لیژنەی فەرماندەیی لۆجیستی و گواستنەوە لە تیپی فریاکەوتنی خێرای یەکەم (رئيس اللجنة لآمرية التموين والنقل في فرقة التدخل السريع ألأولى).
عەمید ڕوکن زرغام زوهێر فەخری، فەرماندەی بنکەی مەشقکردنی ئەنبار.
عەمید ڕوکن زیاد تارق کازم، فەرماندەی لیوای یەکی تیپی فریاکەوتنی خێرای یەکەم. پێشتر عەمید ڕوکن وەزاح مەحمود خزەیر، فەرماندەی ئەو لیوایە بووە. بارەگای ئەو لیوایە لە ڕومادی (ئەنبار)ە.
موقەدەم ڕوکن عەلی عەباس منشد، فەرماندەی پۆلی یەکی لیوای یەک.
عەقید ڕوکن محەمەد عەباس سەبار، فەرماندەی پۆلی سێیەمی لیوای یەکەم.
موقەدەم زوهێر جەسام محەمەد، جێگری فەرماندەی پۆلی سێیەمی لیوای یەکەم. پێشتر ڕائید ڕوکن ئەرکان جەمیل عەلی جێگری فەرماندەی پۆلی سێیەمی ئەو لیوایە بووە.
ڕائید عەلی مەهدی، فەرماندەی سریەی سێیەمی پۆلی سێیەمی لیوای یەکەم.
موقەدەم ڕوکن ئەیوب محەمەد قادر، فەرماندەی پۆلی چوارەمی لیوای یەکەم. پێشتر عەقید ڕوکن خالد سەکران جەبر، فەرماندەی لیوای ناوبراو بووە و گواستراوەتەوە بۆ لیوای پیادەی (19)ی تیپی (5).
عەمید ڕوکن محەمەد ڕەشید عەباس، فەرماندەی لیوای دووی تیپی فریاکەوتنی خێرای یەکەم. پێشتر عەمید ڕوکن مستەفا خزەیر عەباس، فەرماندەی ئەو لیوایە بووە.
موقەدەم ڕوکن حوسێن عەبد عەلی خەڵەف، فەرماندەی لیوای سێی تیپی فریاکەوتنی خێرای یەکەم.
عەمید ڕوکن فەرحان ڕەمەزان ئیسماعیل ڕەزا ئەلبەیاتی (شیعە)، فەرماندەی لیوای چوارەمی تیپی فریاکەوتنی خێرای یەکەم.
عەقید کەریم محەمەد عەباس، فەرماندەی یەکێک لە پۆلەکانی تیپی فریاکەوتنی خێرایی یەکەم.

2. فەرماندەیی تیپی پیادەی دووەم (قيادة فرقة المشاة الثانية). بارەگای ئەو تیپە لە ناو شاری (موسڵ) و سنووری ئەرکەکانی کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە واتە بەری دەستە چەپی شاری موسڵ-ی لە ئەستۆیە و لەگەڵ تیپی پیادەی سێیەم (فرقة المشاة الثالثة) سەر بە فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی نەینەوا (قيادة عمليات النينوى)یە، کە فەرماندەکانی بریتین لە:
فەریق ڕوکن باسم حوسێن عەلی ئەحمەد ئەلتائی (شیعە)، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی نەینەوا (قائد قيادة عمليات نينوى) سەرەتا لە ساڵی (2010)دا بە بریکاریتیی (وەکالەت) و دواتریش لە ڕێکەوتی (13.9.2011)دا بە فەرماندەی تەواو، کە پێشتر فەرماندەی تیپی یەکەم بووە. پێش ئەویش فەریق ڕوکن حەسەن کەریم خزەیر عەباس ئەلساعدی (شیعە)، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی نەینەوا بووە لە ساڵانی (2009-2010)، پێشتریش لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی هەبووە لە حزبی بەعس.
لیوا ڕوکن مەهدی سەبیح هاشم ئەلغەڕاوی (ئەلعەزاوی)، جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی نەینەوا. پێشتر فەریق ڕوکن حەسەن کەریم خزەیر عەباس ئەلساعدی (شیعە)، جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی نەینەوا بووە لە ساڵی (2008)دا. پێشی ئەوانیش هەریەک لە لیوا ڕوکن عەبدوللا محەمەد بەیدەر ئەلجبوری (شیعە) و لیوا ڕوکن عەبدولناسر محەمەد، جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی نەینەوا بوونە.
عەمید بایز ئەحمەد ڕەمەزان حەسەن سلێڤانەیی (کورد)، سەرۆکی ئەرکانی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی نەینەوا.
عەقید ڕوکن مقداد زەینەل جاسم خزر ئەلتائی (سوننە)، فەرماندەی پۆلی پشتیوانی و هاوکاری فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی نەینەوا (آمر فوج دعم وإسناد قيادة عمليات نينوى).

عەمید خالید عەبدولستار سەعدون، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی نەینەوا.
فەرماندەکانی تیپی پیادەی دووەم، بریتیبوون لە:
لیوا ڕوکن عەلی جاسم محەمەد ئەلفریجی (شیعە)، فەرماندەی تیپی پیادەی دووەم، کە لە تیپی (17)ەوە لە ساڵی (2011)دا هات و تا ئێستاکە بەردەوامە. لیوا عەلی ئەلفریجی، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە. پێشتر لیوا ڕوکن عەبدولناسر ئەحمەد ئەلغەنام داود ئەلهیتی (سوننە)، فەرماندەی ئەو تیپە بووە لەنێوان ساڵانی (2009-2011). لیوا ڕوکن عەبدولناسر ئەلغەنام، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە. پێش ئەوانیش لیوا ڕوکن متاع حەبیب جاسم ئەلخەزرەجی (شیعە)، فەرماندەی ئەو تیپە بووە لە ساڵانی (2008-2009)، پێشتریش لە سەردەمی ڕژێمی سەدام-دا بەعسی بووە بە پلەی (عضو الفرقة).
عەمید ڕوکن مالک خزر خزر ئەحمەد (شیعە)، جێگری فەرماندەی تیپی پیادەی دووەم.
عەمید ڕوکن شاکر مەحمود عەبادی، سەرۆکی ئەرکانی تیپی پیادەی دووەم. پێشتر عەمید ڕوکن حامد مەهدی عەبدولعەزیز (شیعە)، سەرۆکی ئەرکانی سوپای تیپی ناوبراو.
موقەدەم ئەحمەد شەهاب ئەحمەد، سەر بە تیپی پیادەی دووەم.
ڕائید فەتحی محەمەد حوسێن، سەر بە تیپی پیادەی دووەم.
فەرماندەی لیوای پێنجەم (5)،
عەمید ڕوکن حەسەن هەزوان تەقی مەحمود ئەلعنیکی، فەرماندەی لیوای حەوتەم (7).
موقەدەم ڕوکن حوسێن مەندیل جارح ئەلمالیکی (شیعە)، فەرماندەی پۆلی یەکەمی لیوای (7).
فەرماندەی لیوای دوازدەهەم (12).
موقەدەم ڕوکن عامر لازم عەبود، فەرماندەی پۆلی یەکەمی لیوای (12).
فەرماندەی لیوای بیست و شەشەم (26)، کە بارەگاکەی لە حەمام عەلیل-ە.

3. فەرماندەیی تیپی پیادەی سێیەم (قیادة فرقة المشاة الثالثة). بارەگای ئەو تیپە لە ناوچەی کەسک-ی سەر بە شارۆچکەی شەنگال-ە. سنووری ئەرکی ئەو تیپە کەناری ڕۆژئاوای ڕوباری دیجلە واتە بەری دەستە ڕاستی شاری موسڵ دەگرێتەوە، کە لەگەڵ تیپی پیادەی دووەم سەر بە فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی نەینەوا-ن.
فەرماندەکانی تیپی پیادە سێیەم بریتیین لە:
لیوا ڕوکن متاع حەبیب جاسم ئەلخەزرەجی (شیعە)، فەرماندەی تیپی پیادەی سێیەم، کە پێشتر لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی هەبووە لە حزبی بەعس. پێشتر لیوا هەینی عەبدوڵلا حاجی عەبدوڵلا خۆشناو (کورد)، فەرماندەی تیپی ناوبراو بووە تا سەرەتای ساڵی (2012).
عەمید ڕوکن عادل عەباس شمل ئەلرجاج، جێگری فەرماندەی تیپی پیادەی دووەم.
عەمید ڕوکن تەها عەسکەر مەزلوم کروا ئەللهێبی، سەرۆکی ئەرکانی تیپی تیپی پیادەی سێیەم.
عەمیدی پزیشک عەبدولسەلام شاهین، فەرماندەی فەرماندەیی پزیشکی تیپ.
فەرماندەی لیوای پیادەی شەشەم (6).
عەقید ڕوکن یاسین مەجید ئیبراهیم، فەرماندەی لیوای پیادەی هەشتەم (8). پێشتر عەمید هۆگر سەلاحەدین (کورد)، فەرماندەی لیوای پیادەی هەشتەم.
موقەدەم عەبدولحەکیم کازم، ئەفسەری ڕاگەیاندن لە لیوای پیادەی هەشتەم.
موقەدەم مزر سەعید عەلی، فەرماندەی پۆلی یەکەمی لیوای پیادەی هەشتەم.
ڕائید ڕوکن ئەرکان جەمیل، فەرماندەی پۆلی سێیەمی لیوای پیادەی هەشتەم.
فەرماندەی لیوای پیادەی نۆیەم (9). بارەگای ئەو لیوایە لە شارۆچکەی تەلەعفەر-ە.

فەرماندەی لیوای پیادەی دوازدەم (12).

4. فەرماندەیی تیپی پیادەی چوارەم (قیادة فرقة المشاة الرابعة). بارەگای ئەو تیپە لە تکریت (سەلاحەدین)ەو سنووری کارکردنی تەواوی پارێزگاکە بە قەزا، ناحیە و گوندەکانیەوە دەگرێتەوە جگە لە قەزای سامەڕا، کە سەر بە فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی سامەڕا (قیادة عمليات سامراء)یە. بەڵام هاوکارییەکی تەواو لەنێوان فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی سامەڕا و فەرماندەیی تیپی پیادەی چوارەم هەیە، کە ئۆپراسیۆنەکە وەکو بەشێک لە تیپی پیادەی چوارەم هەژمار دەکرێت.

فەریق ڕوکن ڕەشید فلەیح محەمەد زاهر ئەلحلفی (شیعە - وەشاش/1957)، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی سامەڕا، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام و بەعس بە پلەی عەقید ڕوکن بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگای ناسریە (زیقار) و دواتریش عەمید ڕوکن بەڕێوەبەری ئەمنی تەواری سەر بە بەڕێوەبەرێتیی ئەمنی گشتیی بووە. فەریق ڕەشید فلەیح (أبو العز)، پێشتر فەرماندەی لیوای گورگ (لواء الذئب) بووە کە لە ساڵی (2004) دامەزرا.

عەمید ڕوکن سەباح ئەنوەر مەجید سەعدوڵلا (سوننە)، جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی سامەڕا.

عەمید ڕوکن ئەمیر جاسم محەمەد مەهدی (شیعە)، سەرۆکی ئەرکانی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی سامەڕا.

لیوا ڕوکن لوئەی عەبدوڵلا خەلیل، بەڕێوەبەری نووسینگەی فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی سامەڕا.

فەرماندەکانی تیپی پیادەی چوارەم بریتیین لە:

لیوا ڕوکن حامد محەمەد گومەر کەرەم (شیعە)، فەرماندەی تیپی پیادەی چوارەم (لە ناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 2011)، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە. پێشتر لیوا ڕوکن سەلاحەدین مستەفا کەمال ڕەزا قەرەغولی (کورد)، فەرماندەی تیپی پیادەی چوارەم بوو، بەڵام لەبەرئەوەی کورد بوو لە ناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (2011) لادراو لیوا ڕوکن حامد محەمەد گومەر هاتە شوێنەکەی.

عەمید ڕوکن عماد یاسین سەید سەلمان ئەلزوهێری (سوننە)، جێگری فەرماندەی تیپی پیادەی چوارەم، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە. عەمید عماد یاسین، لە مانگی شوباتی (2012) گواسترایەوە بۆ تیپی یازدەم و کرا بە فەرماندەی ئەو تیپە.

عەمید فەیسەڵ عەلی ڕەشید، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی و لۆجیستی (مدير إدارة وميرة).

عەقید حەمید نەعیم ئەلعگیلی، فەرماندەی کەتیبەی ئەندازیاری زەمینەی کار/ گۆڕەپانی تیپ (آمر كتيبة هندسة ميدان الفرقة).

موقەدەم زیاء مەحمود ئەحمەد، ئەفسەری ڕاگەیاندن و ئاراستەکردنی ورە (ضابط ألإعلام والتوجيه المعنوي).

موقەدەمی مافپەروەر موئەیەد موسا جاسم، ڕاوێژکاری یاسایی تیپ.

عەقید هلال ڕەحیل نزال، فەرماندەی بارەگای ناوچەی زاڵ و نائاسایی تیپی چوارەم (آمر المقر المسيطر للمنطقة و ألإستثنائية للفرقة الرابعة).

عەقید موسەنا عەبود سامر، ئەفسەری ڕاگەیاندنی تیپی پیادەی چوارەم.

عەقید ڕوکن غالب محەمەد گومەر کەرەم (شیعە)، فەرماندەی پۆلی کۆماندۆی تیپ (آمر فوج مغاوير الفرقة).

موقەدەم بەهاء عەدنان، یارمەتیدەری فەرماندەی پۆلی کۆماندۆی تیپ.

ڕائید جەواد عەبد ئەلخزەیر، ئەفسەری ئاسایشی تیپی پیادەی چوارەم (ضابط أمن فرقة المشاة الرابعة).

ملازمی یەکەم عەلی حەسەن، ئەفسەر لە تیپی چوارەم.

عەمید ڕوکن ئاراز عەبدولقادر عەبدولڕەحمان (کورد)، فەرماندەی لیوای پیادەی (14)، کە بارەگاکەی لە شاری بێجی-یە.
موقەدەم عەلی حوسێن عەلی، یارمەتیدەری فەرماندەی پۆلی چوارەمی لیوای (14).
موقەدەم ئەکرەم محەمەد خزەیر، ئەفسەری ڕاگەیاندنی لیوای (14).
نەقیب عماد حەمەد محەمەد، ئەفسەری هەواڵگری پۆلی یەکەمی لیوای (14).
نەقیب سابر موبدر، لە لیوای پیادەی (14).
عەمید بەختیار محەمەد سدیق (کورد)، فەرماندەی لیوای پیادەی (16). پێشتر ئەنوەر دۆلانی، فەرماندەی ئەو لیوایە بووە. لیوای (16) لە ڕێکەوتی (24.4.2004) دامەزراوەو بارەگاکەی لە فڕۆکەخانەی سەربازی سدیق-ە لە خورماتوو.
عەقید عەلی حوسێن، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتیی لیوای (16).
عەمید ڕوکن سەباح موتعب مهەلهەل ئەلمالکی، فەرماندەی لیوای پیادەی (17)، کە بارەگاکەی لە دوجەیل-ە.
نەقیب عەبدوڵڵا جاسم عۆدە، ئەفسەری هەواڵگری پۆلی چوارەمی لیوای پیادەی (17).
ملازمی یەکەم ناسر یاسر عەلی، لە فەوجی دووەمی لیوای پیادەی (17).
عەمید ڕوکن حامد مەهدی عەبدولعەزیز، فەرماندەی لیوای پیادەی (48).
عەقید سالار ئیسماعیل ئیبراهیم (کورد)، فەرماندەی پۆلی دووەمی لیوای (48).
ڕائید قەیس سوبحی حەمەد، فەرماندەی دەستەی یەکەمی پۆلی یەکەمی لیوای پیادەی (48)م (آمر سرية ألأولى الفوج ألأول لواء مشاة 48).

5. فەرماندەیی تیپی پیادەی پێنجەم (قيادة فرقة المشاة الخامسة). بارەگای ئەو تیپە لە شاری بەعقوبە و سنووری کارکردنی تەواوی پارێزگای دیالە دەگرێتەوە. ئەو تیپە سەر بە فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی دیالە-یە، کە بریتین لە:

لیوا ڕوکن عەبدولئەمیر ڕەزا محەمەد خالد مەسیر ئەلزەیدی (شیعە)، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی دیالە (ئەو فەرماندەی تیپی 12ی کەرکوک بوو، بەڵام ڕۆژی 8.4.2011 کرا بە فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی دیالە)، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە. لە ڕێکەوتی (31.7.2012)دا بەپێی بڕیارێکی دیوانی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، عەبدولئەمیر ئەلزەیدی بە پلەی فەریق ڕوکن کرا بە فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی دیجلە (قائد قيادة عمليات دجلة) لە کەرکوک، کە سنووری پارێزگاکانی کەرکوک و دیالە دەگرێتەوە و دواتریش لە ڕێکەوتی (31.10.2012) پارێزگای تکریت (سەڵاحەدین)یشی خرایە سەر، واتە هەر سێ تیپە پیادەکانی (4، 5، 12) دەگرێتەوە. پێشتر لیوا ڕوکن تارق عەبدولوەهاب جاسم ئەلعامری (شیعە)، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی دیالە بووە، کە لە مانگی ئۆکتۆبەر یان نۆڤێمبەری ساڵی (2008) لەو فەرماندەیە دەست بەکار بووەو دواتر گواسترایەوە بۆ وەزارەتی بەرگری و پاشان لە ڕۆژی (5.3.2012)دا کرا بە فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنبار. پێشتریش فەریق ڕوکن عەبدولکەریم عەبد عەلی ئەلڕوبەیعی (شیعە)، تا مانگی ئۆکتۆبەر یان نۆڤێمبەری ساڵی (2008)، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی دیالە بووە و لیوا ڕوکن تارق عەبدولوەهاب عامری هاتە شوێنەکەی ئەو.
عەمید ڕوکن جەمیل کامل عەبدوڵڵا مزعەل ئەلشەمەری (شیعە)، جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی دیالە.
عەمید ڕوکن ناسر حەمەد جدی ئەلسەبعاوی (سوننە)، سەرۆک ئەرکانی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی دیالە.
فەرماندەکانی تیپی پیادەی پێنجەم بریتیین لە:

لیوا ڕوکن زیاء کازم دەنبوس سلێوخ ئەلساعدی (شیعە)، فەرماندەی تیپی پیادەی پێنجەم، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە. لیوا ڕوکن زیاء ئەلساعدی، پێشتر جێگری فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی کەرخ-ی بەغدا بووە. پێشتر لیوا ڕوکن خالد جەواد کازم موحسین ئەلڕوبەیعی (شیعە)، فەرماندەی ئەو تیپە بووە و لە سەردەمی ڕژێمی سەدام-دا بەعسی بووە بە پلەی (عضو الفرقة). پێشتریش لیوا ڕوکن سالم کەریم سالح عەلی ئەلعەتەبی (شیعە)، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام-دا بەعسی بووە بە پلەی (عضو الفرقة). پێش لیوا زیاء کازم، عەمید ڕوکن عەبدولحوسێن عەلی حەسەن ئەلتەمیمی (شیعە)، فەرماندەی تیپی پیادەی پێنجەم بووە، کە ئێستاکە بە پلەی لیوا ڕوکن فەرماندەی تیپی پیادەی چواردەم (14)مە لە بەسرا. عەمید شاکر هەلیل حەسەن ئەلکەعبی (شیعە)، سەر بە میلیشیای بەدر و تیپی مەرگ (فرقة الموت)ی شیعە، پێشتریش لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە، دوای ئەوەی لە مانگی نۆڤێمبەری ساڵی (2006)دا لیوا ڕوکن ئەحمەد ئەلخوزاعی، فەرماندەی تیپی پیادەی پێنجەم (سوننە)، ئامادەنەبوو فەرمانەکانی سەرووی خۆی لەدژی خەڵکی سوننەی پارێزگای دیالە جێبەجێ بکات، ئەویان گۆڕی و عەمید شاکر-یان دانا شوێنەکەی. عەمید شاکر هەلیل ئەلکەعبی، ئێستاکەش لە وەزارەتی ناوخۆ پۆستی دراوەتێ.

عەمید ڕوکن نەزیر عاسم ئەمین گۆران (کورد)، جێگری فەرماندەی تیپی پیادەی پێنجەم.

عەمید ڕوکن عەبدوڵلا کحیت حەبیب عەلی (شیعە)، سەرۆکی ئەرکانی سوپای تیپی پێنجەم.

عەقید ڕوکن ناجح ئیسماعیل، فەرماندەی پۆلی کۆماندۆی تیپی چوارەم.

عەقید ڕوکن عەلاء کامل هوەیدی، فەرماندەی لیوای پیادەی (18).

عەقید ڕوکن خالد سەکران جەبر، فەرماندەی لیوای پیادەی (19)، کە لە تیپی فریاکەوتنی خێرای یەکەمەوە هاتووە.

عەمید ڕوکن هادی محەمەد وەسمی، فەرماندەی لیوای پیادەی (20).

موقەدەم ئیسماعیل فازڵ عەلی، ئەفسەری ڕوکنی جولانەوە (ضابط رکن حرکات).

عەقید سالم داود برێسم ئەلعەتەبی (شیعە)، فەرماندەی پۆلی دووەمی لیوای پیادەی (20).

عەقید ڕوکن عەباس جاسم جەبر، فەرماندەی پۆلی سێیەمی لیوای پیادەی (20).

عەقید ڕوکن عامر داود سەلمان، فەرماندەی پۆلی چوارەمی لیوای پیادەی (20).

عەمید ڕوکن ڕەعد ستار سالح ئەلحسێناوی، فەرماندەی لیوای پیادەی (21).

عەقید ڕوکن مەجید محەمەد ڕەشید، جێگری فەرماندەی لیوای پیادەی (21).

عەقید شێرزاد عەبدوڵلا مام جەواز (کورد)، فەرماندەی فەوجی دووەمی لیوای پیادەی (21).

6. فەرماندەیی تیپی پیادەی شەشەم (قیادة فرقة المشاة السادسة). بارەگای ئەو تیپە لە گۆڕەپانی سوارچاکی عارەبی (ساحة الفارس العربي) بەری کەرخی شاری بەغدای پایتەختە. سنووری ئەو تیپە بەری کەرخ (الكرخ)ی شاری بەغدایە و لەگەڵ فەرماندەیی تیپی پیادەی یازدەهەم (قیادة فرقة المشاة الحادية عشرة)دا سەر بە فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا (قیادة عمليات بغداد)ن. فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا دوو بەشە، بەشی یەکەمیان فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی کەرخ کە سەرپەرشتی تیپی شەشەم دەکەت، دووەمیشیان فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ڕەسافەیە کە سەرپەرشتی تیپی پیادەی یازدەهەم دەکات. فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا، لە ڕێکەوتی (14.2.2007) دامەزراوەو فەرماندەکانی بریتین لە:

فەریق ڕوکنی یەکەم ئەحمەد هاشم عەواد سوڵتان (شیعە)، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا. فەریق ئەحمەد هاشم، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە. فەریق ڕوکن عەبود قەنبەر هاشم خیون ئەلمالیکی (شیعە)، یەکەم فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا

بووه، کە ئێستاکە یارمەتیدەری سەرۆک ئەرکانی سوپا بۆ ئۆپراسیۆنەکانە. لیوا ڕوکنی فرۆکەوان عادل کەمال دەحام، فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی کەرخ، کە لە ساڵی (2008)دا گواستراوەتەوە بۆ بەسرا و کراوە بە فەرماندەی پۆلیسی ئەو پارێزگایە دواتریش بۆ بەغداو کرا بە بەڕێوەبەری پۆلیسی بەغدا. لیوا ڕوکن عادل کەمال، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە.

فەریق ڕوکن حەسەن سەلمان خەلیفە گاتع ئەلبەیزانی (شیعە)، جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە. فەریق حەسەن سەلمان، پێشتر بە پلەی لیوا ڕوکن سەرۆکی ئەرکانی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا بووە.

فەریق ڕوکن حوسێن جاسم محەمەد موسا ئەلعەوادی (شیعە)، جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا بۆ کاروباری ناوخۆ (نائب قائد عمليات بغداد لشؤون الداخلية). فەریق حوسێن ئەلعەوادی، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە و فەرماندەی دەستەی کیمیاوی فەیلەقی چوارەم (آمر الصنف الكيمياوي في الفيلق الرابع) بووە لە عمارە.

لیوا ڕوکن قاسم عەتا مزاعل فەرەج ئەلمەگسوسی (شیعە - حزبی دەعوە)، وتەبێژی وەزارەتی بەرگری و فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا. قاسم عەتا مەگسوسی، لە ڕێکەوتی (4.9.2012) کرا بە سەرۆکی دەزگای هەواڵگری نیشتمانیی بە پلەی فەریق ڕوکن. ناوبراو لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو قيادة فرقة).

عەمید ڕوکن جابر عەبدولنەبی، لە فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا.

فەریق ڕوکن عەلی حەمادی تاهیر سوڵتان ئەلموسەوی (شیعە)، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی کەرخ (قائد قيادة عمليات الكرخ). پێشتر لیوا ڕوکن محەمەد جەواد هوەیدی عەباس ئالبدیر (شیعە)، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی کەرخ بووە تا ڕێکەوتی (19.4.2008)، دواتر کراوە بە فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی بەسراو ئێستاکەش فەرماندەی تیپی پیادەی چواردەهەم-ە لە بەسرا. فەریق وەجیە عەبدوڵڵا حەمید نەجەفی (شیعە - حزبی دەعوە)، فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی کەرخ، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة) و ئێستاش پۆستێکی بەرزی هەیە لە دەزگای نەهێشتنی تیرۆر.

لیوا ڕوکن ئەحمەد عەبادی جەلاب ئەلساعدی (شیعە)، جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی کەرخ، دواتریش لە دەزگای نەهێشتنی تیرۆر. لیوا ئەحمەد ئەلعەبادی، پێشتر فەرماندەی تیپی پیادەی شەشەم بوو.

لیوا ڕوکن عەبدولحوسێن مەحمود بەدر علگ ئەلبەیزانی (شیعە)، سەرۆکی ئەرکانی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی کەرخ. عەمید ڕوکن عەبدولحوسێن ئەلبەیزانی، لە پێشدا فەرماندەی لیوای چوارەمی پێکهاتەی کۆن بووە لە تیپی پیادەی دەیەم لە ساڵی (2006).

فەرماندەکانی تیپی پیادەی شەشەم بریتیین لە:

لیوا ڕوکن قەیس خەڵەف ڕەحیمە نەبات ئەلمحەمەداوی (شیعە)، فەرماندەی تیپی پیادەی شەشەم (قائد الفرقة السادسة)، کە لە مانگی یەکی ساڵی (2012) لە تیپی پیادەی (8)م هاتە ئەو تیپە. لیوا ڕوکن قەیس خەڵەف ئەلمحەمەداوی، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە. پێشترلیوا ڕوکن ئەحمەد عەبادی جەلاب ئەلساعدی (شیعە)، تا مانگی یەکی (2012) فەرماندەی ئەو تیپە بووە. پێشتریش لیوا ڕوکن عەبدولئەمیر جاروڵڵا یوسف ئەللامی (شیعە)، فەرماندەی تیپی ناوبراو بووە، ئێستاکەش سەرۆکی ئەرکانی فەرماندەیی هێزەکانی وشکانییە.

عەمید ڕوکن جیهاد بەهاء ئیبراهیم، جێگری فەرماندەی تیپی پیادەی شەشەم (نائب قائد الفرقة السادسة).

عەمید ڕوکن هەیسەم عەبد ئەلخزر جاسم حەمادی (سوننە)، سەرۆکی ئەرکانی تیپی شەشەم (رئیس أركان الفرقة السادسة). پێش ئەو عەمید ڕوکن سەلام جەبار گاتع، سەرۆکی ئەرکانی تیپت کە لە ناوەڕاستی ساڵی (2012) عەمید جیهاد بەهاء هاتە شوێنەکەی.

عەمید عەباس، فەرماندەی بنکەی مەشقی بەغدا (آمر مركز تدريب بغداد).

لیوا ڕوکن عەبدولکەریم کازم، بەڕێوەبەری ئامرازە هونەرییەکان (مدير المعدات الفنية).

عەقید ڕوکن عەلی خزر محەمەد، فەرماندەی خولی دەستەی ئامرازە هونەرییەکان (آمر الدورة لصنف المعدات الفنية).

عەقید ڕوکن یاسر خەڵەف حەسەن، فەرماندەی پۆلی کۆماندۆی تیپی شەشەم.

عەمید ڕوکن عەباس فەزڵ هادی، فەرماندەی لیوای (22).

عەمید ڕوکن ئەحمەد لوعێبی شەرهان، فەرماندەی لیوای (24)، کە بارەگاکەی لە ناوچەی زێدان-ی ئەبوغرێب-ە. پێشتر فەرماندەی ئەو لیوایە، عەمید ڕەحیم کازم ڕسن (شیعە) بوو. پێشتریش عەمید ڕوکن عەبدولناسر فازڵ (شیعە)، فەرماندەی لیوای (3) ناسراو بە (لواء المثنى)، کە دواتر گۆڕدرا بۆ لیوای (24).

عەمید ڕوکن عەلی فازڵ عومران، فەرماندەی لیوای (54).

7. فەرماندەیی تیپی پیادەی حەوتەم (قيادة فرقة المشاة السابعة). بارەگای ئەو تیپە ئەنباری بەغدایە (ألأنبار البغدادي). تیپی پیادەی حەوتەم و تیپی فریاکەوتنی خێرای یەکەم سەر بە فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنبار-ن، لەبەرئەوەی لە پێشتر ناوی فەرماندەکانی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنبار نووسراون، بۆیە پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکەن.

   لیوا ڕوکن ئیسماعیل شەهاب محەمەد معجل ئەلدلێمی (سوننە)، فەرماندەی تیپی پیادەی حەوتەم. پێشتر لیوا ڕوکن ئەمیر حسام محەمەد مەهدی (شیعە)، فەرماندەی تیپی پیادەی حەوتەم بووە، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام-دا بەعسی بووە بە پلەی (عضو الفرقة). لیوا ئەمیر جاسم، ئێستاکە سەرۆکی ئەرکانی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی سامەڕا-یە. پێشتریش لیوا ڕوکن عەبدوڵلا محەمەد بەیدەر ئەلجبوری (شیعە)، فەرماندەی ئەو تیپە بووە.

   عەمید ڕوکن عەبدولحەمید خلەیف، جێگری فەرماندەی تیپی پیادەی حەوتەم.

   عەمید ڕوکن محەمەد خەڵەف سەعید عەلی (سوننە)، سەرۆکی ئەرکانی تیپی حەوتەم.

   عەمید ڕوکن یەعرب مەهدی حەسەن، بەڕێوەبەری هۆبەی ئەرکانی تیپی حەوتەم (مدير شعبة ألأركان للفرقة السابعة).

   عەقید جومعە زێدان خەڵەف سلێمان ئەلفەهداوی، فەرماندەی کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانی تیپی حەوتەم.

   عەمید ڕوکن نۆمان عەبد نەجم ئەلزەوبەعی، فەرماندەی لیوای پیادەی (20).

   موقەدەم محەمەد عەلی خڵەیف، فەرماندەی لیوای پیادەی (27).

   فەرماندەی لیوای پیادەی (28).

   فەرماندەی لیوای (29).

   عەقید ڕوکن محەمەد کازم عوبێد، فەرماندەی پۆلی یەکەمی لیوای پیادەی (29).

8. فەرماندەیی تیپی پیادەی ئالی هەشتەم (قيادة فرقة المشاة ألآلية الثامنة). بارەگای ئەو تیپە لە دیوانیە-یە و سەر بە فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی فوراتی ناوەڕاست (قيادة عمليات الفرات ألأوسط)ە، کە پێشتر بەناوی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی کەربەلا (قيادة عمليات كربلاء) کاری کردووە و لە مانگی ئابی ساڵی (2011)دا ناوەکەی گۆڕدرا. فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی فوراتی ناوەڕاست، هەریەک لە پارێزگاکانی (دیوانیە، حلە، کەربەلا، نەجەف) و تەواوی قەزاو ناحیەکانی سەر بەو پارێزگایانە دەگرێتەوە.

فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی فوراتی ناوەڕاست بریتیین لە:
فەریق ڕوکن عوسمان عەلی فەرهود مەسیر ئەلغانمی (شیعە)، فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی فوراتی ناوەڕاست. فەریق عوسمان غانمی، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە. فەریق عوسمان غانمی، لە ساڵی (2004) فەرماندەی تیپی پیادەی هەشتەم بووەو دواتر کراوە بە فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی کەربەلا و دواتریش فوراتی ناوەڕاست.
عەمید ڕوکن عماد مەجهول سمێدع موتلەگ ئەلفتلاوی (شیعە)، جێگری فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی فوراتی ناوەڕاست، کە پێشتر سەرۆکی ئەرکانی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی فوراتی ناوەڕاست.
فەرماندەکانی تیپی پیادەی هەشتەم بریتیین لە:
عەمید ڕوکن حەسەن محەمەد مهەوەس مهواش ئەلجورانی (شیعە)، فەرماندەی تیپی پیادەی هەشتەم، کە پێشتر جێگری فەرماندەی تیپی پیادەی یازدەهەم بووەو لە سەردەمی ڕژێمی سەدام-دا بەعسی بووە بە پلەی (عضو الفرقة). عەمید ڕوکن حەسەن محەمەد مهەوەس، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە. پێشتر لیوا ڕوکن قەیس خەڵەف ڕەحیمە نەبات ئەلمحەمەداوی (شیعە)، فەرماندەی تیپی پیادەی هەشتەم بووە کە لە مانگی یەکی ساڵی (2012) گواسترایەوە بۆ تیپی پیادەی شەشەم.
عەمید ڕوکن عەبد جەبر مەزڵوم (شیعە)، سەرۆک ئەرکانی تیپی هەشتەم. پێشتر عەمید ڕوکن حوسێن ناسر فدیع ئەلعبودی (شیعە)، سەرۆک ئەرکانی ئەو تیپە بووە.
عەقیدی پزیشک سەلیم یاس عەلی، فەرماندەی فەرماندەیی پزیشکی تیپی هەشتەم.
عەقید کامل عەبد عەتیە ئەلعەرداوی، فەرماندەی فەرماندەیی لۆجیستی و گواستنەوە (آمر آمرية التموين والنقل).
موقەدەمی مافپەروەر عەبدوڵڵا عەباس حەمزە، ڕاوێژکاری یاسایی تیپ.
عەمید نەسر موحسین حەسون، فەرماندەی فەرماندەیی ئەندازیاری ئالی کارەبایی تیپی هەشتەم (آمر آمرية الهندسة ألآلية الكهربائية للفرقة الثامنة).
عەقید عەقیل یاس خزەیر ئەلعەبدەلی، فەرماندەی کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانی تیپی هەشتەم (آمر كتيبة هندسة ميدان الفرقة الثامنة).
نەقیب عەلی حوسێن، سەرپەرشتیاری سریەی چارەسەرە بۆمبییەکانی یەکەم و دووەم لە کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانی تیپی هەشتەم (المشرف على سرية معالجة القنابل ألأولى والثانية في كتيبة هندسة ميدان الفرقة الثامنة).
موقەدەمی ئەندازیار عەبدولکازم موحی، فەرماندەی کەتیبەی پەیوەندییەکانی تیپ (آمر كتيبة ألإتصالات الفرقة).
فەرماندەی لیوای پیادەی (30).
عەمید حەیدەر ئیبراهیم ئەلموسەوی، فەرماندەی پۆلی دووەمی لیوای پیادەی (30).
موقەدەم فاهم کەریم ئەلکریتی، یارمەتیدەری فەرماندەی پۆلی دووەمی لیوای پیادەی (30).
نەقیب عەلی حەسەن عەبدولئەمیر، ئەفسەری پەیوەندییەکان لە پۆلی دووەمی لیوای پیادەی (30).
موقەدەم حەمید سلێمان عەبد، فەرماندەی لیوای پیادەی (31). پێشتر عەمید ڕوکن عەدنان سەلمان عناد، فەرماندەی ئەو لیوایە بووە.
نەقیب محەمەد سەلمان عەبود وەتوت، فەرماندەی پۆلی یەکەمی لیوای پیادەی (31).
عەقید عەلاء سەلال شەلال، فەرماندەی پۆلی یەکەمی لیوای پیادەی (31)، کە بارەگاکەی لە بابل-ە.
موقەدەم عەقیل جەبر ئەلعەرداوی، فەرماندەی پۆلی سێیەمی لیوای پیادەی (31).
عەمید ڕوکن حوسێن عەلی جەواد، فەرماندەی لیوای پیادەی (32)، کە بارەگاکەی لە شاری واست-ە.

عەقید ڕوکن عەلی مشجل خەڵەف، فەرماندەی پۆلی سێیەمی لیوای پیادەی (32).
ڕائید جەبار جومعە، فەرماندەی سریەی سێی پۆلی سێیەمی لیوای پیادەی (32).
موقەدەم زیاد عەبدولجەبار، ئەفسەری ڕاگەیاندنی لیوای پیادەی (32).
عەقید ڕوکن عەباس عەبدولکازم، فەرماندەی لیوای پیادەی (33).
عەقید ڕوکن عادل مەولان، یارمەتیدەری فەرماندەی لیوای پیادەی (33).
موقەدەم ڕوکن حەسەن جەواد کازم ئەلسیلاوی، فەرماندەی پۆلی یەکەمی لیوای پیادەی (33).

9. فەرماندەیی تیپی پیادەی ئالی نۆیەم (قیادة فرقة المشاة ألآلية التاسعة). بارەگای ئەو تیپە لە ڕۆستەمیە و سەربازگەی تاجی (معسكر التاجي)یە لە بەغدا.
فەرماندەکانی تیپی پیادەی ئالی نۆیەم بریتیین لە:
لیوا ڕوکن قاسم جاسم نزال گعید ئەلمالیکی (شیعە)، فەرماندەی تیپی پیادەی ئالی نۆیەم. لیوا قاسم جاسم مالیکی، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام-دا بەعسی بووە بە پلەی (عضو عامل). پێشتر لیوا ڕوکن سەعد خالد یاسین عەبدولڕەحمان ئەلیاسین (شیعە)، فەرماندەی تیپی پیادەی نۆیەم و سەرۆکی ئەرکانی هەمان تیپ بووە.
عەمید ڕوکن حوسێن ساڵح ناسر، جێگری فەرماندەی تیپی پیادەی ئالی نۆیەم.
عەمید ڕوکن عەلاء حوسێن جەواد، سەرۆکی ئەرکانی تیپی پیادەی ئالی نۆیەم (وابزانم لە مانگی ئازاری 2012دا کوژرا). پێشتر عەمید ڕوکن عەلی حوسێن وەزیر، سەرۆکی ئەرکانی ئەو تیپە بووە.
عەمید کەریم شەوکەت محەمەد، بەڕێوەبەری بەشی بەڕێوەبەری و لۆجیستی تیپی پیادەی نۆیەم.
عەمید عەباس فازڵ عەبدولساحب، فەرماندەی سەربازگەی بەسمایە و فەرماندەی مەشقکردن (آمر معسكر بسماية وقائد التمرين).
عەمید سامر عەبدولغەفار، فەرماندەی فەرماندەیی ئەندازیاری ئالی کارەبایی تیپی پیادەی ئالی نۆیەم. فەرماندەیی ئەندازیاری لە چوار کارگە بە ژمارەکانی (34+35+36+37) پێکدێت و موقەدەم حەمید ڕەشید فەرماندەی کارگەی (35)ە.
موقەدەم بەشیر فازڵ عەبدولڕەحیم، لە تیپی پیادەی ئالی نۆیەم.
ملازمی یەکەم هەیسەم عوبێد زەڵیم، فەرماندەی دەستەی پاشەکەوتکردنەکان (آمر فصيل المذخرات).
عەمید ڕوکنی زرێپۆش ساڵح حرز ناسر، فەرماندەی لیوای زرێپۆشی (34).
عەقید ڕەحیم ختیاب مکتف، فەرماندەی پۆلی پیادەی ئالی چوارەمی لیوای زرێپۆشی (34).
فەرماندەی کەتیبەی تانکەکانی یەکەمی سەر بە لیوای زرێپۆشی (34).
عەمید ڕوکن وەلید خەلیفە مەجید، فەرماندەی لیوای زرێپۆشی (35)، کە بارەگاکەی لە ڕۆستەمییە دایە.
عەمید ڕوکن هەیسەم سەلاح مەهدی، فەرماندەی لیوای زرێپۆشی (36). پێشتر عەمید ڕوکنی زرێپۆش متەشەر عەلی غولام، فەرماندەی لیوای ناوبراو بووە.
فەرماندەی کەتیبەی تانکەکانی پێنجەمی لیوای پیادەی زرێپۆشی (36).
عەقید ڕوکنی زرێپۆش ئەحمەد جاسم ساڵح، فەرماندەی لیوای ئالی (37).

10. فەرماندەیی تیپی پیادەی ئالی دەیەم (قیادة فرقة المشاة ألآلية العاشرة). بارەگای ئەو تیپە لە فڕۆکەخانەی بەتیرە (مطار البتيرة)ی باشووری شاری عمارە (میسان)ە. ئەو تیپە ئەرکی پاراستنی عمارە (میسان)، ناسریە (زیقار)، سەماوە (موسەنا)، واست (کوت) و تەواوی قەزاو ناحیەکانی سەر بەو پارێزگایانەی گرتۆتە ئەستۆ. فەرماندەیی تیپی ئالی دەیەم وەکو هێزێکی سەر بە وەزارەتی بەرگری و هێزەکانی پۆلیس و تەواوی دامودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ لەو پارێزگایانەدا خراونەتە ژێر فەرمان و ڕکێفی فەرماندەیی

ئۆپراسیۆنەکانی میسان (قیادة عملیات میسان). یەک شتی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی میسان لەوانەی دیکە جیادەکاتەوە، کە لێرەدا فەرماندەی تیپ و فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکە هەر یەک کەسن. هەروەها سەبارەت بە جێگر و سەرۆکی ئەرکانی تیپ هەر هەمان شت هەیە.

لیوا ڕوکن عەبدولئەمیر کامل عەبدوللا مزعل ئەلشەمەری (شیعە)، فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی میسان و تیپی پیادەی ئالی دەیەم (قائد عملیات میسان و فرقة المشاة ألآلیة العاشرة). لیوا عەبدولئەمیر کامل ئەلشەمەری، پێشتر جێگری فەرماندەی تیپی فریاکەوتنی خێرای یەکەم بووە، هەروەها لە سەردەمی ڕژێمی سەدام-دا بەعسی بووە بە پلەی (عضو فرقة). پێشتر لیوا ڕوکن حەبیب تاڵب عەباس موسا ئەلحوسێنی (شیعە)، فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی میسان و تیپی پیادەی ئالی دەیەم بووە، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام-دا بەعسی بووە بە پلەی (عضو فرقة).

لیوا ڕوکن عەلی حەیدەر غازی ئەلهاشمی، یارمەتیدەری فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی میسان و تیپی پیادەی ئالی دەیەم. لیوا عەلی هاشمی، ئێستاکە کراوە بە فەرماندەی پۆلیسی پارێزگای میسان.

لیوا ڕوکن جەبار نەعیمە کەریم والی (شیعە)، فەرماندەی تیپی پیادەی ئالی دەیەم، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام-دا بەعسی بووە بە پلەی (عضو فرقة).

عەمید ڕوکن کازم تەلاڵ حەمەد، سەرۆکی ئەرکانی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی میسان و تیپی پیادەی ئالی دەیەم. پێشتر عەمید ڕوکن نەبیل یاسین ئیبراهیم عەتیە ئەلزەیدی (شیعە)، سەرۆکی ئەرکانی ئۆپراسیۆنی میسان و تیپی دەیەم بووە.

عەمید ڕوکن حوسێن محەمەد شەمیر (شیعە)، فەرماندەی بنکەی مەشقکردنی واست (کوت).

عەقید حوسێن عوبێد هاشم، لە بنکەی مەشقکردنی واست.

عەمید ڕوکن جەواد کازم کەریم، فەرماندەی خوێندنگەی زرێپۆشی تیپ (آمر مدرسة الدروع للفرقة).

عەقید باسم محەمەد عەساد، فەرماندەی کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانی تیپی پیادەی دەیەم (آمر کتیبة هندسة میدان فرقة المشاة العاشرة).

موقەدەم عەزیز فەرحان ئیسماعیل، یارمەتیدەری فەرماندەی کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانی تیپی پیادەی دەیەم.

موقەدەم محەمەد قاسم محەمەد، فەرماندەی فەرماندەیی لۆجیستی و گواستنەوە (آمر آمریة التموین و النقل).

ڕائید عەلی حوسێن عەلی، یارمەتیدەری فەرماندەی کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانی تیپ.

موقەدەم ڕوکن ئەحمەد قاسم حوسێن، فەرماندەی پۆلی کۆماندۆی تیپی دەیەم.

موقەدەم جەواد کازم مەسیر، یارمەتیدەری فەرماندەی پۆلی کۆماندۆی تیپی دەیەم، کە پێشتر موقەدەم محەمەد جاسم محەمەد یارمەتیدەری فەرماندەی ئەو پۆلە بووە.

ڕائید عیسا کازم، ئەفسەری ئاراستەی ورە لە تیپ (ضابط التوجیه المعنوي للفرقة)، کە پێشتر موقەدەم هەیسەم ئەحمەد حەسەن ئەفسەری ئاراستەی ورەی تیپ بووە.

عەقیدی پیادەی ئالی فازڵ مەحمود حەسەن، فەرماندەی خولی لێخوڕین و درێژەپێدان بە بگۆڕی زرێپۆشی M113 (آمر دورة السیاقة وألإدامة للناقلة المدرعة M113).

عەقید کەریم نەجم عەبد، فەرماندەی خولی عاریفی دەستەکان (آمر الدورة لعرفاء الفصائل).

ڕائیدی مافپەروەر عەباس خەزعەل موحسین، ڕاوێژکاری یاسایی تیپ.

ملازمی یەکەم حازم عەبدولحوسێن عوبێد، فەرماندەی دەستەی کیمیاوی تیپ (آمر الفصیل الکیمیاویَ للفرقة).

عەمید ڕوکن جاسم محەمەد خەلیفە، فەرماندەی لیوای پیادەی ئالی (38)، کە بنکەکەی لە جبایش-ە. پێشتر عەمید ڕوکن ستار جەبار کازم فەرماندەی ئەو لیوایە بووە.

موقەدەم ڕوکن فراس عەبد حەسون ئەلئەزیرجاوی، فەرماندەی پۆلی پیادەی دووەمی لیوای (38).

عەمیدی زرێپۆش مەجید حەمید جاسم، فەرماندەی لیوای پیادەی ئالی (39)، کە بنکەکەی لە سەماوە (موسەنا)یە.

عەقید سالّح حوسێن، موقەدەمی لیوای پیادەی ئالی (39).

عەقید جاسم محەمەد حەسان، فەرماندەی پۆلی دووەمی لیوای (39).

موقەدەم ڕوکن نەسر ئەلعرێبی، فەرماندەی پۆلی سێیەمی لیوای (39).

موقەدەم محەمەد قاسم حەسر، یارمەتیدەری فەرماندەی پۆلی سێیەمی لیوای (39).

ملازمی یەکەم هەیسەم حەسەن ناسر، ئەفسەری هەواڵگری پۆلی سێیەمی لیوای (39).

موقەدەم سلّاح عەبدولحوسێن، ئەفسەری ڕاگەیاندنی لیوای (39).

فەرماندەی لیوای پیادەی نئالی (40)، کە بنکەکەی لە شێخ سەعد-ە.

عەقید ڕوکن هلال مەتەر سالّح، فەرماندەی لیوای پیادەی (41)، کە پێشتر عەمید ڕوکن محەمەد جاسم جومعە فەرماندەی ئەو لیوایە بووە.

11. فەرماندەیی تیپی پیادەی یازدەهەم (قيادة فرقة المشاة الحادي عشر). بارەگای ئەو تیپە لە ڕەسافەی بەغدایەو سنووری ئەرکەکانی بەری ڕەسافەی ناو شاری بەغدای پایتەخت دەگرێتەوە. ئەو تیبە بەشێکە لە فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ڕەسافە (قيادة عمليات الرصافة)، هەروەها هەردوو فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ڕەسافە و کەرخ، کە فەرماندەیی تیپی پیادەی شەشەم بەشێکە لە فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی کەرخ، فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا (قيادة عمليات بغداد) پێکدەهێنن. فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا، لە ڕێکەوتی (14.2.2007) دامەزراوە. لە باسکردنی تیپی پیادەی شەشەم، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا و کەرخ نووسراون، بۆیە لێرەدا ئەوەی کەرخ دووبارە ناکەمەوە بەڵکو تەنیا ناوی فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا و ڕەسافە دەنووسم، کە بریتین لە:

فەریق ڕوکنی یەکەم ئەحمەد هاشم عەواد سولّتان (شیعە)، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا. فەریق ئەحمەد هاشم، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە. فەریق ڕوکن عەبود قەنبەر هاشم خیون ئەلمالیکی (شیعە)، یەکەم فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا بووە، کە ئێستاکە یارمەتیدەری سەرۆک ئەرکانی سوپا بۆ ئۆپراسیۆنەکانە.

فەریق ڕوکن حەسەن سەلمان خەلیفە گاتع ئەلبەیزانی (شیعە)، جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە. فەریق حەسەن سەلمان، پێشتر بە پلەی لیوا ڕوکن سەرۆکی ئەرکانی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا بووە.

فەریق ڕوکن حوسێن جاسم محەمەد موسا ئەلعەوادی (شیعە)، جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا بۆ کاروباری ناوخۆ (نائب قائد قيادة عمليات بغداد لشؤون الداخلية). فەریق حوسێن ئەلعەوادی، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە و فەرماندەی دەستەی کیمیاوی فەیلەقی چوارەم (آمر الصنف الكيمياوي في الفيلق الرابع) بووە لە عمارە.

عەمید ڕوکن جابر عەبدولنەبی، لە فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا.

لیوا ڕوکن سەڵاحەدین مستەفا کەمال ڕەزا قەرەغولی (کورد)، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ڕەسافە (قائد قيادة عمليات الرصافة)، کە پێشتر فەرماندەی تیپی چوارەم بووە لە پارێزگای تکریت. پێشتریش فەریق ڕوکنی یەکەم عەبدولکەریم عەبدولڕەحمان یوسف ئەلعزی (شیعە)، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ڕەسافە بووە، کە ئێستاکەش یارمەتیدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ کاروباری لۆجیستی-یە. فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ڕەسافە، بەرپرسێتی تیپی پیادەی یازدەهەم (فرقة المشاة الحادية عشرة)ی لە ئەستۆدایە.

لیوا ڕوکن سەعد عەلی عاتی سەعد حەربیە (شیعە)، جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ڕەسافە (نائب قائد قیادة عملیات الرصافة). لیوا ڕوکن سەعد حەربیە، پێشتر بەڕێوەبەری دەستەی تۆپهاوێژی (مدیر الصنف المدفعیة).

لیوا ڕوکن عماد یاسین سەید سەلمان ئەلزوهێری (شیعە)، فەرماندەی تیپی پیادەی یازدەهەم، کە لە مانگی دووی ساڵی (2012)دا هاتووە بۆ ئەو تیپە. لیوا عماد یاسین ئەلزوهێری، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی – عضو الفرقة–ی لە حزبی بەعس هەبووە. لیوا ڕوکن غەسان خالید کازم ئەلعزی (شیعە)، تا مانگی شوباتی (2012) فەرماندەی ئەو تیپە بووە. لیوا ڕوکن عەزیز نور سوادی عەباس ئەلزالمی (شیعە)، فەرماندەی تیپی یازدەهەم، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام–دا بەعسی بووە بە پلەی (عضو الفرقة).

عەمید ڕوکن حەسەن محەمەد مهەوەس مهواش ئەلجورانی (شیعە)، جێگری فەرماندەی تیپی یازدەهەم.

عەمید عەلی ئەلقەیسی، فەرماندەی فەرماندەیی ئەندازیاری ئالی کارەبایی (آمر آمریة الهندسة ألالیة ألکهربائیة).

عەقید موهەنەد محەمەد حەسەن، فەرماندەی کەتیبەی ئەبدازیاری گۆڕەپانی فەرماندەیی تیپ (آمر کتیبة هندسة میدان قیادة الفرقة).

عەقید ڕوکن عەباس عەبدئەلحوسەین، فەرماندەی لیوای (42).

فەرماندەی لیوای (43).

عەقید ڕوکن عەقیل کازم عەبود، فەرماندەی لیوای (44).

ڕائید ڕوکن ئەمجەد حەسون نوعمە، فەرماندەی پۆلی یەکەمی لیوای پیادەی (44).

عەمید ڕوکن حوسێن جەعفەر غالی، فەرماندەی لیوای (45).

12. فەرماندەیی تیپی پیادەی دوازدەهەم (قیادة فرقة المشاة الثانیة عشر). بارەگای تیپەکە لە کەیوانی باشووری خۆرئاوای کەرکوک–ەو سنووری ئەرکەکانی تەواوی پارێزگای کەرکوک بە هەموو قەزاو ناحیەکانییەوە دەگرێتەوە. بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (160)ی دیوانی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان (دکتۆر نوری کامل مالیکی) لە ڕێکەوتی (29.5.2012)دا فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی دیجلە دامەزرا بۆ سەرپەرشتی کردنی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی دیالە (فەرماندەیی تیپی پیادەی پێنجەم) و فەرماندەیی تیپی پیادەی دوازدەهەمی کەرکوک. دواتریش بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (372)ی ڕێکەوتی (31.7.2012) فەریق ڕوکن عەبدولئەمیر ڕەزا محەمەد خالید مەسیر ئەلزەیدی (عەبدولئەمیر زەیدی)، وەکو فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی دیجلە دامەزرا. فەریق عەبدولئەمیر زەیدی (شیعە)، یەکێکە لە کۆنە ئەفسەرەکانی ڕژێمی سەدام کە پلەی (عضو فرقة)ی هەبووە لە حزبی بەعسی فاشیست.

فەرماندەکانی تیپی پیادەی دوازدەهەم لە کەرکوک بریتیین لە:

لیوا ڕوکن محەمەد خەڵەف سەعید عەلی (شیعە)، فەرماندەی تیپی پیادەی دوازدەهەم کە لە کۆتایی مانگی ئایاری ساڵی (2012) فەرماندەیی ئەو تیپەی لە لیوا ڕوکن سەمیر عەبدولکەریم وەرگرت. پێشتر لیوا ڕوکن سەمیر عەبدولکەریم جاسم محەمەد ئەلعقابی (شیعە)، فەرماندەی تیپی دوازدەهەم بووە کە مانگی ئایار (2012) لەو تیپە گواسترایەوە. پێشتریش لیوا ڕوکن عەبدولئەمیر ڕەزا محەمەد خالد مەسیر ئەلزەیدی (شیعە)، فەرماندەی تیپی پیادەی دوازدەهەمی کەرکوک بووە، بەڵام لە ڕێکەوتی (8.4.2011)دا گواسترایەوە بۆ فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی دیالە و لیوا سەمیر عەبدولکەریم جاسم ئەلعقابی شوێنی ئەوی گرتەوە. عەبدولئەمیر زەیدی، ئەوجارە بە پلەی فەریق ڕوکن و بە دەسەڵاتێکی ڕەهاوە بەپێی بڕیاری (372)ی ڕێکەوتی (31.7.2012)ی نوری کامل مالیکی سەرۆک وەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، کە هەموو هێزەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ و فەرمانگەکانی پارێزگای کەرکوک و پارێزگاریش خراوەتە ژێر

فەرمانی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی دیجله (قیادة عمليات دجلة) له کەرکوک که عەبدولئەمیر زەیدی-یه لەپێناوی دووباره عارەبێنرانی کەرکوک و دەرکردنی کورد لەو پارێزگایەدا وەکو هەنگاوی یەکەم. فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی دیجله، سەرەتا سنووری پارێزگاکانی کەرکوک و دیاله-ی دەگرتەوە، دواتریش له ڕێکەوتی (31.10.2012)دا پارێزگای تکریت (سەلاحەدین)یشی خرایه سەر، واته هەر سێ تیپه پیادەکانی (4، 5، 12) و هێزەکانی پۆلیس، ئاساییش و تەواوی هێزەکانی دیکەی سەر به وەزارەتی ناوخۆ و فەرمانگه حکومییەکانی ئەو سێ پارێزگایه دەگرێتەوە. سەرەتا عەقید ڕوکن عەزیز سعود سەوادی زاڵمی (شیعه)، فەرماندەی تیپی پیادەی دوازدەهەمی کەرکوک بووە.

عەمید ڕوکن ئەیاد محەمەد ساڵح خورشید (کورد)، جێگری فەرماندەی تیپی پیادەی دوازدەهەم که هیچ دەسەڵاتێکی نییه.

عەمید ڕوکن موئەیەد نورەدین حوسێن، سەرۆک ئەرکانی تیپی دوازدەهەم. پێشتر عەقید ڕوکن حەقی ماجد سەتای شەلال (سوننه)، سەرۆکی ئەرکانی ئەو تیپه بووە.

عەمید ڕوکن عەبدوڵڵا حەسەن محەمەد، فەرماندەی بنکەی مەشقی بنچینەیی کەرکوک.

عەمید تەحسین حەمید ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەشی ژمێریاری و وردبینی تیپ.

عەمید ڕوکن حازم قادر، بەڕێوەبەری هۆبەی پلاندانان له تیپ.

عەقید تارق مستەفا، ئەفسەری ڕاگەیاندنی تیپ.

موقەدەم مەحمود موحسین موسا، فەرماندەی کارگەی گۆڕەپانی تیپی دوازدەهەم (آمر معمل ميدان الفرقة الثانية عشر).

ڕائیدی مافپەروەر، عەدنان عەبدولڕەحیم ساڵح، ڕاوێژکاری یاسایی تیپ.

عەقید ڕوکن تەها محەمەد ئەمین، فەرماندەی لیوای پیادەی (15). بنکەی پۆلی دووەم (الفوج الثاني) لیوای (15) لەناو فڕۆکەخانەی کەرکوک-ە.

عەقید ڕوکن حوسێن عەبدوڵڵا حەمودی، جێگری فەرماندەی لیوای پیادەی (15).

عەقید ڕوکن حاجم سەعدون مستەفا، فەرماندەی پۆلی یەکەمی لیوای پیادەی (15).

موقەدەم ئەنوەر بەدری سلێمان، ئەفسەری ڕاگەیاندنی پۆلی چوارەمی لیوای پیادەی (15).

فەرماندەی لیوای پیادەی (46)، که بنکەکەی له حەویجه-یه.

موقەدەم زەید زەیدون ئەلحەمدانی، یارمەتیدەری فەرماندەی پۆلی سێیەمی لیوای پیادەی (46).

عەمید ڕوکن محەمەد ئەحمەد خەڵەف، فەرماندەی لیوای پیادەی (47).

موقەدەم ڕوکن غانم حوسێن شبیب، فەرماندەی پۆلی دووەمی لیوای پیادەی (47).

عەمید محەمەد ئیسماعیل ڕەحمان، فەرماندەی لیوای پیادەی (49). بنکەی ئەو لیوایه له شارۆچکەی (دوبز)ە.

موقەدەم تەحسین حەمەد عەلی، فەرماندەی پۆلی سێیەمی لیوای پیادەی (49).

کەتیبەی تۆپهاوێژی – كتيبة المدفعية – (112).

13. فەرماندەیی تیپی پیادەی چواردەهەم (قيادة فرقة المشاة الرابعة عشر). بارەگای ئەو تیپه له بەسرا-یەو ئەرکی پاراستنی تەواوی پارێزگاکەی به هەموو قەزاو ناحیەکانەوە له ئەستۆدایه. ئەو تیپه لەگەڵ فەرمانگه و هێزه چەکدارەکانی وەزارەتی ناوخۆی ئەو پارێزگایه سەر به (فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەسرا)ن. فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەسرا بریتیین له:

فەریق ڕوکن عەبدولئەمیر جارولڵا یوسف ئەللامی (شیعه)، فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی بەسرا، که له فەرماندەیی تیپی پیادەی شەشەم هات و ئێستاش سەرۆکی ئەرکانی فەرماندەیی هێزه وشکانییەکانه. پێشتر لیوا ڕوکن محەمەد جەواد هوەیدی عەبال ئالبدیر (شیعه)، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەسرا

لەنێوان (3.1.2012-19.4.2008)، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە. پێشتریش فەریق یەکەمی ڕوکن مۆحان حاخز فەهد نەسیر ئەلفریجی (شیعە)، فەرماندەی ئەو ئۆپراسیۆنە بووەو دواتر لە ڕێکەوتی (19.4.2008) گواستراوەتەوە بۆ وەزارەتی بەرگری و کراوە بە ڕاژگری گشتیی وەزارەت و ڕاوێژکاری سەربازی پێشەنگ.

عەمید ڕوکن حوسێن عەبد عەلی عەبدوللا ئیسماعیل تەی (شیعە)، جێگری فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی بەسرا، کە لە ڕێکەوتی (14.3.2012) کرا بە فەرماندەی پۆلیسی پارێزگای زیقار.

عەمید ڕوکن جیهاد بەهاء ئیبراهیم فەرحان (شیعە)، سەرۆکی ئەرکانی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەسرا.

فەرماندەکانی تیپی پیادەی چواردەهەم بریتیین لە:

لیوا ڕوکن عەبدولحوسێن عەلی حەسەن ئەلتمیمی، فەرماندەی تیپی پیادەی چواردەم. پێشتر عەمید ڕوکن عەزیز سعود سوادی ئەلزالمی (شیعە)، فەرماندەی ئەو تیپە بووە. پێشتریش لیوا ڕوکم محەمەد جەواد هوەیدی عەبال ئالبدیر (شیعە)، فەرماندەی تیپی ناوبراو بووە، کە دواتر کراوە بە فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەسرا.

عەمید ڕوکن جەبار حاجم ساجت، سەرۆک ئەرکانی تیپ. پێشتر عەمید ڕوکن جەواد کازم نور عەبدوللا ئەلمحنە (شیعە)، سەرۆکی ئەرکانی ئەو تیپە بووە.

عەقید محەمەد فەهد خیون، فەرماندەی پۆلی پارێزگاری و ئەرکەکانی فەرماندەیی بارەگای تیپ لە بەسرا (آمر فوج دفاع و واجبات آمرية موقع البصرة). پۆلی پارێزگاری و ئەرکەکان، لە ڕێکەوتی (5.8.2008) دامەزراوە.

عەقید ڕوکن جەمیل عەباس مەزلام، فەرماندەی بنکەی مەشقکردنی بەسرا.

موقەدەم ڕوکن محەمەد حوسێن سالم ئەلجمێلی، فەرماندەی بنکەی مەشقکردنی شوعەیبە (لە ڕێکەوتی 11.6.2008 دامەزراوە).

موقەدەم فەرحان ڕەحیم عەبد، فەرماندەی کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانی تیپی چواردەهەم.

موقەدەم ئەحمەد حوسێن، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی تیپ.

ڕائیدی مافپەروەر حەمدی یونس، ڕاوێژکاری یاسایی تیپ.

عەمید ڕوکن وەلید کازم عەبعوب، فەرماندەی لیوای پیادەی (50).

فەرماندەی لیوای پیادەی (52).

عەمید ڕوکن حامد لەفتە زاحی، فەرماندەی لیوای (53)، کە بارەگاکەی لە فڕۆکەخانەی بەسرایە.

عەقید ڕوکن ئیسماعیل ئیبراهیم ئەحمەد، فەرماندەی پۆلی یەکەمی لیوای پیادەی (53).

14. فەرماندەیی تیپی پیادەی حەڤدەهەم (قيادة فرقة المشاة السابعة عشر). بارەگای ئەو تیپە لە مەحمودیە-ی بەغدایە.

لیوا ڕوکن عەبدولناسر ئەحمەد ئەلغەنام داود ئەلهیتی (سوننە)، فەرماندەی تیپی پیادەی حەڤدەهەم، کە پێشتر فەرماندەی ئەو تیپی پیادەی دووەم بووە لە موسڵ لەنێوان ساڵانی (2009-2011). لیوا ڕوکن عەبدولناسر ئەلغەنام، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە. لیوا ڕوکن عەلی جاسم محەمەد ئەلفریجی (شیعە/عمارە)، فەرماندەی تیپی پیادەی حەڤدەهەم لەگەڵ لیوا ڕوکن عەبدولناسر غەنام ئاڵوگۆڕیان پێکراو ئەوەشیان گواسترایەوە بۆ موسڵ.

عەمید ڕوکن حەسەن عەباس تۆفان، جێگری فەرماندەی تیپی حەڤدەهەم.

عەمید ڕوکن عماد غەزبان محەمەد شناوە (شیعە)، سەرۆکی ئەرکانی تیپی پیادەی حەڤدەهەم.

لیوا ڕوکن محێی عەبدولحوسێن شەهاب، بەڕێوەبەری هۆبەی ئەرکانی تیپی پیادەی حەڤدەهەم.

عەقید ڕوکن ئەیوب موسا، فەرماندەی پۆلی کۆماندۆی تیپی حەڤدەهەم.

عەقید لوئەی یونس تەها، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتیی تیپ.

فەرماندەی لیوای پیادەی (23).
عەقید سەعد موحسین عریبی، فەرماندەی لیوای پیادەی (25). پێشتر عەمید ڕوکن عماد غەزبان محەمەد شناوە، فەرماندەی ئەو لیوایە بووە بەڵام دواتر کراوەتە سەرۆکی ئەرکانی تیپی حەڤدەهەم.
فەرماندەی لیوای پیادەی (55).

**فەرماندەیی هێزی ئاسمانی (قيادة القوة الجوية )**

فەرماندەیی هێزی ئاسمانی لە ڕاستیدا دەبێ سەر بە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا بێت، کەچی بە بڕیارێکی نوری مالیکی لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا جیاکراوەتەوەو خراوەتەوە ژێر دەستی وەزارەتی بەرگری.
فەرماندەیی هێزی ئاسمانی ئێراقی، لە ڕێکەوتی (22.4.1931)دا لەسەر دەستی موقەدەم ڕوکنی فڕۆکەوان محەمەد عەلی جەواد دامەزراوە.
هەروەکو دەزانین لەگەڵ ڕوخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە (9.4.2003)دا لەلایەن ئەمریکاوە، تەواوی دامودەزگا سەربازییەکانی حکومەتی ئێراق هەڵوەشانەوە. بەڵام دواتر بەرە بەرە یەکە یەکەی دامودەزگا سوپاییەکان دووبارە دروست کرانەوە. بێگومان کورد ڕۆڵی سەرەکی و بەرچاویان هەبووە لە سەر لە نوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی ئێراق، دامودەزگا حکومی و سەربازییەکان. سەبارەت بە دامەزراندنەوەی هێزی ئاسمانی ئێراق، لەلایەن فەریق ڕوکنی فڕۆکەوان کەمال عەبدولستار عەبدولفەتاح بەرزنجی (کورد) و چەند فڕۆکەوانێکی دیکەی عەرەبدا لە ڕێکەوتی (6.1.2005)دا دروست کرایەوەو خۆی بوو بە یەکەم فەرماندەی هێزی ئاسمانی و تا سەرەتای مانگی دووی ساڵی (2009) لەو پۆستەدا مایەوە. لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان کەمال عەبدولستار عەبدولفەتاح بەرزنجی، لەکاتی ئەنفالەکاندا لە ساڵانی (1987-1988)دا فەرماندەی بنکەکانی ئاسمانی باشووری ئێراق (بنکەکانی ئیمام عەلی لە ناسریە و بنکەی شوعەیبیە لە بەسرا) بووەو لە ڕۆژی (28.6.1988)دا لەگەڵ (30) فڕۆکەانی دیکەدا لەلایەن سەدام حوسێنی دیکتاتۆری ئێراق خەڵاتکران. خەڵاتکردنی بەشێکیان بەهۆی بەشداریکردنیان بووە لە کیمیا باران کردنی شاری هەڵەبجەو ئەوانەی دیکەش بەهۆی بەشدارییان لە شەڕی ئێراق – ئێران. دەستەی پارێزەرانی داواکاری مافی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕۆژی (2.2.2009)دا داوای لە سەرۆک و ئەندامانی دادگای تاوانکاری دووەم کردووە، بەهۆی گومانی بەشداریکردن لە تاوانی کیمیا باران کردنی شاری هەڵەبجە فەرمانی دەستگیرکردن بۆ لیوا ڕوکن کەمال عەبدولستار عەبدولفەتاح بەرزنجی و (27) فڕۆکەوانی دیکە دەرکەن.
لە سەرەتای مانگی فێبریوەری ساڵی (2009)دا، فەریق ڕوکنی فڕۆکەوان ئەنوەر حەمەدئەمین ئەحمەد مامەسێنی (کورد) و خەڵکی سەرگەڕان بە پشتیوانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرا بە فەرماندەی هێزی ئاسمانی و تا ئێستاکەش هەمان پۆستی هەیە. فڕۆکەوان ئەنوەر حەمەدئەمین ئەحمەد، لە ناوەڕاستی ساڵی (2007) بە پلەی لیوا ڕوکن کرا بە پشکێنەری گشتیی سەربازی لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا و تا مانگی شوباتی ساڵی (2009) لەو پۆستەدا مایەوە. فڕۆکەوان ئەنوەر حەمەدئەمین، لە کاتی ئەنفالەکاندا بە پلەی رائید لەگەڵ سربی (4)دا بەشداری ئەنفالی کردووەو فەرمانی دەستگیرکردنی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق-ەوە بۆ دەرچووەو ژمارە (21)ی لە ڕیزبەندی ناوی (423) داواکراوەکە دراوەتێ.
لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان مونیر عەبدولحوسێن ئەلئەشقیر، جێگری فەرماندەی هێزی ئاسمانی. پێشتر لیوای ئەندازیاری ڕوکنی دەریاوان مۆفەق نەجم عەبد، جێگری فەرماندەی هێزی ئاسمانی.
لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان قائد ئەلقرش مەشزوب (شیعە - دوانیە/1956)، یارمەتیدەری فەرماندەی هێزی ئاسمانی و پێشتر بەڕێوەبەری ئۆپراسیۆنەکانی هێزی ئاسمانی (مدير العمليات بالقوة الجوية)، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە و لە ساڵانی (2002-2003)دا بەڕێوەبەری ئۆپراسیۆنەکانی هێزی

ئاسمانی بووە. پێش ئەویش لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان فەیسەڵ حەمادی غەزبان، جێگری فەرماندەی هێزی ئاسمانی بوو، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە (ئێستاکە خانەنشینە).
عەمیدی فڕۆکەوان محەمەد مەجید، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاسمانی (مدير ألإدارة الجوية).
عەمیدی پزیشک عەبدولڕەزاق نەجم عەبد جەواد، بەڕێوەبەری بنکەی فڕۆکەوانی پزیشکی و هەستکردن بە هەستەکان (مدير مركز طب الطيران والشعور بالحواس).
عەمیدی فڕۆکەوان تەحسین ئیبراهیم سادق، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی ئاسمانی (مدير ألإعلام الجوي).
عەمید فڕۆکەوانی لۆجیستی ئازاد ئیبراهیم شاڵی، لە چەکی ئاسمانی ئێراقی (في سلاح الجوي العراقي).
عەقید ڕوکن خالید مەرداس، سەرۆکی ئەرکانی فەرماندەیی هێزی ئاسمانی.
عەقیدی فڕۆکەوان سەلاح عەبدوللا، ڕاوێژکاری ئاسمانی لە فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکان (المستشار الجوي لقيادة العمليات).
عەمیدی فڕۆکەوان وەمیز لوتفی مەحمود، بەڕێوەبەری پلاندانانی ئاسمانی.
عەمیدی فڕۆکەوان موزەفەر جاسم حەسەن، لە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی.
عەقیدی فڕۆکەوان نازم کەریم حەسون ئەلفتلاوی، لە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی.
عەمید ڕوکنی فڕۆکەوان عەلی محەمەد حەسەن، ڕاگری کۆلێژی هێزی ئاسمانی (عميد كلية القوة الجوية).
عەمید ڕوکنی فڕۆکەوان ڕافد غازی شناوە، فەرماندەی بنکەی بەلەد-ی ئاسمانی.
عەمیدی فڕۆکەوان نازم لەفتە ئەلئەجوەدی، فەرماندەی بنکەی تاجی ئاسمانی.
موقەدەمی فڕۆکەوان سالم نوری ئەلسەعیدی، لە بنکەی تازی ئاسمانی.
عەمیدی فڕۆکەوان سامی سەعید عەبدولنەبی، فەرماندەی فڕۆکەخانەی بەسرا-ی سەربازی.
عەقیدی فڕۆکەوان فالح حەسەن، یارمەتیدەری فەرماندەی فڕۆکەخانەی بەسرا-ی سەربازی.
عەقیدی فڕۆکەوان فازڵ وافی، فەرماندەی پۆلی (85) لە فەرماندەیی فڕۆکەخانەی بەسرا-ی سەربازی (آمر السرب ال (85) في آمرية مطار البصرة العسكري).
عەقید فارس تورکی عەتیە، فەرماندەی هێزی ئاسمانی لە واست (آمر القوة الجوية في الواسط).
عەمید ڕوکن عەبدولحەکیم عەبود تاهیر، فەرماندەی بنکەی ئیمام عەلی ئاسمانی لە ناسریە و فەرماندەی پۆلی (70)ی ئاسمانی (آمر قاعدة ألإمام علي الجوية في الناصرية و آمر السرب الجوي 70).
عەمید شەهاب عەلی، فەرماندەی بنکەی حوڕیە-ی ئاسمانی لە کەرکوک (آمر قاعدة الحرية الجوية في كركوك).
ملازمی یەکەم زیاد تاریق کامل، لە بنکەی حوڕیەی ئاسمانی لە کەرکوک.
عەقیدی ئەندازیار عەدنان مەنسور، فەرماندەی باڵی هونەری لە فڕۆکەخانەی بەسرای سەربازی (آمر الجناح الفني في مطار البصرة العسكري).
عەقید قەیس سەبری حەمید، ئەفسەری ڕوکن لە فڕۆکەخانەی بەسرای سەربازی.
موقەدەمی ئەندازیار عەبدولعەزیم فەیسەڵ، فەرماندەی یەکەی ئەندازیاری ئاسمانی لە فڕۆکەخانەی بەسرای ئاسمانی (آمر وحدة الهندسة الجوية في مطار البصرة العسكري).
موقەدەمی فڕۆکەوان زەین ئەلعابدین مەنسور، لە فڕۆکەخانەی بەسرای سەربازی.
لیوای فڕۆکەوان حوسێن عەلی مرواج، لە بنکەی کوتی ئاسمانی (قاعدة أبي عبيدة الجراح سابقا) لە واست.
فەرماندەی بنکەی عەین ئەلئەسەدی ئاسمانی لە پارێزگای ئەنبار/ڕومادی (آمر قاعدة عين ألأسد الجوية في محافظة الأنبار).
فەرماندەی بنکەی موسەنای ئاسمانی (آمر قاعدة المثنى الجوية).
عەمیدی فڕۆکەوان محەمەد عەلاء جاسم، سەرۆکی ئەرکانی فەرماندەیی بنکەی موسەنای ئاسمانی (رئيس أركان قيادة قاعدة المثنى الجوية)، کە لە ڕێکەوتی (28.4.2011)دا کوژرا.

عەمیدی فڕۆکەوان تەحسین ئەلخەفاجی، لە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی.
عەمید ڕوکنی فڕۆکەوان عەبدولساحب عەبدولکازم بوهی، لە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی.
موقەدەمی فڕۆکەوان نازم کەریم حەسون ئەلفتلاوی، لە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی.

**فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا (قیادة طیران الجیش)**

فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا دوای جیاکردنەوەی لە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی خرایە سەر وەزارەتی بەرگری، کە مەبەستیش تەنیا لاوازکردنی فەرماندەیی هێزی ئاسمانی بوو چونکە فەرماندەکەی کوردە.
فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا کە فڕۆکەی سمتی و هەلیکۆپتەری جەنگی دەگرێتەوە، بۆ جاری یەکەم لە ساڵی (1981) لەلایەن ڕژێمی سەدام لەکاتی جەنگی ئێراق – ئێران دامەزرا. فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا، بۆ جاری دووەم لە سەردەمی دەسەڵاتی حکومەتی دکتۆر نوری کامل مالیکی لە ڕۆژی (1.5.2010)دا سەر لەنوێ دامەزرایەوە بەناوی بەڕێوەبەرێتیی فڕۆکەوانی سوپا و سەر بە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی بوو. لە ڕۆژی (6.5.2010)شدا بەشی ئەندازیاری ئاسمانی کرایەوە. فەریق ڕوکنی فڕۆکەوان حامد عەتیە خیون ئەلمالکی (شیعە)، بە بڕیارێکی نوری مالیکی وەکو یەکەم بەڕێوەبەری فڕۆکەوانی سوپا دامەزرا. فڕۆکەوان حامد عەتیە خوین، لە سەردەمی ئەنفالەکاندا بە پلەی موقەدەم فەرماندەی سربی (55)ی هێزی ئاسمانی ڕژێمی سەدام بووەو بەشداری ئەنفالی سێی کردووە لە کەرتی فەیلەقی دوو. فەریق ڕوکنی فڕۆکەوان حامد عەتیە، لەلایەن سەدام-ەوە مەدالیایەکی ئازایەتی (نوط الشجاعة)ی وەکو پاداشت لە بەشداری کردنی ئەو شاڵاوەی ئەنفالی کورد وەرگرتووە. دواتریش لە ڕۆژی (8.11.2010)دا بەڕێوەبەرێتیی ئەندازیاری فڕۆکەوانی سوپا کە سەر بە فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپایە دامەزرا.
هەر لەگەڵ دامەزراندنەوەی فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا، نوری مالیکی (50) فڕۆکەی سمتی و کۆپتەری شەڕکەری لە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی ئێراق لە فەریق ڕوکنی فڕۆکەوان ئەنوەر حەمەدئەمین وەرگرتەوەو خستنیە بەردەستی فەریق حامد عەتیە خوینی فەرماندەی نوێی فڕۆکەوانی سوپا. دواتریش لە ڕێکەوتی (10.5.2011)دا فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا لە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی جیاکرایەوە. سەرەتای ساڵی (2012)، فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا نزیکەی (150) هەلیکۆپتەری جۆراو جۆری جەنگی هەبووە.
لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان عەودە دەخیل عەبد ئەلعامری (شیعە)، جێگری فەرماندەی فڕۆکەوانی سوپا، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە. پێشتریش بۆ ماوەیەک لە هەواڵگری (المخابرات)ی نوێی ئێراقی پۆستی وەرگرت.
لیوای فڕۆکەوان خەڵەف محەمەد فەواک، سەرۆکی ئەرکانی فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا.
عەمیدی فڕۆکەوان عەمار عەبد حمێدی، سەرۆکی لیژنەی بیروباوەڕ لە فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا (رئیس اللجنة العقیدة في قیادة طیران الجیش).
عەمیدی فڕۆکەوان عەبدولستار عەبدولحوسێن ئەلزوهێری، بەڕێوەبەری فەرمانگەی فڕۆکەوانی سوپا (مدیر إدارة طیران الجیش).
عەمیدی فڕۆکەوان ماجد عەبد سەلام سالم، بەڕێوەبەری هەواڵگری فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا (مدیر إستخبارات قیادة طیران الجیش).
عەمیدی بەڕێوەبردن زوهێر عەبدولئەمیر ڕسن، بەڕێوەبەری بەشی ژمێریاری و وردبینی لە فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا (العمید ألإداری مدیر قسم الحسابات والتدقیق في قیادة طیران الجیش).
عەمیدی ئەندازیار حافز حوسێن ئەحمەد، لە بەڕێوەبەرێتیی مەشقی فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا (من مدیریة تدریب قیادة طیران الجیش).
عەقیدی فڕۆکەوان محەمەد شەنشول، بەڕێوەبەری مەشقی فڕۆکەوانی سوپا (مدیر تدریب طیران الجیش).

عەقیدی فڕۆکەوان یوسف کازم، بەڕێوەبەری بەشی فەرمانگەی پلەدارەکان لە فڕۆکەوانی سوپا (مدیر قسم إدارة المراتب في طیران الجیش).
عەمید ڕوکن ئەحمەد مەهدی، فەرماندەی فڕۆکەوانی سوپا لە بنکەی عەین ئەسەد (عین الأسد)ی ئاسمانی لە ئەنبار.
عەقید غەنی ئەلعەلاق، نوێنەری فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا (ممثل قیادة طیران الجیش).
عەقیدی فڕۆکەوان عەلی حوسێن عەلی، لە فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا.

**فەرماندەیی بەرگری ئاسمانی (قیادة الدفاع الجوي)**

فەریق یەکەمی فڕۆکەوان جەبار عوبێد کازم، فەرماندەی بەرگری ئاسمانی کە پێشتر بەڕێوەبەری دەستەی بەرگری ئاسمانی بووە.
لیوا ڕوکن موئەیەد عەبدولڕەزا عوبێد، جێگری فەرماندەی بەرگری ئاسمانی.
لیوا ڕوکن سەلمان محەمەد حەبینی ئەلبدێری (شیعە)، بەڕێوەبەری ئەندازیاری فەرماندەیی بەرگری ئاسمانی (مدیر هندسة قیادة الدفاع الجوي). لیوا سەلمان ئەلبدێری، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو قیادة فرقة).

**فەرماندەیی هێزی دەریاوانی (قیادة القوة البحرية )**

فەرماندەیی هێزی دەریاوانی لە ڕاستیدا دەبێت لەژێر دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا بێت، بەڵام لەپێناوی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ئەرکان خرایە سەر وەزارەتی بەرگری.
هێزی دەریاوانی ئێراقی جاری یەکەم لە ڕێکەوتی (12.8.1937)دا دامەزراوە، دوای ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (11.11.2003)دا هێزێکی بچووکی دەریاوانی بەناوی هێزی بەرگری کەنارەکان (قوة الدفاع الساحلي) دامەزرایەوە کە پاشان لە مانگی یەکی ساڵی (2005)دا دوای فراوانکردنی هێزەکە ناوی گۆڕا بۆ فەرماندەیی هێزی دەریاوانی و بارەگای لە وەزارەتی بەرگری بۆ کرایەوە.
فەریق یەکەمی ڕوکن عەلی حوسێن عەلی ئەلڕوبەیعی، فەرماندەی هێزەکانی دەریاوانی (قائد القوات البحرية).
لیوا ڕوکنی ئەندازیاری دەریاوان مۆفەق نەجم عەبدوڵڵا، جێگری فەرماندەی هێزی دەریاوانی.
لیوا ڕوکنی دەریاوان عادل حەسون حافز، سەرۆکی ئەرکانی فەرماندەیی هێزی دەریاوانی.
عەمید ئەندازیاری دەریاوانی کەریم سالم هاشم، سەرۆکی ئەکادیمیای کەنداوی عەرەبی بۆ خوێندنی دەریاوانی.
عەمید ڕوکنی دەریاوان قاسم شاهین برێسم، ڕاگری کۆلێژی دەریاوانی (عميد الكلية البحرية).
عەمید ئەندازیاری دەریاوانی عەلی ماهود، بەڕێوەبەری بنکەی پیشەیی (مدير المركز المهني).
عەمید ڕوکنی دەریاوان ئەحمەد جاسم مەعارج، لە فەرماندەیی هێزی دەریاوانی.
عەمید ڕوکنی دەریاوان عەبدولواحێد کامل سائب، فەرماندەی بنکەی ئۆم قەسر-ی دەریاوانی لە بەسرا. پێشتر عەمیدی دەریاوان عادل عەبد جەلاب، فەرماندەی بنکەی ئوم قەسر-ی دەریاوانی (قائد قاعدة أم قصر البحرية) بووە.
عەمید ڕوکنی دەریاوان عەبدولواحێد کازم سەهر، ئەفسەری ڕوکن لە بنکەی ئۆم قەسر-ی دەریاوانی بووە لە بەسرا.
موقەدەمی دەریاوان ئەمجەد سامی، فەرماندەی خوێندنگەی دەریاوانی لە بنکەی ئوم قەسری دەریاوانی (آمر المدرسة البحرية في قاعدة أم قصر البحرية).
عەمیدی دەریاوان عەباس کازم سوادی، فەرماندەی کەتیبەی پەیوەندییەکان لە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی (آمر كتيبة ألإتصالات في قيادة القوة البحرية). کەتیبەی پەیوەندییەکان، لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (2012) دامەزراوە.

عەقید پیادەی دەریاوانی ڕەعد فلفل بەتی، فەرماندەی فەوجی بەرگری و ئەرکەکان لە بنکەی ئوم قەسر-ی دەریاوانی (آمر الفوج الدفاع والواجبات في قاعدة أم قصر البحرية).
ڕائید ڕوکنی دەریاوان غەسان عەبدولحڕ، یارمەتیدەری فەرماندەی کەتیبەی بەلەمە تیژڕەوەکان (معاون آمر كتيبة زوارق الصولة السريعة).
نەقیب حەسان سەلمان عەبد، فەرماندەی بەلەمی ژمارە (307) لە بنکەی ئوم قەسر.
نەقیب حسام عەبدولحەمید، یارمەتیدەری فەرماندەی بەلەمی ژمارە (307) لە بنکە ئوم قەسر.
ملازمی یەکەمی مافپەروەر عەبدولڕەزا جەواد کازم، یارمەتیدەری ڕاوێژکاری یاسایی لیوای پیادەی دەریاوانی.

**زانکۆی بەرگری بۆ تۆژینەوە سەربازییەکان (جامعة الدفاع للدراسات العسكرية)**

زانکۆی بەرگری تۆژینەوە سەربازییەکان سەرەتا لە ڕێکەوتی (16.3.2006)دا لەژێر ناوی زانکۆی بەرگری دامەزراو لە ڕێکەوتی (1.11.2006)دا بە فەرمی کرایەوە. پاش ماوەیەک ناوەکەی گۆڕدرا بۆ زانکۆی بەرگری نیشتمانیی و دواتریش لە ڕێکەوتی (4.10.2010)دا بۆ جاری دووەم ناوەکەی گۆڕدرا بۆ زانکۆی بەرگری بۆ تۆژینەوە سەربازییەکان. ئەو زانکۆیە هەر درێژکراوەی زانکۆی بەکر بۆ تۆژینەوە سەربازییە باڵاکان (جامعة البكر للدراسات العسكرية العليا)یە، کە ئەوەی دواییان لە ساڵی (1973) لەلایەن ڕژێمی بەعس-ەوە بۆ خوێندنی باڵای سەربازی دامەزرابوو.
فەریق ڕوکن جاسم سەلیم حوسێن، سەرۆکی زانکۆی بەرگری بۆ تۆژینەوە سەربازییەکان. پێشتر یارمەتیدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ مەشقکردن بووە.
لیوا ڕوکن زیاد طارق مەحمود (شیعە)، ڕاگری کۆلێژی جەنگ (عميد كلية الحرب)، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام-دا بەعسی بووە بە پلەی (عضو الفرقة). کۆلێژی جەنگ، کاتی خۆی لە سەردەمی حوکمی بەعس-دا لە ساڵی (1976) وەکو بەشێکی سەر بە زانکۆی بەکر بۆ خوێندنی باڵای سەربازی دامەزرا، بەڵام دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ساڵی (2009) بۆ جاری دووەم وەکو کۆلێژێکی سەر بە زانکۆی بەرگری بۆ تۆژینەوە سەربازییەکان دامەزرایەوە.
دەستەی وانەبێژی لە کۆلێژی جەنگ (هيئة التدريسية في كلية الحرب) ئەمانەن:

1. لیوا ڕوکن عەبدولئەمیر عەبدولزەهرە عەبدوڵڵا.
2. عەمید ڕوکن جەبار نعێمە ئەلتائی.
3. عەمید ڕوکن عەباس عەبدولحوسێن یەسر.
4. عەمید ڕوکن ئەیاد خەزعەل عەبود.
5. عەمید ڕوکن عەلاء حوسێن خەلیل.
6. عەمید ڕوکن محەمەد حافز عەبدولڕەزاق.
7. عەمید ڕوکن ناسر کەریم چیاد.
8. عەمید ڕوکن سائب حەتاب مساهر.
9. عەمید ڕوکن عیماد حەسەن محەمەد.
10. عەمید ڕوکن محەمەد زیاد محەمەد ڕەشاد.
11. عەمید ڕوکنی فڕۆکەوان عەزیز عەبدوڵڵا عیسا ڕومان.

لیوا ڕوکن عەلی ئەلفەرەج، ڕاگری کۆلێژی بەرگری نیشتمانیی (عميد كلية الدفاع الجوي).
لیوا ڕوکن محەمەد سامر جەوهەر (شیعە)، ڕاگری کۆلێژی فەرماندەیی و ئەرکانی هاوبەش (عميد كلية القيادة و ألأركان المشتركة)، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام-دا بەعسی بووە بە پلەی (عضو الفرقة).
لیوا ڕوکن سەبیح بەهلول ئەلعانی، فەرماندەی کۆلێژی سەربازی یەکەم (آمر الكلية العسكرية ألاولى).

لیوا ڕوکن کەریم ماهر جەبر ئەلشوێلی (شیعە)، ڕاگری کۆلێژی سەربازی چوارەم لە ناسریە (عميد الكلية العسكرية الرابعة في الناصرية)، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام، پلەی -عضو الفرقة-ی لە حزبی بەعس هەبووە. عەمید ڕوکن کەریم ماهر، سەرەتا ڕاگری کۆلێژی سەربازی ڕۆستەمیە بوو دواتر گواسترایەوە بۆ ناسریە.

لیوا ڕوکن مەجید حەسەن زکات ئەلڕوبەیعی (شیعە کە ئاییزای خۆی لە سونەوە گۆڕی)، فەرماندەی کۆلێژی سەربازی (قائد الكلية العسكرية)، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).

لیوا ڕوکن باقر عوسمان، لە زانکۆی بەرگری نیشتمانیی کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).

موقەدەم حوسێن سەلمان مەتەر، فەرماندەی پۆلی یەکەمی مەشقپێکردنی خوێندکاران لە کۆلێژی سەربازی چوارەم (آمر فوج ألأول لتدريب الطلاب في كلية العسكرية الرابعة).

ڕائید مەهدی شەعلان خزر، یارمەتیدەری فەرماندەی پۆلی یەکەمی مەشقپێکردنی خوێندکاران لە کۆلێژی سەربازی چوارەم.

ڕائید ڕەبیع تورکی عەلی، ئەفسەری ڕاگەیاندن لە کۆلێژی سەربازی چوارەم.

عەمید ڕوکنی فڕۆکەوان نورەدین، ڕازگری نهێنی کۆلێژی بەرگری نیشتمانیی (أمين سر كلية الدفاع الوطني).

عەمید ڕوکن ئیسماعیل زەرب ئەلسودانی، ڕاگری پەیمانگای زمانەکان لە زانکۆی بەرگری بۆ توێژینەوە سەربازییەکان (عميد معهد اللغات في جامعة الدفاع للدراسات العسكرية).

عەمیدی ئەندازیار عەباس لەفتە ساجت، یارمەتیدەری ڕاگری پەیمانگای زمانەکان لە زانکۆی بەرگری بۆ توێژینەوە سەربازییەکان.

عەمید ڕوکنی فڕۆکەوان عەقیل مستەفا مەهدی، سەرۆکی بەشی ئەکادیمی لە کۆلێژی بەرگری نیشتمانیی.

عەمید ڕوکن محەمەد زیاد محەمەد ڕەشاد ئەلحەمامی، سەرۆکی بەشی خوێندنی ستراتیژی (رئيس قسم الدراسات ألإستراتيجية).

لیوا ڕوکن سالّح مەهدی، وانەبێژی پێشەنگ لە کۆلێژی بەرگری نیشتمانیی (مدرس أقدم في كلية الدفاع الوطني).

عەمید ڕوکن ئەمیر جەسام محەمەد، وانەبێژی پێشەنگ لە کۆلێژی بەرگری نیشتمانیی.

عەمیدی ئەندازیار ئەیاد جەبار عەلی، فەرماندەی بنکەی بەها و پرانسیپە سەربازییەکان (آمر مركز القيم وألمبادي العسكرية).

عەمیدی فڕۆکەوان جهاد شەهاب محەمەد، یارمەتیدەری فەرماندەی بنکەی بەها و پرانسیپە سەربازییەکان.

عەمید عەلی هادی وەهیب، فەرماندەی باڵی فەرماندەیی لە بنکەی بەها و پرانسیپە سەربازییەکان (آمر جناح القيادة في مركز القيم والمبادي العسكرية).

عەمید عەلی سەعید ڕەزا، فەرماندەی باڵی لێکۆڵینەوەو ساڵنامە لە بنکەی بەها و پرانسیپە سەربازییەکان (آمر جناح البحث والتقويم في مركز القيم والمبادي العسكرية).

عەقید بەسام حکمەت عەبد، فەرماندەی بەشی باڵی بەها و پرانسیپە سەربازییەکان.

### دەزگای هەواڵگری نیشتمانیی (جهاز المخابرات الوطني)

فەریق ڕوکن قاسم عەتا مزاعل فەرەج ئەلمەگسوسی (شیعە)، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری نیشتمانیی کە لە ڕێکەوتی (4.9.2012) دەست بەکار بووە. قاسم عەتا، پێشتر یارمەتیدەری سەرۆکی دەزگای هەواڵگری نیشتمانیی بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان بووە، هەروەها چەند ساڵێکیش وەکو وتەبێژی وەزارەتی بەرگری و فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەغدا بە پلەی لیوا ڕوکن کاری کردووە. قاسم عەتا ئەلمەگسوسی، لە سەردەمی بەعس گەیشتبووە پلەی عەقید ڕوکن و (عضو قيادة فرقة)ی حزبی بەعس و بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری (شعبة الحزب) بووە، سەدام چوار مامی بەتۆمەتی

ئەندامی حزبی دەعوە لە سێدارە داون، بەڵام لەبەرئەوەی قاسم عەتا بەعسییەکی عەیار (24) بووە بۆیە لە کاری سەربازی دەرنەکراوە.

فەریق ڕوکن زوهێر فازڵ عەباس ئەلغەرباوی (شیعە – ناسریە/1950)، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری نیشتمانیی (دوای محەمەد شەهوانی). نوری کامل مالیکی، لەدوای وازهێنانی محەمەد شەهوانی لە ڕۆژی (13.10.2009) بڕیاریدا فەریق زوهێر غەرباوی بکرێت بە بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری نیشتمانیی کە پێشتر جێگری سەرۆکی دەزگای هەواڵگری نیشتمانیی بوو، هەروەها لە سەردەمی ڕژێمی سەدام بەعسی بووە بە پلەی (عضو فرقة). فەریق زوهێر غەرباوی، تاوەکو ڕۆژی (4.9.2012) و دانانی فەریق قاسم عەتا وەکو سەرۆکی دەزگای هەواڵگری نوێ، ئەو سەرۆکی ئەو دەزگایە بووە.

فەریقی فڕۆکەوان محەمەد عەبدوللا محەمەد ئەلشەهوانی (سوننە – موسڵ/1938)، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری نیشتمانیی (مدير جهاز المخابرات الوطني)، کە لە ساڵی (2004) وەکو یەکەم سەرۆکی دەزگاکە دامەزرا. محەمەد شەهوانی، کۆنە فڕۆکەوانێکی ڕژێمی سەدام بووە، بەڵام لە ساڵی (1984)دا کە ڕاوێژکاری وەزیری بەرگری بووە بۆ کاروباری فڕۆکەوانی سوپا، بەبێ خواستی خۆی خانەنشین کراوە. ئەو لە ساڵی (1990)دا ئێراقی جێهێشتووەو پەیوەندی بە ئۆپۆزسیۆنەوە کردووە، بۆیە لە ڕێکەوتی (16.6.1996)دا سەدام حوسێن سێ کوڕی محەمەد شەهوانی بە ناوەکانی (ئەنمار، ئەسیر و ئەیاد) گرتن بەتۆمەتی ئەوەی باوکیان دەستی هەبووە لە پلانێک بۆ ڕوخانی ڕژێم و هەر سێکی لە سێدارە دان. محەمەد شەهوانی، لە کۆبوونەوەیەکدا لە ڕۆژی (19.8.2009) لەگەڵ دکتۆر نوری مالیکی بوو بە شەڕیان و هەمان ڕۆژ وازهێنانی خۆی دایە مالیکی و بەرەو عەممانی پایتەختی ئوردەن ڕۆیشت، بەمەش ئاواتی مالیکی هاتەجێ لە دوورخستنەوەی لەو دەزگایە، کە دوای کەمتر لە مانگێک کەسێکی شیعەی بەناوی زوهێر غەرباوی لە شوێنی ئەو دانا.

لیوا سەمیر حەداد (شیعە)، جێگری سەرۆک دەزگای هەواڵگری نیشتمانیی، کە پێشتر ڕازگری نهێنی دەزگاو بەڕێوەبەری گشتیی کارگێڕی و دارایی و (میم 99) بووە. سەمیر حەداد، ئەندامێکی بەرزی حزبی دەعوە و بەرپرسی ئاساییشی حزبی دەعوەیە.

لیوا ڕوکن ڕائد شاکر جەودەت ئەلتەمیمی (شیعە)، یارمەتیدەری سەرۆکی دەزگاو بەڕێوەبەری ئۆپراسیۆنەکان لە دەزگای هەواڵگری نیشتمانیی، کە دواتر کرا بە بەڕێوەبەری پۆلیسی کەربەلا و ئێستاکەش بەڕێوەبەری پۆلیسی (ناسریە)یە.

لیوای فڕۆکەوان محەمەد نەبیل ئەحمەد موسڵاوی (أبو صدام) دوای ڕوخانی ڕژێم (أبو حسام)، بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای هەواڵگری (2007–26.1.2010). فڕۆکەوان محەمەد نەبیل موسڵاوی، لە ڕێکەوتی (24.4.1974)دا بە پلەی نەقیب یەکێک بووە لەو فڕۆکەوانانەی کە بە سەرکردایەتی ڕائید سالم سوڵتان عەبدوللا بەسۆ، شاری (قەڵادزە)یان بۆردومان کردووەو (163) هاووڵاتیان شەهید و (350)ی دیکەیان بریندار کردووە. لیوا محەمەد نەبیل (سوننە)، بەر لە ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە حزبی بەعس پلەی (عضو فرقة في الوزيرية)ی هەبووە.

لیوا جەودەت ئەلقورەیشی (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی یاسایی دەزگای هەواڵگری نیشتمانی کە ڕۆژی (26.1.2010) هاتە شوێنەکەی لیوا محەمەد نەبیل ئەحمەد.

لیوا مازی عەباس موتعب ئەلحەسناوی (شیعە – حزبی دەعوە)، بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری گشتیی لە دەزگای هەواڵگری نیشتمانیی.

لیوا جەودەت کازم ئەلعوبێدی (شیعە – حلە)، بەڕێوەبەر لە دەزگار هەواڵگری نیشتمانیی.

جەبار ئەلموسەوی (شیعە – حزبی دەعوە)، بەڕێوەبەری گشتیی ئاساییشی دەزگای هەواڵگری نیشتمانیی کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (2011)دا بە بڕیارێکی نوری مالیکی عەلی بەرواری (کورد) ئەو پۆستەی لێ وەرگیرایەوە بەهۆی کوردبوونی و پۆستەکە درایە جەبار موسەوی.

عەلی ئەلموسەوی (شیعە – حزبی دەعوە)، بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆکی ئۆپراسیۆنە تایبەتییەکان.

مازن فاخر عليوی، بەڕێوەبەری بەشی پشکنین لە دەزگای هەواڵگری نیشتمانی (مدير قسم التحري في جهاز المخابرات الوطني).
نەوار تاهیر، سەرۆکی هۆبەی پشکنین (رئيس قسم التحري).
ئەحمەد عەلی مەجید، یارمەتیدەری سەرۆکی هۆبەی پشکنین.
موهەنەد نەبیل ئیسماعیل ئەلعانی، بەڕێوەبەری ئامێرەکان لە دەزگای هەواڵگری نیشتمانیی (مدير ألآليات في جهاز المخابرات الوطنية).

**بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی (مديرية ألإستخبارات العسكرية العامة)**

لیوا ڕوکن عەلاء سەلمان جاسم سەلمان ئەلعامری (شیعە)، بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی. لیوا عەلاء ئەلعامری، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة) و سەرۆکی ئەرکانی سوپای قودس-ی بەعس و سەدام بووە، هەروەها لە ساڵی (1988)دا لەکاتی شاڵاوەکانی ئەنفال بە پلەی عەمید ڕوکن بەرپرسی بەشێک (مسؤول قسم) بووە لە یەکێک لەو پێنج معاونییەی دەزگای هەواڵگری سەربازی گشتیی (مديرية ألإستخبارات العسكرية العامة). لیوا عەلاء عامری، ماوەیەک بەهۆی گەندەڵی دەستگیرکرا، دوای ئازادکردنی ڕایکرد.
لیوا حاتەم ئەلمەکسوسی (شیعە)، بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی.
لیوا محەمەد تەلال مەدحەت، جێگری بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی کە پێشتر لە سەردەمی ڕژێمی سەدام لە دەزگای هەواڵگری سەربازی گشتیی ئەفسەر بووە. پێشتر

**بەڕێوەبەرێتی گشتیی هەواڵگری و ئاسایش (مديرية ألعامة للإستخبارات وألأمن)**

فەریق جەمال سلێمان (کورد)، بەڕێوەبەری گشتیی هەواڵگری و ئاسایش. فەریق جەمال سلێمان تەنیا لەبەرئەوەی کە کورد بوو لە ڕێکەوتی (21.10.2009)، لەلایەن مالیکی لادراو ماوەیەک خۆی بەڕێوەبەرێتیی ئەو دەزگایەی گرتە دەست. نوری مالیکی، لە کۆتایی ساڵی (2009)دا هەڵمەتێکی دەرکردن و لادانی فەرماندە و سەرکردە سەربازی و ئەمنییەکانی گرتە بەر کە زۆربەی چاودێران پێیان وابوو هەر کەسێک دڵسۆزی ئەو نەبووایە بە تۆمەتی گەندەڵی یان بێ توانایی لایداون و کەسانی سەر بە حزبەکەی خۆی یان نزیک و دڵسۆز بەخۆی لە شوێنیان دانا.
لیوا حازم بەخیت تایە عجە ئەلجحیفری (شیعە)، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی هەواڵگری و ئاسایش و ڕازگری نهێنی بەڕێوەبەرێتی گشتیی هەواڵگری و ئاسایش، پێشتر بەڕێوەبەری گشتیی بە بریکاری (مدير عام ألإستخبارات وكالة)، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة الحمزة – بابل).

**دەزگای نەهێشتنی تیرۆر (جهاز مكافحة ألإرهاب)**

دەزگای نەهێشتنی تیرۆر لە ساڵی (2007)دا بە پشتیوانی نوری کامل مالیکی سەرۆک وەزیران بەشێوەیەکی نادەستووری دامەزرا. ژمارەی ئەفسەر و سەربازانی ئەو دەزگایە بە نزیکەی (6) هەزار ئەفسەر و سەرباز دادەنرێت کە نزیک بە تەواویان سەر بە ئایینزای شیعەن و ساڵانە بڕی (500) ملیۆن دیناری وەکو بودجە بۆ تەرخان کراوە. هەروەها فەرماندەیی هێزەکانی ئۆپراسیۆنی تایبەت (قيادة قوات العمليات الخاصة) یان هێزە تایبەتییەکانی ئێراقی (القوات الخاصة العراقية) کە بەشێکە لە دەزگای نەهێشتنی تیرۆر، لە کۆتایی ئەو بەشەدا دێمەوە سەری.
فەریق ڕوکنی ئاسمانی تاڵب شغاتی مشاری زاری حەمەد ئەلکنانی ئەلمالیکی (شیعە)، سەرۆکی دەزگای نەهێشتنی تیرۆر. فەریق تاڵب شغاتی ئەلمالیکی، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو قيادة

شعبة)ی ڕێکخستنەکانی حزبی بەعس لە بەرگری ئاسمانی، هەروەها ئەو پۆستانەی هەبووە: بەڕێوەبەری هۆبەی جولەکان لە بەڕێوەبەرێتی جولەکانی بەرگری ئاسمانی (مدير شعبة الحركات في مديرية حركات الدفاع الجوي)، ئەفسەری ڕوکنی فەرماندەی بەرگری ئاسمانی بۆ مەشقکردن (ضابط ركن قائد الدفاع الجوي للتدريب)، ئەفسەری ڕوکنی فەرماندەی بەرگری ئاسمانی بۆ جولانەوەکان و لەکاتی ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا بە پلەی لیوا ڕوکن فەرماندەی کۆلێژی بەرگری ئاسمانی (آمر كلية الدفاع الجوي) بووە. فەریق تالّب، لەبەرئەوەی شیعە و ژنەکەی خوشکی ژنی یەکێک لە براکانی دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری-یە بۆیە ئیبراهیم جەعفەری بەبێ گوێدان بە ڕابردووەکەی ئەو پۆستەی پێدا. ناوبراو خانووەکیشی لە هەولێر کڕیوە.
فەریق ڕوکن عەبدولغەنی عجیل ئەلئەسەدی (شیعە)، یارمەتیدەری سەرۆکی دەزگای نەهێشتنی تیرۆر و فەرماندەی هێزە تایبەتییەکانی دەزگای نەهێشتنی تیرۆر (معاون رئيس جهاز مكافحة ألإرهاب و قائد القوات الخاصة في جهاز مكافحة ألإرهاب). عەبدولغەنی ئەسەدی، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو شعبة) و فەرماندەی تیپی سوپای قودسی-ی سەدامی بووە.
فەریق ڕوکن وەجیە عەبدوللا حەمید نەجەفی (شیعە - حزبی دەعوە)، ئەفسەری فەرماندە لە دەزگای نەهێشتنی تیرۆر و پێشتر بۆ ماوەیەک فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی کەرخ بووە لە بەغدا. فەریق وەجیە، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو شعبة) و بەڕێوەبەری پڕکردن و سەرژمێری (مدير التعبئة و ألإحصاء) و هەروەها بەڕێوەبەری فەرمانگەی شەڕکەران (مدير دائرة المحاربين) بووە.
لیوا زیاء حوسێن ساهی ئەلکنانی (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەرێتیی لێکۆڵینەوەی تاوانەکان لە وەزارەتی ناوخۆ (المدير العام لمديرية التحقيقات الجنائية في وزارة الداخلية).
لیوا ڕوکن مەناف ئەلتەمیمی (شیعە)، ئەفسەر لە دەزگای نەهێشتنی تیرۆر. لیوا مەناف، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة) و ڕاگری کۆلێژی فەرماندەیی (عميد كلية القيادة) بووە.
لیوا ڕوکن عەلی مەحمود ئەلفەرەج (شیعە)، ئەفسەر لە دەزگای نەهێشتنی تیرۆر، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة) و فەرماندەی تیپی (34)ی سوپای سەدام.
فەرماندەیی هێزەکانی ئۆپراسیۆنی تایبەت یان هێزە تایبەتییەکان، لە ڕێکەوتی (17.11.2003) لەسەر دەستی لیوا فازڵ جەمیل بەرواری (کورد – پارتی دیموکراتی کوردستان) لە سەربازگەی جەرەف (معسكر الجرف) بەناوی فەرجی بەغدا دامەزراوە، کە دواتر کرا بە کەتیبەی (36)ی کۆماندۆ (المغاوير). هێزێکی دیکەی ئەو فەرماندەییە لە ڕێکەوتی (14.12.2003) لەژێر ناوی لیوای ئۆپراسیۆنە تایبەتییەکان (لواء العمليات الخاصة) دامەزرا، کە دواتر لە ڕێکەوتی (9.5.2005) ناوەکەی بۆ هێزەکانی بازی دوو ڕووبار (قوات صقر الرافدين) گۆڕدرا. هەروەها لە ڕێکەوتی (7.5.2005) ناوی لیوای ئۆپراسیۆنە تایبەتییەکان بۆ فەرماندەیی ئۆپراسۆنە تایبەتییەکان (قيادة العمليات الخاصة) گۆڕدرا. لە مانگی یازدەی ساڵی (2005) هێزێکی ئەو فەرماندەییە کە لە ئوردەن، ئەمریکاو ئوستراليا مەشقیان کردبوو گەڕانەوە، دوو بەتالیۆنی نوێیان لێ دروستکردن کە یەکێکیان شەڕکەر و ئەوەی دیکەیان پاڵپشتی، وە لە ڕێکەوتی (22.12.2005)دا کەتیبەی (36)ی کۆماندۆ بووە چووە ناو هێزەکانی ئۆپراسیۆنی تایبەت و ناوی نەما.
فەرماندەیی ئۆپراسیۆنە تایبەتییەکان، هەم دەزگایەکی سەربەخۆو هەم بەهێزترین یەکەی سوپای ئێراق بوو هەروەها فەرماندەکەشی کورد بوو، کە نوری مالیکی و شیعەکان بە مەترسیان دەزانی بۆ سەر دواڕۆژی بەرنامە و پڕۆژەی ئایندەی خۆیان، بۆیە لە ڕێکەوتی (7.2.2007) بە بڕیارێکی دیوانی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکان لە وەزارەتی بەرگری جیاکرایەوەو خرایە ژێر فەرماندەیی دەزگای نەهێشتنی تیرۆر کە نزیکەی تەواوی ئەو دەزگایە شیعەن. وەکو هەنگاوی دووەمیش ناوەکەیان بۆ فەرماندەیی ئۆپراسیۆنە تایبەتییەکانی یەکەم (قيادة العمليات الخاصة ألأولى) گۆڕی و بچووک کرایەوە.
لە ساڵی (2008) دوو لیوای سەر بەو فەرماندەییە لەگەڵ چەند یەکەیەکی دیکەی ئێراقی لێکدران و (3) تیپی سوسەکردن (أستطلاع)، پشتیوانی (الدعم) و شەڕکەر (القتال)ی بۆ نەهێشتنی تیرۆر لێ دروستکرا. تیپی یەکەمی

ئۆپراسیۆنە تایبەتییەکان لە بەغدا دروست کرا کە لە دوو لیوا پێکدێت و دووبارە ناوی کەتیبەی (36)ی کۆماندۆی لێنرایەوە. کەتیبەی (36)ی کۆماندۆ، تیپی وەلامی خێرا، پۆلی تەواری و هێزەکانی دیلتا سەر بە تیپی ئالتونی (الفرقة الذهبیة)ن کە یەکێکە لە بەهێزترین تیپەکانی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنە تایبەتییەکان. هەروەها تیپی دووەم و تیپی پێنجەمی ئۆپراسیۆنە تایبەتییەکان و لیوای دووەمی پشتیوانی و مەشقکردن بەشێکی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنە تایبەتییەکانی سەر بە دەزگای نەهێشتنی تیرۆرن.

لیوا گورگ (لواء الذئب)، یەکەیەکی سەر بە فەرماندەیی ئۆپراسیۆنە تایبەتییەکان بووە. لیوا ڕوکن محەمەد حەسەن زێدان ئەلوەڕەیشی (شیعە)، فەرماندەی لیوای گورگ بووە لە موسڵ، کە ئێستاکە فەرماندەی هێزی پاسەوانی تەلەعفەر-ە دوای ئەوەی عەمید ڕوکن عەبدولڕەحمان حەنزەل (سوننە)یان لەوێ لادا. لیوا ڕوکن محەمەد حەسەن قورەیشی، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).

عەمید ڕوکن حوسێن ڕازی ئەلعەزاوی (شیعە)، فەرماندەی ئۆپراسیۆنە تایبەتییەکان.

لیوا ڕوکن نیزاڵ مەزهەر محەمەد عەبدوللا ئەلرکابی (شیعە)، لە فەرماندەیی ئۆپراسیۆنە تایبەتییەکان، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).

لیوا ڕوکن ڕەشید فلەیح محەمەد زاهیر ئەلحلفی (شیعە)، فەرماندەی لیوای گورگ لە ساڵانی (2004-2005)، کە پێشتر لە ساڵی (1991)دا بەڕێوەبەری ئەمنی ناسریە (زیقار) بووەو دواتریش لە ساڵی (1994)دا بەڕێوەبەری ئەمنی تەواری سەر بە بەڕێوەبەرێتیی ئەمنی گشتیی بووە و ئێستاکەش فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی سامەڕایە کە سەر بە فەرماندەیی تیپی پیادەی چوارەمە.

### قيادة قوات الشرطة ألإتحادية (فەرماندەیی هێزەکانی پۆلیسی فیدڕاڵی)

دوو هێزی جیای پۆلیس لە ساڵی (2004)دا یەکەمیان بەناوی هێزەکانی کۆماندی ناوخۆ (مغاوير الداخلية) کە سەر بە نووسینگەی ڕاوێژکاری ئەمنی وەزیری ناوخۆ و دووەمیش هێزەکانی پاراستنی ڕژێم (قوات حفظ النظام)ی سەر بە بەڕێوەبەرێتیی ئۆپراسیۆنەکان دامەزرا، کە بوونە هەوێنی پێکهێنانی فەرماندەیی هێزەکانی پۆلیسی فیدڕاڵی. ئەوکاتە لیوا ڕوکن مەهدی سەبیح هاشم ئەلغەڕاوی (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پاراستنی ڕژێم بووە، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضا فرقة). دواتر لە ساڵی (2006)دا ئەو دوو هێزە لە یەک فەرماندەییدا کۆکرانەوە بەناوی فەرماندەیی هێزە تایبەتییەکان (قيادة القوات الخاصة)، پاشانیش جارێکی دیکە ناوەکەی گۆڕدرا بۆ فەرماندەیی پۆلیسی نیشتمانیی (قيادة الشرطة الوطنية). لە ڕێکەوتی (30.4.2009)دا بەگوێرەی بڕیارێکی وەزیری ناوخۆ ناوەکەی گۆڕدراوە بۆ فەرماندەیی هێزەکانی پۆلیسی فیدڕاڵی.

فەریق ڕوکن موحسین عەبدولحەسەن لازم ئەلکەعبی (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی فیدڕاڵی کە لە ڕۆژی (1.11.2012) لەگەڵ فەریق ڕوکن حوسێن ئەلعەوادی جێگۆڕکێیان پێکرا و ناوبراو پێشتر فەرماندەی هێزەکانی پاسەوانی سنوور بوو. فەریق ڕوکن حوسێن جاسم محەمەد ئەلعەوادی (شیعە - المجلس ألأعلى)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی فیدڕاڵی، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة) و فەرماندەی دەستەی کیمیاوی بووە لە فەیلەقی چوار لە عیمارە. پێشتر فەریق ڕوکن موحسین عەبدولحەسەن لازم ئەلکەعبی (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی فیدڕاڵی بووە. فەریق موحسین ئەلکەعبی، پێشتر فەرماندەی هێزەکانی پاسەوانی سنوور (قائد قوات حرس الحدود) بووە، هەروەها کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة) و (عضو شعبة) و ڕاوێژکاری ئەندامی فەرماندەیی هەرێمایەتی بەغدا – کەرخ بووە.

پێشتریش فەریق عەدنان سابت ماهر ئەلکەنعانی (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی فیدڕاڵی بووە.

لیوا ڕوکن کەریم عەلی جەبر خەزرەجی (شیعە)، جێگری فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی نیشتمانیی لە ساڵی (2009-2010).

لیوا ڕوکن عەدنان عوفان عەلی ئەلکنانی (شیعە)، سەرۆکی ئەرکانی هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی.
لیوا ڕوکن عماد عەلی فارس ئەلعقابی (شیعە)، فەرماندەی تیپی یەکەمی پۆلیسی فیدراڵی لە بەغدا. پێشتر لیوا ڕوکن عەلی ئیبراهیم دەبعون ئەلمەکسوسی (شیعە)، فەرماندەی ئەو تیپە بووە. پێشتریش لیوا ڕوکن ئەحمەد ئەلعەباوی (شیعە)، فەرماندەی تیپی یەکەمی پۆلیسی فیدراڵی بەغدا بووە، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).
لیوا ڕوکن شاکر لەفتە عەبدولڕەزا ئەلئەسەدی (شیعە)، فەرماندەی تیپی دووەمی پۆلیسی فیدراڵی.
لیوا ڕوکن مەهدی سەبیح هاشم ئەلغەڕاوی (شیعە)، فەرماندەی تیپی سێیەمی پۆلیسی فیدراڵی کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضا فرقة). لیوا مەهدی ئەلغەراوی، لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ساڵی (2011) بە بڕیارێکی نوری مالیکی کرا بە فەرماندەی تیپی سێیەمی پۆلیسی فیدراڵی لە شاری موسڵ و لە ڕێکەوتی (21.4.2011) دەست بەکاربوو، بەڵام لە ڕۆژی (24.4.2011) ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ دامەزراندنی لیوا مەهدی ئەلغەڕاوی ڕەتکردەوە، کەچی نوری مالیکی گوێی پێنەدان. پێشتر لیوا ڕوکن ئەحمەد حەسەن عەتیە عەوز ئەلجبوری (سوننە)، فەرماندەی تیپی سێیەمی پۆلیسی فیدراڵی موسڵ کە پێشتر فەرماندەی ئەکادیمیای پۆلیسی نەینەوا بووە، بەڵام بەهۆی نەخۆشییەوە ڕۆژێک کەوتە نەخۆشخانەو بەیانییەکەی دەرچوو کەچی مالیکی ئەو دەرفەتەی قۆزتەوەو مەهدی ئەلغەڕاوی شیعەی لە شوێنی ئەو دامەزراند. لیوا ئەحمەد جبوری، لە ڕێکەوتی (15.12.2009) بە فەرماندەی تیپی ناوبراو دامەزرابوو، کەچی لە ڕێکەوتی (20.4.2011) لادرا. پێشتر لیوا ڕوکن محەمەد سەبری لەتیف ئەلسڕی (شیعە)، فەرماندەی تیپی سێیەمی پۆلیسی فیدراڵی بووە.
لیوا ڕوکن بەهاء نوری یاسین (شیعە)، فەرماندەی تیپی چوارەمی پۆلیسی فیدراڵی.
لیوا حوسێن عەبد عەلی عەبدوڵلا (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی لە فەرماندەیی هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی (مدير عام في قيادة القوات الشرطة ألإتحادية).
لیوا ڕوکن عەبدولحوسێن فنجان توعمە ئەلساعدی (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی بەغدا کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة). لیوا ڕوکن عەلی عەدنان یونس قەتامی ئەلعەبودی (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی بەغدا. لیوا حوسێن عەبدوڵلا عەباس ئەلسەماوی (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی بەغدا کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).
لیوا عەبدولکازم (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی بەغدا کەرخ کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو شعبة).
لیوا تاهیر بەکر مەحمود خۆشناو (کورد)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی کەرکوک.
لیوا ئەحمەد حەسەن عەلی ئەلجبوری (سوننە)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی نەینەوا کە لە مانگی مایسی ساڵی (2011) دامەزراوەو تا ئێستاکەش بەردەوامە. پێشتر عەمید ساڵح حەسەن ئەلجبوری (سوننە)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی موسڵ بووە کە لە ڕێکەوتی (24.1.2008) لە ناوچەی نزجیلی خۆرئاوای شاری موسڵ کوژرا. پێشتریش لیوا واسق محەمەد عەبدولقادر ئەلحەمدانی، فەرماندەی پۆلیسی موسڵ بووە.
لیوا عەبدولحوسێن عەلی داموک ئەلشەمەری (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی دیالە کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).
لیوا ڕوکن تارق ئەلعەسەل، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی ئەنبار. پێشتر عەمید هادی رزیج کەسار حنشل ئەلدلێمی (سوننە)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی ئەنبار. پێشتر لیوا ڕوکن بەهاء حوسێن عەبد حوسێن ئەلکەرخی، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی ئەنبار بووە لە ساڵی (2010)، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).
لیوا ڕوکن فەیسەڵ کازم ئەلعەبادی (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی بەسرا. پێشتر لیوا حەسەن عەلی مالی حەسەن ئەلعوبێدی (شیعەی تورکمان)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی بەسرا.

لیوا ڕوکن عەلی ئەلغرێری، فەرماندەی پۆلیسی کەربەلا کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة). لیوا ڕوکن ئەحمەد عەلی زوینی محەمەد ئەلدلێمی (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی کەربەلا، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).

عەمید عەبدولجەلیل ئەلئەسەدی، لەدوای لادانی عەمید ماجد زوهەیری لە ڕێکەوتی (7.7.2012) پۆستی نوێی وەکو فەرماندەی پۆلیسی هێزەکانی دیوانیە وەرگرت. عەمید ماجد فازڵ یاس جاسم ئەلزهێری (شیعە)، فەرماندەی پۆلیسی دیوانیە کە لە ڕێکەوتی (5.7.2012)دا دوای تەقینەوەیەک لە شارەکەدا لادرا. لیوا ڕوکن سەباح سەعید موحسین عەلوان ئەلفەتلاوی (شیعە)، فەرماندەی پۆلیسی دیوانیە کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).

لیوا ڕوکن غانم عەباس ئەلقورەیشی (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی تکریت کە ڕۆژی (28.9.2012) واتە ڕۆژێک دوای هەڵاتنی (116) زیندانییەکە، وەکو فەرماندەی نوێی هێزەکانی پۆلیسی تکریت دەست بەکار بوو. غانم قورەیشی، پێشتر فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی دیالە و ئەفسەری وەزارەتی ناوخۆ بووە، هەروەها لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة و عضو شعبة مشارك) و فەرماندەی فرقەی (34)ی سوپای سەدام بووە. لیوا ڕوکن کەریم عەلی جەبر خەزرەجی (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی تکریت کە لە ڕێکەوتی (20.1.2011) لەوێ دەست بەکار بووە، پێشتر فەرماندەی تیپی پۆلیسی نیشتمانیی (قائد فرقة شرطة وطنية) و جێگری فەرماندەی پۆلیسی نیشتمانیی بووە. لیوا کەریم خەزرەجی، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة)، بەڵام ئەو لە ڕێکەوتی (27.9.2012)دا بە بڕیاری نوری مالیکی لادرا دوای ئەوەی زیندانییە تیرۆریستەکان زیندانیان شکاندو (116) زیندانی هەڵاتن و تەواوی دۆسێکانی خۆیان سوتاند. پێشتر لیوا ڕوکن حەمەد نامس یاسین، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی تکریت کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة) و لە ڕێکەوتی (18.1.2011) لەلایەن نوری مالیکی لادرا. لیوا ڕوکن عەدنان عەبدولکەریم ئەحمە عەیادە، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی تکریت کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).

عەمید کەنعان حەمدی محەمەد قاسم، ئەفسەر لە فەرماندەیی هێزەکانی پۆلیسی تکریت کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).

لیوا ڕوکن حوسێن عەبدولهادی محەمەد مجاور ئالمەحبوبە (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی واسط. پێشتر لیوا ڕوکن عەبدولحەنین ئەلئەمارە (شیعە)، بەڕێوەبەری هێزەکانی پۆلیسی واسط بووە کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة). پێشتریش لیوا ڕوکن حەسەن موتڵەگ عەبدوڵڵا فەرحان ئەلجبوری (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی واسط بووە.

لیوا فازڵ ڕەداد کازم عجیل ئەلسوڵتانی (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی بابل کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).

لیوا ڕوکن ئەبو ئەلهێل جحیل مەتەر ئەلجیاشی (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی موسەنا کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).

لیوا ڕوکن ئیسماعیل عەراڕ کازم حوسێن ئەلساعدی (شیعە)، بەڕێوەبەری هێزەکانی پۆلیسی میسان.

لیوا ڕوکن عەبدولکەریم مستەفا ئەلمیاحی ئەلعامری (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی نەجەف. پێشتر لیوا غالب ئەلجەزائیری (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی نەجەف بووە.

فەریق ڕوکن حوسێن جاسم محەمەد ئەلعەوادی (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پاسەوانی سنوور (قائد قوات حرس الحدود)، کە لە ڕۆژی (1.11.2012) لەگەڵ فەریق موحسین ئەلکەعبی جێگۆڕکێیان پێکرا. فەریق ڕوکن موحسین عەبدولحەسەن لازم ئەلکەعبی (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پاسەوانی سنوور.

عەمید ڕوکن جاسم ئەلدلێمی، جێگری فەرماندەی هێزەکانی پاسەوانی سنوور. پێشتر لیوا ڕوکن جومعە عناد سەعدون (سوننە)، جێگری فەرماندەی هێزەکانی پاسەوانی سنوور بووە، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).
لیوا ڕوکن حامد عەبدوڵڵا ئیبراهیم ئەلحەسەنی (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی نەوت (مدير عام شرطة النفط).
لیوا ڕوکن عەباس کازم ڕەحیم (شیعە)، فەرماندەی هێزەکانی پاسەوانی کارگەکان (قائد قوات حماية المنشآت)، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).
لیوا ڕوکن عەلی جاسم کازم ئەلعزاری (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی پاسەوانی کەسایەتییەکان (مدير عام حماية الشخصيات).
لیوا ڕوکن کەریم عەبد سەید ئەلسودانی (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی ناسنامە و پسولەی چەک هەڵگرتن (مدير عام الهويات و إجازات السلاح).
لیوا ڕوکن نزار عەبدوڵڵا نەجم (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی نەهێشتنی تەقینەوەکان (مدير عام مكافحة متفجرات).
لیوا ڕوکن عەلی هاشم بدای ئەلساعدی (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی دەروازە سنووریەکان (مدير عام المنافذ الحدودية).
لیوای دکتۆر جاسم حەسەن عەتیە سوێبت ئەلکەعبی (شیعە)، سەرۆکی دەستەی مەشق و پێگەیاندن (رئيس هيئة التدريب و التأهيل)، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).
عەمید سەباح حوشی حەمەد ئەلسودانی (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی بنکەی پێگەیاندنی پۆلیس (مدير عام مركز تأهيل الشرطة).
لیوا ڕوکن عادل دەحام فەهد حەمادی ئەلعامری (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی ئۆپراسیۆنەکان (مدير عام العمليات)، کە پێشتر فەرماندەی پۆلیسی بەسرا بووەو لە سەردەمی ڕژێمی سەدام-یش ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).
لیوا مونعم سەعید عەبدولقادر (شیعەی تورکمان)، بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی بەڵگەی تاوانەکان (مدير عام شرطة ألأدلة الجنائية).
لیوا لوئەی موحسین عوەید ئەلکەعبی (شیعە)، سەرۆکی دەستەی پشکنین لە هێزەکانی ئەمنی ناوخۆ (رئيس هيئة التفتيش في قوى ألأمن الداخلي).
لیوا عەبدولکەریم عەبدولحەسەن ئەلسودانی (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی لە دەستەی پشکنین.
لیوای دکتۆر عەبدولکازم جاسم جەودە ئەلواستی (شیعە)، سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەی هێزەکانی ئەمنی ناوخۆ (رئيس محكمة التمييز لقوى ألأمن الداخلي).
لیوا ڕوکن عەلی عەبدولحوسێن سادق جەعفەر (شیعە)، سەرۆکی دادگای هێزەکانی ئەمنی ناوخۆ (رئيس محكمة قوى ألأمن الداخلي)، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).
لیوا سەعدون جەبار عەبود ئەلساعدی (شیعە)، سەرۆکی دادگای پۆلیسی فیدراڵی (رئيس محكمة الشرطة ألإتحادية).
لیوا ڕیاز عەبدولباقی سەلمان ئەلشەمەری (شیعە)، ڕاگری کۆلێژی پۆلیس (عميد كلية الشرطة).
لیوا جاسم تاهیر جەلاب ئەلبەهادلی (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی پەیمانگای باڵای پێشکەوتنی ئەمنی و سەربازی (مدير عام المعهد العالي للتطوير ألأمني و العسكري).
لیوا ئەحمەد تەها هاش ئەبو ڕەغیف (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ناوخۆ و ئەمن (مدير عام الشؤون الداخلية و ألأمن).
لیوا ڕوکن عەبدولکەریم خەڵەف (شیعە – حزبی دەعوە)، بەڕێوەبەری ئۆپراسیۆنەکانی وەزارەتی ناوخۆ (مدير عمليات وزارة الداخلية)، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).

لیوا یاسین تاهیر حەسەن ئەلیاسری (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی گەشت و ڕەگەزنامە (مدیر عام السفر والجنسیة)، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة). پێشتر لیوا ڕوکن عەدنان قاسم هاشم عەباس ئەلموسەوی (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی گەشت و ڕەگەزنامە کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة). پێشتریش عەمید ئەیاد حەمدی محەمەد حەمید (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی ڕەگەزنامە بووە، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).

عەمید نەشئەت ئیبراهیم شەلال ئەلخەفاجی (شیعە)، بەێوەبەری گشتیی پاسەپۆرت (مدیر عام الجوازات).

لیوا لەتیف مەزهەر ئەلمسلماوی (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی بەرگری شارستانی (مدیر عام الدفاع المدني). پێشتر لیوا عەبدولڕەسوڵ باسم محەمەد لەفتە (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی بەرگری شارستانی بووە کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).

عەمید سەعد عەبدولفەتاح کەسار فتەیح (شیعە)، لە بەڕێوەبەرێتیی بەرگری شارستانی کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).

عەمید محەمەد سەباح عەلی ئەلحمیری (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی کارەبا (مدیر عام شرطة الكهرباء).

لیوا عەبدولسەلام ئیبراهیم کتێعان ئەلفکەیکی (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی.

لیوا ڕوکن سەباح حەسەن ئەلشەلەبی (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی فریاکەوتن (مدیر عام شرطة النجدة). پێشتر لیوا عەلی هادی حوسێن سەلمان ئەلیاسری (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی فریاکەوتن بووە، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (عضو فرقة).

لیوا جەعفەر توعمە کازم ئەلخەفاجی (شیعە)، بەڕێوەبەری گشتیی هاتووچۆ (مدیر المرور العام).

تێبینی: (هۆکاری نووسینی بابەتی دامودەزگاکانی سوپای نوێی ئێراق (سوپای مالیکی و شیعە)، گەیاندنی زانیارییەکانە بە کورد، دامودەزگاکانی حکومەتی باشووری کوردستان، وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە و دڵسۆزانی کورد بۆ ئەوەی یەکە یەکە فەرماندە و یەکەکانی سوپای نوێی ئێراق بناسن، ئەگەر هاتوو ئەو سوپایە لە هەر شوێنێک تاوانێکی لەدژی کورد و کوردستانیان ئەنجام دا. تا ئێستاش زۆر جار باسی هەندێک لە فەرماندەی سوپا و دامودەزگاکانی دیکەی سەربازی، حکومی و حزبی دەکرێت وەکو بەشداربووی شاڵاوەکانی ئەنفال یان تاوانی (31.8.1996)ی (معركة آب المتوكل على الله)، بەڵام بەڵگە کەمن یاخود هەر نین. یان بەشێکی زۆری تۆمەتبارە بەشداربووەکان لە تاوانەکانی دژ بە کورد نەناسراون).

هەروەها داواکارم هەر کەسێک زانیاری هەیە لەسەر سوپا و فەرماندەکان یان ئەگەر هەڵەیەکم کردبێت و ئەوانەی زانیارییان هەیە هەڵەکانم بۆ ڕاستکەنەوە بەهۆی ئەو ئیمێیڵەم (darsim2006@hotmail.com) یان دۆزینەوەم لە فەیسبووک (http://www.facebook.com/DersimDibegeyi)، پەیوەندیم پێوە بکەن. هەرچەندە هێشتاکە تەواو نەبوویمە، بەڵام لەبەرئەوەی نزیکەی دوو مانگە خەریکی کۆکردنەوەی بەشێکی ئەو زانیارییانەم و لە ڕێکەوتی (4.11.2012)وە خەریکی نووسینم و پێویستیم بە پشوویەک هەیە، بۆیە جارێ لێرە دەوەستم و دواتر دێمەوە سەری.

بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی سەرۆک ئەرکانی سوپا بابەکر زێباری کە بۆ سەرۆک کۆمار جەلال تاڵەبانی ناردووە، کلیکی ئەو لینکە بکە:

https://skydrive.live.com/?cid=021128402B4BE852&id=21128402B4BE852%211383